


# لە داوێنی ئاربەبا

**ژمارە ٢٥**

**ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە**


**سەرنووسەر:** ک.د.ئازاد

**کاناڵی تێلگرامی :** @Le_Daweni_Arbebawe

**ساڵی سێهەم ـ پووشپەڕی ٢٧٢٢**




| نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| مەهاباد. دوکتۆر محەممەد ڕەحیمیان | نەتەوەیی ئایینی و ئایینی نەتەوەیی | ٢ |
| بۆکان.هادی حەبیبی | مەرگ | ٥ |
| بانە. غەفوور ساڵحی | هەستی پووکانەوە | ٦ |
| بۆکان .ئاسۆ ـ سەقز. مریەم یەتیمی | شێعر | ٨ |
| بانە ـ ک.د.ئازاد ـ بۆکان. محەممەد ئەمین قورەیشی | گرانەتای شاعیر بوون ـ کاریکاتۆر | ٩ |
| هەولێر. سەعدوللا نووری | شارەزاییەک دەربارەی دامەزراوەی (کامیلۆ خۆسە سێلا) و | ١٢ |
| بانە. ئامینەعزیزی"سرور" ـ بروجرد. زانا کوردستانی | شێعر | ١٣ |
| شنۆ.عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد ـ بانە. شەریف محەممەدی( ئایسان) | ناسنامەیەکی نوێ لەژیانی مارف ئاغایی ـ کورتە چیرۆک | ١٤ |
| بروجرد. زانا کوردستانی | ژیننامەی هونەری شاعیرەکان (دەریا هەڵەبجەیی) | ١٦ |
| بۆکان. ڕێ زان ـ سەقز. پشکۆ یاسینی ـ سەقز. فەریدەکاکی | شێعر | ١٧ |
| بانە. یادگارڕەحمانی | ستاتیکای مینیماڵیستی لە شێعرەکانی مامۆستا ک.د.ئازاد | ١٨ |
| بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی | ژینگە | ١٩ |
| ئیلام. رودوس فەیلی | چەن شێعر لە "رودوس فەیلی/، شاعر کورد فەیلی ئیلامی | ٢٠ |
| سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی | دواین نامەی جەنەراڵ | ٢١ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی ـ تاهیر بوغە. ژاکاو کەسنەزانی ـ مەریوان. ڕەعنا | شێعر | ٢٣ |
| ڕەحیم خان. نادر مستەفازادە | بووک گوێستەوەی مەلان | ٢٤ |
| هەولێر. موحیب مەهابادی ـ مەهاباد. سووتاو ـ دیواندرە. موحەممەدقەیسەریان | شێعر | ٢٥ |
| سەردەشت. سابیر بیێتووشی | نامە | ٢٦ |
| بۆکان. برایم جەمیانی ـ شنۆ. شارۆچکەی نەڵۆس. مەحموود ئاقازادە (نەڵۆسی) | شێعر | ٢٧ |
| دێولان . ح . ڕەنجبەر | کۆچ | ٢٨ |
| سلێمانی. ڕۆژ هەڵەبجەیی ـ بۆکان. هادی خودایی | شێعر | ٢٩ |
| سنە. ناهید نووربەخش | لاپەڕەکانی ژیان و... | ٣٠ |
| سنە. یەحیا سەمەدی | ناوچەی کەلهوڕ و کولتووریکی دێرین و ڕەسەن | ٣١ |
| ڕەبەت. خزر سوورە ـ ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە | شێعر | ٣٣ |
| بۆکان. هیدایەت ئازەری ـ ساحێب. دەریا ئازەرپوور ـ مەریوان. ڕەعنا ـ بانە.ئاڤان | شێعر | ٣٤ |
| سەردەشت. هێمن تەنیا | بریا مۆبایل باما | ٣٥ |
| سەقز:کامیل موحەممەد جانی ـ سەقز. لەتیف عەلەوی ـ مەهاباد. بێ خێش | شێعر | ٣٦ |
| لەیلاخ. مام خەیاڵ ـ مەریوان.مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە) ـ بانە. هەتاو | شێعر | ٣٧ |
| سنە.زەمان ـ پاوە .هەجێج عوسمان ڕەحیمی | شێعر | ٣٨ |
| سەردەشت. گزنگی خۆر ـ مەهاباد. جەعفەرمەعرووف(ژیار) ـ مەهاباد. شاهۆ موکریانی | شێعر | ٣٩ |
| مەریوان.مەرزییەخاکی | کورێک کەبەهۆی لەدەست دانی قاچەکانیەوە خۆشەویستەکەی لەدەست دا | ٤٠ |
| بانە. ئاروین ئەڵماسی(ئاگرین) | شێعر | ٤١ |
| سەردەشت. کەماڵ ئازەری (ڕاوێژکاری بنە ماڵە) | ئەو بێنا و ساختومانە بخەێنە بەر چاوی خۆمان | ٤٢ |
| پاوە.مۆبین ئەحمەدی "پوویا" | کورد حەسانەوەی ئیکسە | ٤٣ |
| سەقز. میکائیل حەسەنی ـ بانە. کەوسەر خوداپەرەست ـ مەریوان..کارۆک ـ شنۆ. ڕەنجەرۆ | شێعر | ٤٤ |
| شنۆ. عێرفان مەرزەنگ "ڕەشەبا"ـ هەولێر. بارۆنی خەیاڵ | شێعر | ٤٥ |
| مەهاباد. یۆسف شەریف زادە ـ سەردەشت .ئەوین ڕەحمانی | شێعر | ٤٦ |
| بانە ، بەیان خدری ـ بۆکان. عومەر محەممەدی "مەزهەر" | شێعر | ٤٧ |
| پیرانشار. هاوار لاجانی ـ دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی | شێعر | ٤٨ |
| **تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان** | | |
| بانە. باوکی نیشتمان ـ بۆکان.محەممەد ڕەسووڵنیا ـ سەعدەدین خوسرەوی ـ بۆکان ـ بانە. گەشین مەحموودزادە ـ ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی" | | ٤٩ـ٥٣ |

# نەتەوەیی ئایینی و ئایینی نەتەوەیی





لە خەزێنەی مامۆستا مەلا عەبدوڵلا ئەحمەدیان دا

تیکاب. دوکتۆر محەممەد ڕەحیمیان،
مامۆستای فەلسەفە ی هونەر و ڕەخنەگری ئەدەبی

لە مێژووی هزری کوردەواریدا، ئایینمەداری و نەتەوەپەروەری، وەک دوو بنەمای لێکدژ بناخەدارێژی ڕێکخستەی مەعریفەی کوردین کە بە وێنە ی دوو هێڵی هاوشان لە تان و پۆی تێرامان و تێفکرینی کوردیدا، هزرمەندانیان بە خۆوە خەریک کردووە.

بەردەبناخەی وشیاری کورد و خۆدە ربڕین وەک نەتەوە و جووڵە ی هزر و خدە ی کوردی لە پاوان بیرمەندیدا، سەدەیەک پاش داهێنانی چەمکی نەتەوەگەرێتی لە خۆراوا، دەستی پێکرد و نەتەوەپەروەری لە پاڵ بیرمەندی خێڵەکی و ئایینیدا خۆی قوت کردەوە و سەرنجی بیرمە ندانی ڕاکێشا . لە پێناو ئەم بیرۆکە یەدا بوو کە «ماکە نەتەوییە»کان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و رامیاریدا، دابەزینە ناو لایەنە بیرکارییە کان و ڕەنگی نەتەوە لە هوشیاریی کوردەواریدا لە جاران تۆختر بوو.

بەو هۆیەوە کە بیرمەندی و هزری کوردی بە پەتەوی لە خزمەت ئایینڤدا بووە و بیر و بۆچوون و مەعریفەی کوردی لە مزگەوتدا، بە شێوەیەکی ئایینناوەند، چەقی بەستبوو، دیارە هەر چەمکێکی تازە کە بزاییتە ناو گوتاری کوردە واری، لە مزگە وتەوە دەستی پێدەکرد و بە هزرێکی ئایینیەوە لێکئەدرایەوە.

ئایینمە داری بە هەموو پێویستە و لواوییە کانیە وە، گوتارێکی ئاسمانی و خاوە ن سە رچاوە یەکی وەحیانییە ؛ لە کاتێکدا کە نەتەوەپەروەری چەمکێکی زەوینی، خۆرئاوایی مۆدێرن و بەرهەمی هزری مرۆڤە . ئایین و نەتەوە وەک دوو چەمکی بە بنە ڕەت جیاواز، لە پاوان ڕاڤە و ڕای کوردەواریدا ڕسکان و لێدوان و لێکدانەوەی بابەتەکانیان خستە گەڕ. ئەم دوو چەمکە ڕەنگە وەک دوو توخمی فکری، لە جەوهەر و زاتی خۆیاندا، دژایەتییەکیان لە هەمبەر یەکدا نەبێت بەڵام بێگومان لە کاتی پۆلێنبەندی و لە رووی بیچم و شێواز و داڕشتندا، پێویستە و هۆ و لواوی تایبە تی خۆیانیان هەیە. یان با بڵێین وەکوو گوتار، لە زۆر باڵە وە، هەڤبەرایەتی، دژوازی و لێکسوونبیان خۆیا دەبێت و دوو جۆرە شوناس، دوو جۆرە دەرکەوتە و ئامانجی مرۆڤپە روەری و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەهاوێنە گۆڕەپانی کردار و ئاکارەوە.

گوتاری ئایینی بە پێی چەمکی ئۆممەتی واحدە،ئامانج و ئاسۆکان دەناسێنێ و مرۆڤ لە چوارچێوە یەکی چەقبەستوو و دیاردا دەستەبەر دەکات و ئاوەز و ئارەزووی ڕەها و وێکچوو، بۆ تاک و گشتایەتی ئۆممەت پێک دێنێ. سنووری تێفکرین دیاری کراوە و هەموو پرسیارەکان وڵامی وێکچوو و لەپێشتابینکراویان هەیە.

گوتاری نەتەوەیی بە پێی خسڵەتی مرۆڤ و گەوشین و دیاردە سەیبالەکانی مێژوویی و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و رامیارییە کان، چەمک و گوتاری تایبەت بۆ لێکدانەوە و بەمەعریفە کردنی بارودۆخەکان، بەرهەم دێنێ و لە مسۆگەری و زاتگەرێتی ئایینی پارێز ئەکات.

تاک و کۆمەڵگا لە ئوممەتی واحیدەدا، بە شێوەیەکی ڕێبازمەند، بە ئاوەز و هزرێکی گشتی و دیاریکراو، بە داڵغەی ئامانجە پیرۆز و نەگۆڕەکانەوە ژیان ئەباتە سەر و داڵغەکان ئەبنە ڕێکخستەی مەعریفەتی ئەبەدی بۆ لێکدانە وە و تێگە یشتن لە خودی مرۆڤ و جیهان و کۆمەڵگا.

مامۆستای بلیمە ت مەلا عەبدوڵلا ئەحمە دیان، لە ساحە ی مەعریفە ی کوردە واری، لە پانتایی دوو گوتاری ئایینمە داری و نەتەوەپەروەریدا، هەوڵێکی زۆری داوە کە بە ئاشتەوایی ئەم دوو گوتارە، مەعریفەیەکی ئایینە تەوەیی لە دەڤەری تێگە یشتن و تێفکرینی کوردیدا بنیات بنێتە وە. زانایی و شارە زایی مامۆستا لە بواری ئایین و زانستی ئایینی و هەروەها پسپۆڕی و سەرچاوەناسی وی، سەبارەت بە بناخە و بنەمای مەعریفەی ئایینی، بووەتە هۆی سازدانی گوتارێکی ئایینی کوردی . بەم پێیە و بە پێی گرینگایەتی و پێگەی هەستیاریی پێکهاتەی زمانی و هەر وەها چەمکسازی لە بەستێنی مەعریفە و تێفکریندا، ئەکرێ بڵێین لەو ئاسەوارە بڵاوکراوانەی مامۆستا مەلا عەبدوڵلا کە بە زمانی کوردی نووسراون، هەوڵێکی بایەخمە ند بۆ کورداندنی گوتار و بابەتەکان و هەر وەها پیتاندنی وشە و رستەکان و تەیارکردنیان بۆ تێفکرین سەبارەت بە هەست و نەست و نەریتی فکری کوردی، هاتووەتە گۆڕێ و لواوییەکانی زمانی کوردی بۆ دەربڕین و تێگەیشتنی ئایینی لە بوارەجۆراوجۆرەکانی ژیان و جیهانی کوردەواری تاقی کراوەتەوە.

بەم پێشەکییەوە جێی خۆیەتی کە ڕا و بۆچوونەکانی مامۆستا ئەحمەدیان وەک سیمایەکی ئایینی کە دالغە و هەزارەی نەتەوەییشی لە بیر نەکردووە، بە پێی کتێبی «خەزێنە»، بخەینە ژێر تیشکی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:

کتێبی «خەزێنە»، سەرجەم27 وتاری لە کۆمەڵە نووسراوەکانی مامۆستا وەخۆگرتووە کە تێکرا ئەکرێ بە سەر سێ پاژدا دابەش بکرێت:

١) یاد و یادەوەرینووسینەوە ؛
٢) ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی؛
٣) وتاری ئایینی.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ئەم وتارانە لە چاو ئەوەی کە بیر و بۆچونی خوالێخۆش بوو مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان سەبارت بە بوارە جۆراوجۆرەکان خۆیا ئەکاتن، بە گشتی و بە جۆرێک ئەکرێ بڵێین ژیاننامەی فکری ومەعریفی بەرێزیانە. مەعریفە یەک کە بە بەردەبناخە یەکی ئایینی دانراوە و هەموو بابەتەکان، بەو پێوانەوە تاووتوێ ئەکرێت و بە چاوی ئایینەوە هەموو سووچەکانی فکری و ئەدەبی کوردەواری ئەخرێتە ژێر سەرنجەوە.

ئەگەر بێتو پۆلێنبەندییەکی زۆر گشتی لە پێناو سەرچاوەی راڤە و تێفکرین لە مێژووی هزری کوردەواریدا دابڕێژین، تەریقەت (رەوشتێکی ئایینی کە تێکەڵاوێکە لە ئاکار و ئاوەزی ئیسلامی و سۆزی سۆفیانە لە پێناو خودا و مرۆڤ و جیهاندا)، شەریعەتی ئایینی ئیسلام (دەقی فەقێیانە کە بنەمایەکی نەزەرییە بۆ ئاکار و هەڵس و کەوتی موسڵمانان لە ئاراستەی خودا و مرۆڤ و جیهاندا بە پێی دەقی پیرۆزی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری ئیسلام) و کەلەپووری هزری مرۆڤانە (تێکەڵاوێکە لە مێژووی نەریتی کوردەواری و ئاوەز و تێگەیشتنی لە هەمبەر پرسەکانی)، وەکوو سێکوچکەیەکە وجاخی ئەندێشەی کوردی لەسەری دامەزراوە. زمانی کوردیش وەک مێدیا و شێوازی دەربڕینی ئەم هزرە سێئالیە، لە تەنیشت زمانە زاڵەکانی عەرەبیّ و فارسیدا، هاتوەتە گۆ و لە قەوارەی شێعر و پەخشان و گوتاری ئایینیدا، کۆئەندامی هزری کوردی پێکهێناوە. بە پێی ئەوەی کە حوجرەکانی مزگەوت و خانەقاکانی کوردستان سەرچاوەی ئەم پێکهاتە مەعریفییە بوون، بە کەمێک شلگیرییەوە، ئەکرێ تێکڕای مەعریفەی کوردی بە مەعریفە یان «گوتاری حوجرەیی» ناوبەردە بکەین.

با لێرەدا کۆمەڵە وتاری تویّی کتێبی «خەزێنە»، بە نموونە یەکی گوتاری حوجرەیی لە بەرچاو بگرین و لە دەوامی وتارەکە تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارە پولێنبەندی بکەین: «بێینەوە ماڵی خۆمان و مەڵبەندی خۆمان، بە کوردی قسە بکەین و لە کوردایەتی و ئیسلامەتی بدوێین. ... باس لەو چواردیوارانە بکەین بە نێوی حوجرە کە لە مەڵبەندی موکریان و لە ناوچەکانی کوردەواری ئێمە دیتوومانە و دەیانبینین و تیشک و نووری زانستی و ئەدەب و فەرهەنگ لەو چواردیوارانە ڕا بە هەموو وڵاتێکدا بڵاو بوەتەوە»(ئەحمەدیان، ١٣٩٦، ١٥٧).

ێ) بەشی یەکەمی وتارەکان پەیوەستە بە یادەورینووسینەوە کە ئەپەرژێتە سەر زیارەت و یادی گەورە پیاوان و بلیمەتە ئایینەکان وەک عەللامە قزڵجی، عەللامە ئەبووبەکری موسەننیف، عەللامە مەلا عەلی، مەلا یۆسفی ئەسەم، مەلا جامی، عەللامە بێتووشی، عەللامە مەلا باقر، مامۆستا شاریکەندی، مەلا کەریم(فیدایی)، و چەند شاعیر و ئەدیبی مەزن وەک: وەفایی، مەولەوی، هێمن و مامۆستا هەژار.

قەڵەمی مامۆستا لەم وتارانەدا، سەرەڕای ئەوەی کە وشەی ڕەسەن و کەلیمەی پەتی کوردی وەکارهێناوە و لە ڕازە وێژەیەکان وەک: سەجع، شوبهاندن، تەمسیل و خوازە، کەلکی وەرگرتووە بەڵام زمانێکی پوخت و پاراوی هەیە کە توخمە ئەدەبی و وشە نامۆکان، نەبوونەتە هۆی ئاڵۆزیی زمانی و گرێوگۆڵخستنە ناو دەقی وتارەکان. بە پێی ئەوەی کە یادەوەرییەکان بە سۆزێکی حەسرەتوارەوە نووسراون، زمانێکی دڵنشین و هاودڵیان هەیە کە خوێنەر ئەباتە ناخی بابەتەکەوە و چێژێکی ڕەوایی پێدەبەخشێ. یادەورینووسینەوە کە یەکێکە لە چەشنە ڕەواییەکان، سەڕای ئەوەی کە زمانێکی ساکار دەخوازێ، شێوازێکی ڕەوایی پێویستە تا خوێنەر دڵ بدا بە بابەتەکەوە. دیارە خوێنەر بابەتێک بەو هۆیەوە ناخوێنێتەوە کە وشەی ڕەسەنی تێدایە یان بە ڕازە ئەدەبییەکان ڕازاوەتەوە، بە ڵکوو زمانی دەقەکە و شێوازی کەڵک وەرگرتن لە لاوازییە زمانی و ئەدەبییەکانە کە وەکوو تەکنیکێکی نووسین، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و ئامانج دەپێکێ. بابەتی وەک یادەوەری بەو هۆیەوە کە تایبەتە بە بیرەوەری، داوەری و سۆزی تاکەکەسی لە پێناو کەس و شوێن یان مژارێک، ڕەنگە خۆی لە خۆیدا، جەزبەیەکی ئەوتۆی بۆ خوێنەر نەبێت. بۆیە شێوە ڕەواییەکی بە هێزی پێویستە تا ببێتە دنەی خوێنەر بۆ تاکۆتاییمانەوە لە گەڵ بابەتەکە. بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا ئەحمەدیان بێجگە لەوەی کە زمان و پەخشانێکی لەزارخۆشی بە تایبەتمەندییەکانی دەقێکی ئەدەبی خوڵقاندوە، لە باری ڕەوایی و بابەتگێڕانەوەشەوە، لایەنێکی نەزیلەئاسا و داستانی بە یاد و نووسراوەکانی داوە. ئەم گەمە زمانی و ڕەواییە بووەتە هۆی ئەوەی بیرەوەرییەکانی لە ئاستی یادەوەرییەکی ساکاردا قەتیس نەبێت و لە شێوەڕەواییەکی چیرۆکئاسا نزیک بێتەوە.

ڕۆیشتن بو تورجان لە گەڵ چەند مامۆستای ئایینی، دەبێتە بیانوویەک بۆ ناساندنی عەللامە قزلجی. یادەوەرییەکە بە نێوی خودا و بە ئاماژەیەکی ئەدەبی بە کاتی وەرێکەوتن کە کۆتاییەکانی خەرمانانە، دەس پێدەکات و سەرەتای سەفەر و شوێنی مەبەست بە کورتی و بە شێوەی براعەتی ئێستیهلال (دەسپێکی دەقێک کە پێوەندییەکی بابەتیانەی لە گەڵ ناوەڕۆکی سەرەکی دەقەکەدا هەبێت)، پێناسە دەکرێت. تەنانەت، بۆ ئەوەی خوێنەر بە وردی لە باروودۆخی بگێڕی یادەوەرییەکە تێ بگات و هاورێیی لە گەڵ بکاتن، ماشێنەکە و شۆفیرەکەشی بە پێی پێویست باسی لێ دەکرێ. بگێڕ وەک سووژەیەکی وردبین و سۆزمەند، دەروانێتە دەر و دەشت و دیاردەکان دەگێرێتەوە: «هەر تازە زەردەی گزینگ لە سەر کێوەکان هاڵا بوو، لە نێو لق و پۆپ و گەڵای شەقامەکاندا، دوندی بڵندی کێوە بەرزەکان وەبەرچاوەدەهاتن، کە دەتگووت حاجین و کەشیدەی تازەی زەردیان لە سەری هاڵاندووە و ڕاوەستاون و خەڵک بە پیریانەوە دەچن و زیارەتیان دەکەن. شنەبایەکیش لقی دارەکانی ڕادەژاند و پەلک و گەڵاکانی پێکتر دادەدا و ڕەنگ زەرد و بێتینەکان دوای خۆبادانێکی ناقایلانە دەکەوتنە زەوی و دەیاندی کە پووشەڵەکان هەتا چاو هەتەردەکا وە حەوا کەوتوون: یانێ وێنەیەک لە ئابووریی جیهانی کاپیتالیستی!»(پێشوو، 23). ئەم وێنە یە سەرەڕای ئەوەی کە لایەنێکی ئەدەبیّ و شاعیرانە بە دەقەکە ئەبەخشێ، تاسەیێکیشە لە پێناو دەرکەوتنی هەناسەی پاییزی و ڕەنگ داگۆڕینی وڵات. لە لایەکیشەوە دڵەڕاوکێی سەفەر و ڕێی هات و نەهات، لە تویّی وێنەکدا نەخشێندراوە. لە ناکاو لە دێڕی کۆتاییدا تەوسێک ئاراستەی کاپێتالیسم ئەکرێ کە هەم باسەکە بگۆڕدرێ و هەم کەش و هەوای بابەتەکە تاڵ نەبێت.

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

بگێڕی یادەوەرییەکە، بە وردی دەبینێت و بە وردی دەبیستێت. بە چەشنێک کە هەر دەرکەوتە و بەرجەوەنێک یان هەر وشە و قسە و باسێک، بیرەوەرییە ک لە رابردووی وەبیر دێنێتە وە تا ببێتە هەوێنێک بۆ دەربڕینی هەست و زانست و لێکدانە وەی خۆی سەبارەت بە بابەتی مەبەست. «گوێم هەڵخستبوو لە وت و وێژی مامۆستاکان ... و سیلەی چاویشم دابووە تەپک و تەپۆڵکە نزیک و دوورەکانی پێش ماشێنەکە، کە لە نەکاو تەپکی فەقرەقای ئیندرقاش وەدەر کەوت و خورپەیەکی هاویشتە دڵم. وەبیری هێنامەوە کە سەد و بیست ساڵ لەوە پێش، قادرئاغای ئیندرقاش لەو دێیە، هەواڵی تاڵی وەفاتی مەلای قزڵجی بە مەلای خۆی یانێ مەلای پیرەباب ڕاگەیاند ... ئەوجار وەبیرهاتنەی مەلای قزڵجی، وەکوو ڕاکێشانی سەری هەودایەکی، گلۆڵەی بیری منی سەدان فرسەخ بۆ لای دوور و چەند سەدە بەرەو دوا، خلۆر کردەوە»(پێشوو، ۲۴). لێرەوە زەینییەتی سەییالی بگێر ئەڕواتە یەکسە د و نەوەد ساڵ پێش و سەربهوردی مەلای قزلجی و ناوبانگی بلیمەتی و ئاستی خوێندە وارییە کەی ئەگێڕێتە وە. بگێڕ لە بیری ناکات کە لە ناو ماشێندایە و خەریکە بەرەو تورجان ئەڕوات. بۆیە زۆر بە ناسککارییەوە باسە کە دەبڕێت و بۆ ئەوەی خوێنە ر لە مژارە کە جاڕز نەبێت دەیهێنێتە ناو جادە: «لە نەکاو لەندروێرە کە، چەند جار هەڵبە زیەوە و گۆشە ی کڵاوی یەک دوویەکی گەیاندە حەواو و خاوکی خەیاڵی منیشی پس پس کرد و خۆفێکیشی خستە دڵم، چونکە دیتم فەرمانە کەی دەلەرزێ و دەندە کانی وەکوو ددانی سەرمابردوو وە شەق شەق کەوتوون ... »(پێشوو، ۲۶).

هەر شوێنێک لە ڕێگای ئەو سەفەرەدا، یادەوەرییەکی بۆ نووسەر لە گەڵە تا خەیاڵی بفڕێنێ: «دیتم ماشینەکەمان بۆگە بەسی بە جێ هێشتووە و بە قەراغ چۆمی تەتەهوودا بەرەو تورجان باڵی گرتوە. وەک بیابان دەفڕێ و کەوتووینە تە سە ر ئەو ڕێگایە ی کە نزیک بە یەکسەد و شێست ساڵ لەوە پێش مامۆستا قزڵجی بە دڵێکی دارماڵ لە ئاوات، لەو ڕێگایە بەرەو تورجان ئەڕۆیشت » (پێشوو، 27). بەم چەشنە خەیاڵی نووسەر ئەچێتە رابردوویەکی دوور و ئەوکاتە ی مامۆستا قزڵجی و بنە ماڵە کەی ئەگێڕێتە وە. ئەمجار بۆ کۆتایی هێنان بەو بەشە، خەیاڵی تیژ و خولقێنەری بگێڕ دیسان ئەگەڕێتەوە ئێستای ناو ماشینەکە. ئەمجا بە مەنتقێکی ڕەواییەوە باسەکە دەپچڕێ و ئەپەرژێتە بەشێکی دیکەی بابەتەکەوە: «لەو کاتەدا کە بیرم ڕۆیشتبووە نێو ئەو شوێنەوارانە، لە پڕ بۆ پێشەوە ڕاتڵەکام و بیرم هاتە وە لای خۆم و تەماشام کرد ڕانەندە کە ماشینە کەی لە تەنیشت ڕێبوارێکی هوولی چوارشانە ڕاگرتووە ... »(پێشوو، ۳۰).

بەشی یەکەمی کتێبی خەزێنە کە تایبەتە بە یادەوەری پیاوە ئایینیەکان، بێجگە لەوەی کە سەفەرنامەیەکی تاکەکسییە و هەست و سۆزی نووسەر لە پێناو شوێن و شوێنەوارەکان دەرئەبڕێ و یادەوەری کات و سات و ساڵەکانی مامۆستا ئەگێڕێتەوە، یادنامەیەکی مەعریفەتییە سەبارەت بە خزمەتکارانی ئایین کە خەیاڵی نووسەر بە رابردوو و ئێستادا دێتو دەچێ و کۆڵێک زانیاری بەنرخی مێژوویی سەبارەت بە پیاو چاکانی ئایینی و ئاکار و ئاسەوار و تۆرمە و نەریتی ئەوان دەسنیشان ئەکات.

پەخشانی ئەم بەشەی «خەزێنە»، پەخشانێکی هونەری و ئەدەبییە کە تایبەتمەندییەکانی دەقێکی بەلاغی ئەگرێتە خۆوە . زمان و شێوازی نووسین لەم بەشەدا توخمگەلێک هاوبەشیان هەس کە ئەبێتە هۆی پێناسەکردنی دەقێکی شێوازمەندی هونەری و بەلاغی. با لێرەدا ناوی بنێین پەخشانێکی ساکاری دیمەندار.

شێوازمەندی ئەم یادەوەرییانە بریتین لە:

- ❖ هاوبەشی لە بابەتی سەرەکی باسەکە: لە هەربابەتێکدا مێژووی ژیان و کەسایە تی زانا و بلیمە تێک لە بواری ئاییندا ئەگێڕدرێتەوە و زانست و توانست و خزمەتی ئایینی ئەو کەسانە وەکوو بابەتێکی مێژوویی ئەخرێتە ژێر باس و خواس؛
- ❖ کەڵک وەرگرتنی ناوە ناوە لە هێمانە ئەدەبییەکان و زمانی هونەری و مەجازی وەک دەقێکی ئەدەبی؛
- ❖ بەرجەوەنسازی: ڕوانین لە سروشت و کەند و لەندەکانی سەر ڕێگای سەفەر لە گۆشەنیگایەکی سۆزمەند و پەیوەست بە بابەتی سەرەکی باسەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر شوێن و شوێنە وارێک کە لە بوار بە بواری ڕێگادا دەرئەکەوێت ببێتە بەرجەوەنێکی عاتفی و یاد و مێژوویەک لە گەڵ خۆی بنەخشێنێت؛
- ❖ بە دیاردە بوونی شوێن و کات و کەسەکان: گەرچی هەر پەیار و دەرکەوتەیەکی وەک کەژ و کێو، یان شە قام و ڕێگا و بان، یان ماڵ و مەزار و دێهات و هەر شت و کەسێک لەم لەونە بە یاد و یادە وەرییە کی ئایینیە وە بارگاوی کراوە ، بەڵام لە کاتی تەوسیف و گێڕانەوەدا، بە شێوەیەکی دیاردەناسانە، نووسەر خۆی لە هەر چەشنە بڕیاردانێک لائەدا تا ئەو بابە تانە وەک پێویست خۆیان دەرببڕن و لە گێڕانەوەی باسەکەدا دەورێک بگێڕن؛
- ❖ کەڵک وەرگرتن لە زەمانی ڕەوایی: گۆڕینی کات و ساتی ڕووداوەکان لە ئێستاوە بۆ رابردوو و لە ڕابردوە وە بۆ ئێستا، جووڵە و بزاڤێکی ڕەوایی بە بیرەوەرییەکە داوە و پردێکی لە نێوان ئێستا و مێژوودا چێ کردوە؛
- ❖ بەهرەمەندی لە لواوییەکانی زمانی لە پێناو گێڕانەوەدا بۆ نووسینەوەی یادە وەرییە کی مەعریفی کە وەک جەمسە رێک مێژوو، سەفەرنامە، ژیاننامە و پێناسەی کەسە ئایینیەکانی لێکهۆنیوەتەوە؛
- ❖ وەکار هێنانی زمانی تەنز و تەوس لە تۆی بابەتێکی قورس و جیددیدا وەک جەسارەتێکی ئەدەبی بۆ نەرم و نیان بوون و سەرنجڕاکێشکردنەوەی بابەتەکە.

ئەم شێوازمەندییە بووەتە هۆی ڕەخسانی هێمانگەلێکی ئەدەبی و هونەری لە ئاراستەی دەقێکدا کە بە زمانێکی ساکار خوڵقاوە و ئەکرێ وەک پەخشانی پێوەر، تایبەتمەندییە شێوازناسییەکانی لە بواری پێکهاتە و ناوەرۆکدا پۆلێنبەندی بکرێت.

# مەرگ



نووسینی: سادق هیدایەت



لە فارسییەوە: هادی حەبیبی ـ بۆکان

سادق هیدایەت (١٩٠٣-١٩٥١) نووسەری بەناوبانگی ئێرانی، هەر لە ڕۆژانی پڕ تەنگ و چەڵەمە و نەهامەتییەکانی ژیانیدا، هەتا ئەو ڕۆژەی لە شاری پاریس بە ڕووداوی گاز بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، هەمیشە بابەتی (مەرگ) بیر و هزری ئەوی بە تەواوی داگرتبوو. بەرهەمی هیدایەت بیست و نۆ کتێبە کە لە مەودای بیست و سێ ساڵ واتا لە ١٣٠٦ هەتا ١٣٢٩دا نووسیونی. هیدایەت لە مەودای ئەو هەموو ساڵە پڕ بەهرە و بەنرخەدا، مرۆڤێکی دڵتەنگ و خەمبار بوو کە هەموو کات بە چەشنێک فاتالیسم و خۆسزادان لە بەرانبەر چارەنووسدا، ئازاری دەروونی دەدرا. ئازارێک کە ئاکامەکەی خۆکوشتن بوو، تا ڕادەیەک کە پێش لە خۆکوژییەکەی ١٩٥١ی شاری پاریس، چەند جاری دیکەش هەر بە ڕاشکاوی هەوڵی بۆ ئەنجامەکەی دابوو. (مەرگ) ئەو تازەبووکەی کە سەرەنجام هیدایەت لە باوەشی گرت، ئەو ڕاستییەیە کە بە زمانی خۆی ئاوای باس دەکا:

چ واژەیەکی بەسام و بزوێنەرە! بە بیستنی، هەستێکی ئازاردەر و دڵتەزێن مرۆڤ دادەگرێ. بزە لە لێوان دەسڕێتەوە، ڕووناکی لە دڵ دەبڕێ و تاریکی و ژاکاوییەک لەگەڵ خۆیدا دێنێ، کە هەزار جۆر ئەندێشەی هاڵۆز و پەرێشان لە بەر چاوت ڕەشکە و پێشکە دەکەن.

ژیان لە مەرگ جیا نابێتەوە. هەتا ژیان نەبێ، مەرگیش نابێ و هەتا مەرگیش نەبێ، ژیان بوونێکی لە خۆی نییە. لە گەورەترین ئەستێرەی ئاسمانەوە هەتا بچووکترین زەرەی سەر زەوی، درەنگ یا زوو دەفەوتێن و لە ناو دەچن. بەرد، گیا و جانەوەر هەریەکەی بە دوای یەکدا هاتوون و بەرەو نابووتی و نەمان وەڕێ کەوتوون و لە کونجی فەرامۆشیدا بوونە تەپ و تۆز. زەوی بەرەڵڵایانە چەرخ و خولی خۆی لە ئاسمانی هەتاهەتاییدا درێژە دەدا، سروشت لە سەر بەجێماوەکانی ئەوان هەمدیسان دەژێتەوە. خۆرەتاو تیشک دەداتەوە، شنە هەڵدەکاتەوە، گوڵ هەوا بۆنخۆش دەکا، مەل جریوە جریویانە و گۆرانی دەچڕن، هەموو گیانلەبەرێک هەراوهوریایەتی. ئاسمان زەردەخەنەیەتی و زەویش خەریکی پەروەردە کردنە. مەرگ بە مەڵغانە کۆنەکەیەوە، مەزرای ژیان دەدروێتەوە ...

مەرگ هەموو هەستی و بوونەکان بە چاوێک دەڕوانێ و بەرەو چارەنووسێکی هاوبەشیان دەبا. نە شا دەناسێ و نە گەدا، نە بەرزی بۆ گرنگە و نە نزمی و مرۆڤ و گیا و جانەوەر وێگرا دەنێتە چاڵەوە. تەنیا لە گۆڕستانە کە خوێنخۆر و جەللاد دەست لە ستەمکاری دەکێشنەوە. بێ تاوان ئەشکەنجە ناکرێ، نە ستەمکار هەیە و نە زۆرلێکراو، گەورە و بچووک لە خەوێکی شیریندا سرەوتوون. چ خەوێکی خۆش و ئارام! نە ڕوخساری بەیان دەبینن، نە گوێشیان لە هەرا و هاواری ژیانە.

مەرگ بۆ دەرد و خەم و ڕەنج و ناهەقییەکانی ژیان، باشترین دالدەیە: ئاوری پڕ بڵێسەی هەوەس دەکووژێتەوە، هەموو ئەو شەڕ و دەست درێژییانە، ئەو کوشتار و درندەیی و کێشە و خۆهەڵکێشانەی مرۆڤ، بە یەکجاری بە سینەی خاکی تاریک و سردا ڕۆدەچن و بۆ هەمیشە دادەمرکێن.

ئەگەر مەرگ نەبووبایە، هەموو کەس ئارەزووی دەکرد. هاواری ناهومێدی بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە، دۆعا و نزایان لە سروشت دەکرد. ئەگەر ژین بە سەر نەچووبایە، چەندە تاڵ و خۆفناک دەبوو. ئەو کاتەی کە ئەزموونی دژوار و ئەستەمی ژین، گڵۆپە هەڵخەڵەتێنەکەی لاویەتی دەکووژێنێتەوە، ئەو کاتەی کە سەرچاوەی مێهرەبانی ویشک دەبێ و تاریکی و دزێوی بەڕوکت پێ دەگرن، ئەو کاتەیە کە تەنیا مەرگە چارەسەر دەدۆزێتەوە. مەرگە کە بەژنی چەماوە و ڕوخساری چرچ و لەشی دەردەدار لە نووستنگەی حەسانەوەدا جێ دەکاتەوە.

ئەی مەرگ! تۆ خەم و مەینەتەکانی ژیان کەم دەکەیتەوە و لە سەر شانمانی هەڵدەگری. کاری مرۆڤی کڵۆڵی ڕەشبەختی سەرگەردان ڕاست دێنی. تۆ مەرهەمی ناهومێدی و ماتەمباریت، چاوی فرمێسکاوی دەسڕیتەوە؛ تۆ وەکوو دایکێکی مێهرەبان وای کە لە دوای ڕۆژێکی تۆفانی و پڕ گێژەڵووکە، منداڵەکەی لە ئامێز گرتووە و دەیلاوێنێ و دەیکاتە خەو. تۆ ژینی تاڵ و درندە نی کە مرۆڤەکان هەتلە دەکا و فرێیان دەداتە ناو گێژاوی سامناکەوە. تۆی کە بە سپڵەپەروەری، خوێڕی گەری، لووت بەرزی، بەرچاوتەنگی و تەماحی بنیادەم پێکەنینت دێ و بەو حاڵەشەوە دزێوییان دادەپۆشی. کێیە شەرابی ژەهراویت نەخواتەوە؟ ئینسان ڕوخساری تۆی بەسام کردووە و لە بەرت هەڵدێ. تۆ فریشتەی پرشنگداری، ئەو پێی شەیتانێکی تووڕەی! بۆ لێت دەترسێ؟ بۆ ناپاکیت لەگەڵ دەکا و بوختانت پێ هەڵدەبەستێ؟ تۆ تیشکێکی درەوشاوەی، کەچی تۆیان پێ نووتەکە. تۆ ئیلهامە پیرۆزەکەی شادومانیت، بەڵام لە جەنگەی هاتنتدا شین دەگێڕن. تۆ نێردراوی ئازیەتباری نی، هەتوانی دەردی دڵی ژاکاوی. تۆ دەلاقەی هیوا بەرەو ناهومێدان دەکەیتەوە. تۆ میوانداری کاروانی خەستە و داماوی ژیانی و ڕزگاریان دەکەی لە ماندوویی و لە ڕەنجی ڕێ. تۆ شایانی ستایشی، تۆ ژیانی هەرمان و هەتاهەتاییت هەیە ...

سەرچاوە:

هدایت، صادق، روی دیگر سکه، مقدمه و انتخاب: پاکسیما مجوزی، تهران، هزارەی سوم اندیشه، ١٣٨٢، صفحات ٣١٠-٣١٤

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## هەستی پووکانەوە



بانە. غەفوور ساڵحی

«ئاوا بوو کاکە گیان. من جوان لەبیرمە. هیچ شتێکم لە بیر نەچۆتەوە . تەنانەت ئەوەشم لە بیرە کە ئەو بۆخۆی پێیگوتم. دوو جار ئەو شتەی پێ گوتووم. گوتی: (کە بیرت لەمردن کردەوە، ئەوە دەسپێکی مردنتە )، یەکەمجار، کاتێک ئەوەی پێگوتم کە گەیشتینە جێ . ئەو وەختە بوو کە گەیشتینە یەکەم کەمپی غەریبایەتی . ئەوکات ئەو لەگەڵ منی بوو. خەمی منی بوو. وەک بۆخۆشت دەزانی، من دەمێکبوو کێشەی خەمۆکیم هەبوو . ئەویش بەوەی دەزانی و ئاگای لێم بوو و نەیدەهێشت نیگەرانییەکانم پەرە بستێنن . ئەو نەک وەک من خەمۆک و داماو نەبوو، بەڵکوو زۆر دڵ ئەستوور و بەجەرگ بوو.زۆر بە من ڕادەگەیشت. بۆ ئانێک لێم خافڵ نەدەبوو. بە خەم منەوە بوو و پێموایە لەبەر من ئاگای لەخۆی بڕابوو. دیارە لە ڕێگەی بەرەو تاراوگە، هەتا لەشوێنێک جێگیر بووین و ئۆقرەمان گرت،گەلێ کێشەمان هەبوو، بەڵام ئەو بۆخۆی زۆر ژیرانە بەشوێن کارەکانەوە بوو.هێندەی نەخایامد، هەموو شتێکی جێبەجێ کرد و کەمپمان جێهێشت و وەک پەنابەر وەرگیراین. تێکەڵی لە گەڵ خەڵکی زۆر بوو و توانایی پێوەندی سازکردنی زۆر بوو. هەر بۆیەش ئێمە لە چاو دیکەی کۆچبەرانەوە، کێشەمان زۆر نەبوو . ئەو، کوڕی ڕۆژە دژوارەکان بوو . ئەمانە و زۆر شتی تریش ببوونە خاڵی بەقەوەتی ئەو. کەچی! کەچی نازانم بۆ لە ناکاووای لێهات؟ هەرچی بیری لێدەکەمەوە، سەری لێ دەرناهێنم! نازانم، باوڕ کە نازانم بۆ! هەزار حەیف, من تەنها یەک لایەنی ئەوم دەناسی. ئەوم ئازاو چاو نەترس دەهاتە بەرچاو . هەر واش بوو . لەوێ ژیانمان خراپ نەبوو و سەرقاڵ بووین. بەتایبەت ئەو کێشەیەکی وەهای نەبوو. بە هونەرەکەیەوە سەرقاڵ بوو. خوا دەنگێکی خۆشی دابوویەو لەگەڵ ئامێری مۆسیقاش ئاشنا بوو. دەی ناحەقمە کە دەڵێم نازانم بۆ وای لێهات؟ ! هەڵبەت ئێستا کە بیر دەکەمەوە، لەم دووایییەدا بەرەبەرە لە قسەکردنیدا هەستم بە گۆڕان دەکرد، بەڵام من ئەو شتەم لە هەموو تاراوگە نشینەکاندا بەدیدەکرد. بۆ وێنە سەرەڕای ئەوەی چەرخی ژیانمان لەوانیتر باشتر کەوتبووە گەڕ و کێشەمان بەنیسبەت کەمتر بوو، کەچی هەر لەخۆوە دەیگوت:(بەرد لە جێی خۆی سەنگینە)، یان دەیگوت:(بەهەشتم نیشتمانەو بەس.) ئەو وتەیم قەت لەبیر ناچێ و هەر کە بیری دەکەمەوە تەزوێکی سارد دڵ و دەروونم دادەگرێ، کە گوتی: (ئەم غەریبایەتییە شتێکی پیسە. هەستێکی سەیر و ڕەمزاوییە. جۆرێکە. جۆرە هەستێکە نازانی بڵێی چۆنە. شتێکە وەک بێتاقەتی، بەڵام بێتاقەتییەکی بێ کۆتایی . دەی شت لەوە پیستر هەیە؟!) دەیگوت: (ئینسان کە پێی لە زێدی خۆی بڕی، بەرەبەرە هەست بە پووکانەوە دەکات .) سەرەتا ئەو جۆرە قسە کردنەی، بۆم تازە بوو، بەڵام چون هەڵسوکەوتی هەر وەک جاران بوو، بە لامەوە ئاسایی بوو . بۆخۆشم ئەو هەستەم بوو. ئەو جۆرە قسەکردنە لە نێو پەنابەراندا ئاسایی بوو. منیش هیچ عەقڵم بەوە نەدەشکا، ئەو قسانە لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان، کەڵەکە ببن و ببەن بەرەو بڕیارێکی ئاوەها ترسناک.»

هەندێک بێدەنگ بوو و سەری داخست و کەوتە یاری بە پەنجە نائارامەکانی. دووچاوی ڕەشی ئاو تێزییاوی، بڕییە ڕووکاری سپی میچەکە. وەک نزا بکات و بپاڕێتەوە. تازە تەرمی ئەوی، بە دەستی خۆی، لە شاری لیۆنی فڕانساوە هێنابۆوە و، وەک ئەو خۆی وەسیەتی کردبوو، بە سلێمانبەگی بانەی سپاردبوو. کاکە، بەسەبر لێی گەڕا هەتا بەدڵ بگری : «بگری نەرگس، بگری، گریان خراپ نییە، بەتایبەت لەم دۆخەی تۆدا.»نەرگس خۆی کۆکردەوەو و چاوە تەڕەکانی بە دەسماڵ کاغزییەک سڕی و: «بەڵێ کاکە گیان، خەڵکی زۆر قسەو قسەڵۆکیان لەسەر ئەم کارەساتە بۆ ساز کردووین . بە تایبەت بۆ من . بەڵام گوناحی من تەنها ئەوە بوو، کە عەقڵم پێ نەشکا و نەمزانی ئاوای لێ دێ. من لەخۆم دەترسام، بەڵام لەو دڵنیا بووم، دڵنیاااا ...» گریان ڕێگەی پێنەدەدا، بەهاسانی بەردەوام بێ . بەدەم قڵپەی گریانەوە هاواری کرد : «جیابوونەوەمان بە ڕەزایەتی هەر دوو لا بوو. کە بڕیارمان دا لێک جیا بینەوە، کاتی خواحافیزی گوتی : ( لەبیرتە کە گێشتینە یەکەم کەمپی کۆچبەران، چم پێ گوتی؟! ئاها گوتم کە بیرت لە مردن کردەوە، ئەوە دەسپێکی مردنتە )، کاکە گیان ! ئەوە بۆ دووهەم جار بوو ئە ڕستە دڵتەزێنەم لێ دەبیست. من وەمدەزانی ئەمجاریش بەخەم منەوەیە و لەگەڵ منیەتی. چونکا دوایی گوتی :«بۆیە دەبێ ئاگات لەخۆت بێ)، دەی من چۆن بزانم، ئەمجار لە گەڵ خۆیەتی.» وەک، لەرز گرتبێتی. خۆی دەڕاژاند:«ئەی خوایە، خۆ بۆ خۆت ئاگات لێبوو و، دەتزانی کە من ئەوم دەویست، ئەویش منی دەویست. ئەی بۆ هێشتت لێک بپچڕێین؟! بۆ لێکت کردین خوایەگیان؟! بۆ؟! بۆۆۆ؟!» کاکە، کە لەسەر مۆبلی بەرامبەری دانیشتبوو، چووە لای و باوەشی پێدا کرد، ئەویش بە کوڵی گریانەوە، سەری بە نیو شان و ملی کاکە سپارد. کاکە دەستی بە سەریدا دەهێنا :«دەزانم نەرگس گیان، من هەموو شتێک دەزانم. بۆیە منیش وەک تۆ، پێم سەیرە بۆچی خۆی کوشت. من لە هەموو ئەو شتانەی تۆ باست کردن، ئاگادارم . بە ماڵی خۆمان و ئەوانیشم گوتووە . خوشکە جوانەکەم، گوێم لێبگرە و گوێی قسەی خەڵکی مەدەرێ. من دوای جیابوونەوەشتان،پێوەندیم لەگەڵ ئەو نەپچڕاند، قسەکردنمان پێکەوە نەک کەمی نەکرد بەڵکوو زیاتر لە جاران زەنگی بۆ دەدام. ئەو دەیگوت:(نازانم بۆ جیابووینەوە.)، دەیگوت:(ئێمە لە چاو دیکەی کۆچبەران، کەمترین کێشەمان هەبوو.) دەیگوت : (نازانم بۆ لە وڵاتی خۆمان، بەو گشتە کێشەو قەیرانانەوە، کەمتر بیر لە لێکجیابوونەوە دەکەینەوە، کەچی کە هاتینە

هەندەران، کێشە بچکۆلانەکانیشمان، وەها لێ دەبووە دێوودرینج، دەرقەتیان نەدەهاتین و بەسەر یەکدا دەمانگوڕاند.) دەیگوت:( مێشکی مرۆڤی پەنابەر، هێند کز و بەرتەسک دەبێتەوە، هێزی نییە بگەڕێت بۆ چارەسەر.) دەیگوت :(دڵی مرۆڤی پەنابەر، وەها بچووک دەبێتەوە کە جێگای خۆیشی نابێتەوە، چ بگا بە یەکێکیتر)، دەیگوت:(هەر بۆیەش زۆربەی پەنابەران، کە گەیشتنە جێ، کێشەکانیان لێ قوڵ دەبێتەوە و هێند لەسەر کێشەو ئاریشەکان زەق سەبنەوە، بیریان ناچێ بۆ چارەسەر و دەچنە دۆخێکەوە، مل دەدەن بە هاسانترین، بەڵام ترسناکترین بڕیار. بڕیاری جیابوونەوە و لێکترازانی بنەماڵەو ژیانە هاوبەشەکان. وەک ئەوەی ئەم جۆرە بڕیاردانە لە نێو پەنابەراندا، بووبێتە چاولێکەری.) ئەرێ خوشکی من! ئەو دەیگوت:(لە تاراوگە، دووری لە ماڵ و بنەماڵەو زێدی خۆت، دەتبات بەرەو هەست بە دڵتەنگی و تەنیایی و غەریبایەتی و دەتڕووخێنێ. هەر بۆیەش جیابوونەوەش بەلاتەوە هاسان و ئاسایی دەنوێنێت. جیابوونەوە دەبێتە مۆد و وەک ویرووسێک هەموو بنەماڵە کۆچبەرەکان دەتەنێتەوە)؛ ئەرێ خوشکی من، چاو کە! خۆ ئەو کارەساتە تەنها لە تۆ ڕووی نەداوە. ئەوەی ڕوویداوە، نە یەکم بووە و نە ئاخریش دەبێت. تۆ چاولێکە؛ سەرەڕای دەیان و سەدان و هەزاران بەسەرهات و ڕووداوی ناخهەژێن و ڕۆحتەزێن، کەچی ژیانەکانهەر بەردەوامن و ئێستا ئەوەی بووە، بووە و، تازە هیچی لەگەڵ ناکرێت.» دوای ئەوەی توانی هەندێک ئارامی بکاتەوە، دەستی برد هەر دوو شانی خوشکەکەی گرت و ڕایژاند و دواجار هەستایە سەر پێ. چوو پەردەی لادا و پەنجەرەی کردەوە و، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی: «هەستە وەرە لام و تەماشا کە» نەرگس، هەستا و چووە لای:«چی بووە کاکە؟!» کاکە:«تماشا ئەو هەموو ماڵ و مەنزڵ و خانوبەرە چۆن تێهاڵاون !لەو هەموو مەخلوقاتە ورد بەرۆ، کە وەک مێروە عەجەمە دەجمێن! تۆ وا دەزانی هەر ئیمە لێمان قەوماوە؟ هەر لە ناو ئەو حەشیمەتەدا زۆرن ئەوانەی زۆر کارەساتی جەرگبڕتر لەوەی ئێمەیان ئەزموون کردووە و کەچی وەک دەبینی، ژیان هەر بەردەوامە. خوشکی من، هۆکاری سەرەکی ئەو کارەساتانە، تۆ نیت، من نیم، ئێمە نین، کێ هەیە پێی خۆش نەبێ لە زێدی خۆی و لە ئارامیدا بژی. هۆکارەکەی ئەوانەن کە ئاوەکەیان لێڵ کردووە و قوڕاوەکەیان خەستتر کردووە و خەڵکی لێک دەکەن بە دوژمن و خۆشیان پاڵیان لێداوەتەوەو. ئەرێ خوشکی من، تۆ نەک خەتابار نیت، بەڵکوو بەو کارەی دوای مردنی هاوژینەکەت، کردت، نەک قسەو قسەڵۆکەکانت کاڵ و پووچەڵ کردنەوە، بەڵکوو بەشێکی زۆر لەو دڵانەی لێت دوڕدونگ و زیز بوون، وشیار و ئارام کردەوە. ئەو کارەی تۆ کردت، کەم کەس دەتوانێ بیکات. تۆ لەدوای جیابوونەوەشت، کارێکی گەورەت لە ئەستۆ گرت و بەڵێنی خۆت بردەسەر! بەو کارەت، گشت بوختانەکانت پووچەڵ کردەوە خوشکی من!» نەرگس کە گوێیبە کاکی سپاردبوو و ئارام لەو دەرەوی دەڕوانی و هێشتا وردەهەنیسکەی دەهاتێ، گوتی:«کاکە بۆ من چیم کردووە؟» کاکە:«چیت کردووە؟ ! بۆ وادەزانی ئەو خەڵکە کوێرە و نابینێ؟! تۆ وادیارە هەر ئەو چەن قسەو قسەڵۆکانە ئازارت دەدەن و نازانی کە بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە قورسە، بەوەی کە نەتهێشت کەس بە هێنانەوەی تەرمی هاوژینەکەتەوە ماندوو بێت،زەینی خەڵک و ئێمەو ئەوانیشت بەجارێک گۆڕی. دەزانی ئەوە چەن کارێکی سەخت و ئەستەمە؟! خۆت، تەنها خۆت، ئەو کارەت بە ئەستۆ گرت و لەوسەری دونیاوە مەیتێکت بە کۆڵی خۆت گەیاندە ئێرەو، خواستی دڵی هاوژینەکەت بەجێ هێنا و بە سڵێمانبەگت سپارد. ئەرێ دادەگیان، وەک ئەوە وابوو کە بە کۆڵی خۆت ئەوت گەیانبێتەوە زێدی خۆی.» نەرگس، ئارام ببووەوە. نەرم و لەسەرخۆ گوتی:« نا کاکە من کارێکی سەیر و سەمەرەم نەکردووە. من ئەوەم بۆ دڵی خۆم کردووە و بەس. ئێستا دەزانم، نەدەبوو ئێمە لێک جیاوەبین. نازانم بۆ ئەوانەی دەبنە پەنابەر، هەر کە نیشتەجێی تاراوگە بوون، هەستەکانیان دەگۆڕێت و لێک دەترازێن. پیم سەیرە کە، خۆشم دەویست و خۆشمی دەویست، کەچی بۆ وای لێهات؟! نازانم بۆ وا بە هاسانی و لەسەر هیچ، کردمانە چاولێکەری؟ ئەو بیرو بۆچوونە نەفرەتییەی(ئێمەش دەتوانین جیا وەبین، وەک هەموو ئەوانەی زۆر ئاسایی لێک جیا دەبنەوە، ئاوامان باشترە)، ژیانی هاوبەشی ئێمەشی لێکترازاند. دیارە کێشەمان هەبوو، بەڵام ئێمە نەگەیشتبووینە ئاخری خەت. ئێمە دەمانتوانی بەردەوام بین و لە خەم و خۆشییەکانماندا هەتا سەر هاوبەش بین. نانا من خەتابارم کاکە گیان! خەتابارم چون ئەوم نەناسی! ئەوێک کە وەک ڕەگی مل پێم نزیک بوو، کەچی نەمزانی دوور لە زێدو نیشتمان، تەنانەت، بەهێزترین و زاناترین کەسانیش، لە مەترسیدان. ئێستا دەزانم کاکە گیان! ئێستا دەزانم کە بۆچی خۆی کوشت. دەزانی بۆ؟! چونکا ئەو کە بێتاقەتی زێدی خۆی دەبوو، بۆنی بە منەوە دەکرد. من بۆ ئەو ببوومە نیشتمان و ئەگەر ئەوەم لەوە پێش زانیبا...

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## گەزیزەی بێ ناز



بۆکان .ئاسۆ

هێندەبێزارم لەدەست ئەم دۆخە ئەژماری نییە
دڵ بەهیوای دێ دەکورکێنێ هەوای شاری نییە

شار ودێش وابوونە دژ بەر،ڕێگەیان بەسرا لەیەک
کیژ و کور،کەس حەوسەلەی داواتەکەی پاری نییە

ئارەزوومە جارێ دیش لەو بەزم وشایی وداوەتە
پەنجەیێ بۆکشم کەچی پێ هێزی هاوکاری نییە

سوورەگوڵ!جارێ لەژێر خاک دەر مەیێ دونیا سەمە
ها ، گەزیزە چەندە بێ نازە هەوا داری نییە؟

دەس لەنێو دەس نان گوناحێکی کەبیرەن،ماچ کەهیچ
مووسیقیش بێ مشتەری،کەس حەوسەلەی تاری نییە

دوژمنێکی سازکراوی غەربی  دونیای وا تەنی
غەربی وا ترساندوە،هێزی بەرەنگاری نییە

حازرم بەم پیریەش هاواری شیعریم بێتەدەر
داخەکەم شیعریش گەرووی خنکاوە هاواری نییە

خۆ چەلان دوژمن بەداروبەرد لەمەیدان دەردەچوو
ئێستەهێند بەدبەختە گەل،بەردی هەبێ،داری نییە

لەم وڵاتە مەرگ ومیریش دەوڵەتەدیاری دەکات
قوڕبەسەر ئەو میللەتەی مردووشی ئاماری نییە

شاعیرێ عاشق وەکوو ئاسۆ بڵێ چی ئێستەکە
مەی نییە،ساقی نییە،پیاڵەی نییە،زاری نییە

## هەستی فڕین



سەقز. مریەم یەتیمی

هەر ئەمێنم
وەک چۆن شاخ و بەڕوو وانەی خۆڕاگری
وەکوو هەڵۆی بەرزەفڕی خەیاڵ
وەک خالقی ئەشق و لێوی پڕ خەندەی
وشەیەک کە لە چڵی بەرزترین دار
نایەتە خوارەوە
تا بم هەستی فڕینم فراوان تر لە
وەنەوشە و سەر قەلە ڕێ و
نەکەرۆزی هەستم
هەزاران وشەی خەونی درێژخایە
لە دەمارم دا مەرگ ئەکوژێ
هەر ئەمێنم
من و قەڵەمەکەم لە دوو
دنیای جیاواز ئەژین
بە وشەی شەو نخوونی
ئەپیارێزین زێدی جوان
هەمیش
ژیان ، هەرمان ، مانای
پڕ لە ناسۆری ئەم خاکە
شەوەزەنگ هەڵئەدرین
چەپک چەپک ناسۆری دەروونم
دەکەمە چرا بۆ شەوی
ئەنگوستەچاوی زەمەن
من و قەڵەم دیوار ئەکەین گۆڕی زۆڵمەت
هەڵئەمژم سریوەی ئاوات و
پێدەکەنین لەگەڵ ژیان
دەمباش مریەم
باسکی بە هێزم
بۆ بەدی هاتنی خەونەکان
شەقەی شاباڵی فڕینم
لە فراوانی ئاسمان
وشەی عەشق و نووری درەوشاوەی
هەتاوی هیوا ئەدەم لە
بەرۆکی ژیان
ئەبرمەوە چەشنی هەتاو قفڵی
ڕەشی بەندی شەو
ڕادەماڵم تۆزی ستەم
گڕ بەر ئەدەین لە کۆسپی سەر ڕێ
کام تاریکای قایمە بە
دەستمەوە ڕەنگی سپی هەڵئەگەرێ

## گرانەتای شاعیر بوون



بانە ــ ک.د.ئازاد

مامۆستا هەژار لە چێشتی مجێور دا دەفەرمووێ:

" نازانم گەلانی تر چۆنن، بەلام هەر بەچکە کوردێکی دوو پیت و لەتێکی خوێند، تووشی گرانەتای شاعیر بوون دەبێ و لای وایە ئەگەر شێعر نەڵێ هیچ کارە نییە.

دەتوانین بڵێین ئەو کوردانەی کە دەرسیان خوێندووە، سەدی نەوەدی خەریکی شێعر دانانن. منیش هەر زۆر زوو تووشی ئەو نەخۆشییە بووم. ملم نابوو لە شێعر، یان باشتر وایە بڵێم'مێعر' هۆنینەوە. بارۆکە بووم و لاسای قازم دەکردەوە. قەڵەم و دەفتەر بێنە و ڕەشی کەوە و ناوی شێعری لێ بنێ. بەلام شێعر چ شێعر؟ یا خوا بە نسیبی دوژمنانت نەبێ....!"

ئەمرۆ بە هۆی دونیای مەجازی و ئینتێرنێت، ژمارەی ئەوانەی خۆیان بە شاعیر دەزانن زۆر زۆر زیاتر لە خوێنەری شێعرە!

هەر کەس شتێکی نووسی، بە ڕای خۆی دەڵێ شاعیرم!

وەکوو زووش نەماوە کە پێوەر سەنعەتی شێعری و کێش و سەروا و... بێ.

هەر زۆر زوو ئەو سەنعەتی شێعرە لە لایەن بە ناوی ڕەوتی پێشکەوتن خوازی و ڕۆشن بیری، وەلا نرا و هەر شێعرێک قافیە و ڕەدیف و کێش هەبا پێیان دەگوت شێعری کۆن و هەر بە لاشی دانەدەچوون!

نوێ گەرایی ناڕاستەقینە، وای بە سەر ئەدەبیات دا هێنا کە نووسراوەکان نە تەنیا فڕیان بە سەر شێعرەوە نەما بەڵکوو لە ماناش دا لە کەمایەسیان دا!

زۆربەی بە ناو شاعیرانی ئێستا نە تەنیا لە عورووز و قافیە و وەزن ناگەن بەڵکوو زەحمەتی خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی پێشووش بە خۆیان نادەن.

ڕەخنە گران، ڕۆڵێکی بەر چاویان لە بەرەو پێش بردنی ڕەوتی شێعر دا هەیە.

هەر ئەوانن بە شرۆڤە کردن و هەڵسەنگاندنی شێعری شاعیران، دەتوانن گەوهیراتی نایاب و داهێنانی باش ببیننەوە و شاعیرانی لاو هان دەن تا بە ڕەچاو گرتنی ئەو ڕێنوماییانە بتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو، دەست بکەن بە خوڵقاندن و ئافراندنی ناوەرۆکی تازە.

بەلام بە داخەوە بە هۆی نەبوونی ڕەخنەگری باش مەیدانداری دراوەتە بە ڕەخنەگرانێک کە بە خوێندنەوەی تەرجەمەی چەند کتێب کە لە ولاتانی ڕۆژ ئاوا دا بلاو بوونەوە، پێوانە و مێعیارێکیان دروست کردووە کە جیا لەو پێوانەی خۆیان، نە کەس بە شاعیر دەزانن و نە هیچ شێعرێکیشیان قبووڵە!

ئەم ڕەخنە گرانە ڕۆلێکی بەرچاویان لە بە لارێدا بردنی شێعر و ئەدەبی کوردی دا هەیە!

بە داخەوە هەر ئەمانن کە لاوەکان هان دەدەن تا بە لاسایی شێعری ولاتانیتر و داڕشتنی شێعر بەو شێوەی کە پێوانەکەی ئەوان دەڵێ، شت گەلێک بنووسن و بخوڵقێنن کە هیچ خوێنەرێک حەز ناکا بۆ دووهەم جار بیخوێنێتەوە.

لە فستیواڵە شێعرەکان دا هەر ئەو بەرێزانە، ڕێزنامە و خەلات دەدەن بەو کەسانەی کە وەک ئەوان دەیان هەوێ، دەنووسن!

دەگێڕنەوە کۆمەڵێک چەتە و ڕێگر لە ئەشکەوتێکی کوێستانێک دا، سەر ڕێگا بە کاروانیان دەگرن.

لە گەڵ ئەوە دا کە کالا و شتوومەکی کاروانیان تالان دەکرد، کاروانچییەکانیشیان دەگرت.

دەڵێن لە ئەشکەوتەکە دا قەرەوێڵەیەکیان دەبێ کە دیلەکان یەک یەک لە سەر ئەو قەرەوێڵە درێژ دەکەن و هەر کەس درێژتر بایە، لە لای سەر یان قاچی دەیان بڕیەوە تا ئەندازەی قەرەوێڵەکەی لێ دەهات و هەر کەسێش چکۆلەتر بایە، هێندەیان لێک دەکێشاوە تا بە قەد قەرەوێڵەکەیان لێ دەکرد! لە ئەنجام دا هەم درێژترەکە و هەم کورتترەکە دەمردن! کەم کەس هەڵدەکەوت تا دەقادەق ئەندازەی قەرەوێڵەکە بێ!

پێوەر وپێوانەی ڕەخنەگرەکانیشمان وەک ئەو قەرەوێڵە دێتە بەرچاو! کەم کەس هەیە دەقادەق بە پێوەری ئەوان بنووسێ! ئەی چبکەین؟

وەک چۆن تاک تاکی خەڵکی کورد نە دەتوانن وەک خەڵکی بیانی و دەرەکی بۆق و قرژاڵ و ....بخۆن یان لە ئاهەنگ و گۆرانی ئەوان چێژ وەربگرن و پێیان هەڵپەڕن؛ بۆ ئەدەبیاتیش هەر وایە!

شێعرێک، چێژ بەخشە بە خوێنەری کورد، کە لە گەڵ خواست و فەرهەنگ و بۆچوونەکانی بێتەوە.

شێعری کوردی دەبێ پێش هەموو شتێک چێژ بەخش بێ بۆ خەڵکی کورد.

هیچ کوردێک بۆ بارەقەڵلایی ڕەخنەگران نابێ ئەو جۆرە بنووسن کە شێعری کوردی نە تەنیا مارک و مۆرکی کوردی پێوە نەمێنێ بەڵکوو ئەگەر وەربگێڕیەوە سەر زمانی گەلانی تر، مانایەکی دروستی نەبێ!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

زۆر کەس بۆ ئەوەی لە ڕەوتی ئەدەبی جیهانی دانەبڕێن، هەست و خوستی خۆیان پێشێل دەکەن و بەو ڕبە دەپێون کە پێوەرەکانی بە ناو ڕۆشنبیر، بۆیانی داناوە!

ژاپۆن، هایکۆی هەیە و ئێستا بۆتە جیهانی. چون پێش هەموو شتێک لە گەڵ فەرهەنگ و دالغە و هەلۆیستەکانیان دێتەوە. شاعیرانی ئەوان هەوڵیان نەداوە لاسایی ڕۆژ ئاوا یان ولاتیتر وەکەن. ئەو جۆرە هایکۆ دەڵێن کە لە زمانی ئەوان دا هەم چێژ بەخشە و هەم لە فەرهەنگ و ئەدەبی ئەوان دەکاڵێتەوە.

هەر چەن لای خۆمان، کە فێری لاسایی کردنەوەین. هایکۆی کوردی و فارسی و .... هەیە کە زۆربەیان هێندە بێ تامن حەز ناکەی گوێیان لێ بگری.

هایکۆ لە سێ دێر دا و هەر دێرەی بە برگەی جیاواز تەنیا تایبەتی ژاپۆنە نەک کوردستان.

ئەو بەرێزانە کە کاریان لاسایی کردنەوەیە هیچ بە خۆیان زەحمەت نادەن بچن بە شوێن داهێنانی تازە لە ئەدەبی کوردی دا! یان لانیکەم بە وەزنی بەیت و حەیران و بەندەکانی کورد دا بچنەوە و شتی تازەتر پێشکەش بکەن!

بە داخەوە ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرەکانیشمان مێهرەجان و ڕێورەسمی تایبەت بۆ هایکۆ ساز دەکەن و ناشزانن بەو کارەیان چ زەبرێکی گورچووبڕ لە نووسینی لاوان و شێعری کوردی دەدەن و تا ئێستاش خەسارەکانی ئەو کارەیان نەزانیوە کە بەرچاوترین خەسار لەو کۆبوونەوانە دا سارد کردنەوەی قەڵەمەکان لە نووسینی کوردی و بێ ڕێزی بە شێعری کوردی و ڕێز دانان بۆ شێعری دەرەکییە!

زۆر جار کە شێعری ئەو بەرێزانەی ئەمڕۆ لە سایەی ڕەخنەگران پلە و پایەیان دراوەتێ دەخوێنینەوە بۆمان دەر دەکەوێ کە زمانی ئەو شێعرانە لە زمانی کووچە و بازاڕ دەچێ نەک زمانی شێعر و ئەدەب! تەنانەت خەیاڵیشی تێدا بەدی ناکەی!

یان لە ناو شێعرەکانیان دا وشەگەلی ناشێعری و تەنانەت ناشیرین دێنن کە ئاستی نووسینەکانیان تا قسەی ئاسایی و شەڕەجوێنی ناو شەقام دادەبەزێنێ!

هەر ئەوە وای کردووە لاوی تازە پێگەیشتوو لە ناو شێعرەکانیدا ئاماژە بە زۆر شتی ناشیرین و قێزەون بکا کە خوێنەر لە ڕووی نایە ئەو نووسراوە لە هەر شوێنێک وەخوێنێ!

بە داخەوە زۆریان پێیان وایە ئەمە ڕچە شکێنییە و نازانن زۆر بەر لە ئێستا لە ناو شاعیرانی کورد دا کەسانی وەک نالی و ئەدەب و شێخ ڕەزا و... بوون، کە بە شێوەی ئەدیبانە و هونەری شێعریان وتووە کە نە تەنیا خوێنەر بێزار ناکەن بەڵکوو خەرمانی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندتر دەکەن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر یەکێک لە مانا و تەعریفەکانی شێعر بۆمان دەردەکەوێ کە پێناسە کردنی ڕەخنەگران لە شێعری سەردەم و پێشکەوتن خوازییان نە تەنیا هەڵەیە بەڵکوو کارێک دەکەن بە ئەدەبیاتی کورد کە با بە دەواری شڕی ناکا و تەنیا قازانجی بۆ دوژمنانی ئەو ئەدەبیاتەیە!

من چەند نموونە لە تەعریف و پێناسەکردنی شێعر لە کەسایەتییەکانی ئەدەبی دێنمەوە تا بزانین شاعیرانی ئەم سەردەمە بە تایبەتی لاوانی کورد چەندە لە شێعر دوورکەوتوونەتەوە:

لە تەعریف و پێناسەکردنی شێعر دا، نەریت خوازەکان دەڵێن: تایبەتمەندی ئەسڵی شێعر کێشدار و ئاهەنگینی ئەوە.

لە پێناسەکردنێکی تر دا دەڵێن: شێعر بێژە و قسەیەکە کە تێیدا ئاوەز و شارەزایی و زانایی تێدا بێ!

دوکتۆر شفیعی کەدکەنی باوەڕی وایە، شێعر شتێک نییە بێجگە بە مۆسیقا گەیاندنی بێژە و قسە و دەڵێ: شێعر ڕووداوێکە کە لە زمان ڕوو دەدات و لە ڕاستی دا، بێژەری شێعر، بە شێعری خۆی کارێک لە زمان دا بەدی دێنێ کە خوێنەر، لە مابەینی شێعری ئەو دا و زمانی ئاسایی جیاوازییەک هەست پێ دەکا!

هەروەها کەدکەنی دەڵێ : شێعر لێک ئالانی سۆز و خەیاڵە کە بە زمانێکی کێشدار دەوترێ!

ڕەزا بەراهەنی لە کتێبی تەلا لە مس دا دەڵێ": شێعر بەسەرهات و ڕووداوێکە لە زمان دا کە خوێنەر لە مابەینی زمانی شێعری ئەو و زمانی ڕۆژانە و ئاسایی دا هەست بە جیاوازی بکات!

ئەرەستوو دەڵێ: پێویستی شاعیری، زۆرتر داستان سازییە نەک بە کار هێنانی قسەی کێشدار.

محەممەد تەقی بەهار دەڵێ: هەر شێعرێک کە نەتان جووڵێنێ، گوێی لێ مەگرن. هەر شێعرێک کە پێکەنین نەخاتە سەر لێوت یان نەت گریەنێ، فریی دەن. هەر هەڵبەستێک کە یەک یان چەند شتی چاکت پێشکەش نەکا، متمانەی پێ مەکەن!

شێللی بڕوای وایە شێعر بە مانای تەواو یانی دەربڕینی خەیاڵ.

دوکتۆر زەڕڕین کوب تامەزرۆیی ئیلهام بە لێکدانەوەی عارفانەی وێنا کردن و خەیاڵ دەزانێ.

شوپنهاوڕ دەڵێ: شێعر یانی بە کارهێنانی وێنا و گومان بە یارمەتی وشە.

بووعەلی سینا لە کتێبی شەفا دا دەڵێ: شێعر، بێژە و وتەیەکی خەیاڵ وروژێنە کە لە قسەی کێشدار و یەکسان و وەک یەک دروست دەبێ.

دوکتۆر خانلەری بڕوای وایە شێعر هێنانە زوانی حالاتی نەفسانییە.

شێعری چاک، شێعرێکە کە ناوەرۆکەکەی مانای جوان و تازەی تێدا بێ!

نیما، شێعر بە ڕاڤە کردن و شیکردنەوەی ئارەزوو و ئاواتەکانی دەروونی دەزانێ


بەو هەمووو پێناسەکردن و تاریف کردنی شێعر، دەگەڕێینەوە بۆ سەر شێعری ئەمڕۆی شاعیران.
گەر بم هەویَ نموونە گەلێک لە شێعری ئەمڕۆ بێنمەوە و لە گەڵ تاریفی ئەو بەرێزانە دا بەراوردی بکەم، نموونە زۆرە بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران دەرکەویَ کە بە داخەوە لەم سالآنە دا بە ناوی پێشکەوتن خوازی و هاوتەریب لە گەڵ ڕەوتی جیهانی و.... دا، شێعریان بە چ ئاقاریَ دا بردووە.
باشتر وایە خوێنەران، شێعری ئەو شاعیرانە چاو لێ بکەن کە لە فستیواڵەکان دا، پلەی یەک و دوو و سێیان هێناوە!
خەسارناسی ئەو کارە، دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی ڕەخنەگران و کارناسانی ئەو بوارە! هەر ئەوانن بە داخەوە، شێعریان لە فەرهەنگی نیشتمانی دابڕیوە و بە لاسایی ڕەوتی شێعری بیانی، قەڵەمەکانیان بە لاڕێ دا بردووە!
زۆر شێعر هەیە، ڕەنگە لە باری تیکنیک و فەننی نووسین و .... جوان بیَ، بەلام پێش شاعیرەکەی دەمریَ و هیوای هەرمان دەباتە گۆڕەوە. ئەوە دەریدەخا کە ئەو شێعرە ڕێکەوت و کاتێکی دیاری کراوی( بە قولی فارس تاریخ مصرف) هەیە بۆ بەسەرچوون!
دەڵێن: کرمی پەپوولە لە ناو ماشۆتی خۆی دا کاتێکی دەویَ تا کامڵ بیَ و پیَ بگا تا وەک پەپوولە خۆی لە ماشۆت بێتە دەریَ و ببێتە پەپوولەیەکی تەواو. ئەگەر لەو ماوەیە دا، کەسێک بیهەویَ یارمەتی بدا و ماشۆتەکەی بۆ بدریَ و پەپوولە ناباڵق و پێنەگەیشتوەکە بێنێتە دەریَ، ئەوە هەرگیز نابێتە پەپوولەیەکی باڵغ و کامڵ و ئەگەریش بتوانیَ بفڕیَ، لاواز و نەخۆش و نائاساییە!
بۆ هێلکەی پەلەوەرەکانیش هەر بەو شێوەیە!
ڕەوتی ئەدەبیات بە تایبەتی شێعریش هەر وایە.
شێعر دەبیَ لە پرۆسەی زەمان دا بگا بە فراژ و گووران.
بە زۆری مامان و چاولێکەری ڕەوتی جیهانی ناتوانێن بە زۆری، شێعری کوردی بگەیەنین بە ئاستی گەشە و سەرهەڵدان و گووران.
شێعر لە گەڵ ڕەوتی کۆمەڵگا دا گەشە دەکا.
ئێمە زۆر شتمان وەک وڵاتانی پێشکەوتوو ناچیَ. ناتوانین هەر بەو ڕبە بپێوین کە لە ئورووپا و ئەمریکا و زۆربەی وڵاتان، شێعر پێناسە دەکەن.
زۆربەی شێعری ئەمڕۆمان ئاوێنەی تەواو قەدی فەرهەنگ و پێشکەوتن و کلتووری گەلەکەمانە و دڵنیاشم ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە دایە.

سەرچاوەکان:
ـ کەڵک وەرگرتن لە وتە و قسەکانی ڕەخنەگران و شاعیران و وتارەکانی ناو دەنیای مەجازی ،کە لە ئینتێرنێت دا هاتوون
ـ بەرێزان: محمد رضا شفیعی کدکنی. ـ کتاب موسیقی شعر،
ـ رضا براهنی ـ کتاب" طلا در مس"

| بۆکان. محەممەد ئەمین قورەیشی | کاریکاتۆر | |
|---|---|---|
|  |  |  |

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# شارەزاییەک دەربارەی دامەزراوەی (کامیلۆ خۆسە سێلا) و کتێبخانەکەی!



هەولێر. سەعدوللا نووری*

لە سالانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستی زایینی کامیلۆخۆسەسێلا بڕیاریدا دەستنووس وکتێب و تابلۆوبەرهەمە هونەری وئەرشیف ویاداشتە ئەدەبییەکانی خۆی لەدامەزراوەیەکدا و بەسەرپەرشتی خۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی وەکومیراتێک بۆنەوەی داهاتوو بمێنێتەوە، بۆئەم کارەشی ژمارەیەک خانووی سەدەی هەژدەی هەڵکەوتوولەناوچەی (ئیریافلافیا-(Iria Flaviaی هەڵبژاردکەشوێنی لەدایکبوونی خۆی بوو. بیری خـرکردنەوەی ئەم میراتە دوای چەندسالێک بووە حەقیقەتێک ئەویش دوای وەرگرتنی پێشنیارێک بوولەزانکۆیەکی ئەمریکییەوە کەلەپێکـهێنانی دامەزراوەیەکی ئاوادا بەشداری دەکرد، چونکە بەهای مێژوویی و ئەدەبی مەڵبەندێکی موتالاکردنی ئەدەبیاتی ئیسپانیایان لەپێش شەڕی ناوخۆ هەست پێکردبوو، پاشان لە( (٧٠یەمین سالڕۆژی لەدایکبوونی خۆیدا کامیلۆخۆسەسێلا لەبەرامبەر هاولاتیانی، مەبەستی خۆی بۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی ئەدەبی کە پارێزگاری لەمیراتەکەی بکات ڕاگەیاند. یەکەمین هەوڵی لەم ڕێگایەدا کڕینی چەند خانوویەکی کۆن و ئەشرافی بوو کەلەسەرشێوەی ئەندازەیی سەردەمی سەرەتای پاشاکانی ئیسپانیادروستکرابوو و کەوتبووە بەرامبەرکۆلێژێکی کۆن و لەڕووی شوێن و فرەوانییەوە زۆرلەباروگونـجاوبوو. دەنگدانەوەی هەواڵی ئەم کارەگەورەو ڕۆشنبیرییەی سێلا لەزانکۆی(سانتیاگۆدی کۆمپۆستیلا-(Santiago de Compostelaکارەکانی زۆر بۆ ئاسانکرد، چونکە چواردەستە لەویلایەتی گالیسیا بەشداریکردنیان لەئەنجامدانی ئەوکارەدا کە پرۆژەیەکی کەسیی و خێرخوازانەبوو بە ئەستووگرت لەوانە: وەزارەتی ڕۆشنبیری، شارەوانی(پادرۆن ) و دوو دامەزراوەی ڕۆشنبیری دیکە. پاش چەندین دانیشتنی سەرەتایی لەکۆشکی سان خـــرونیمۆ، سەرۆکایەتی زانکۆ لە١٤ی ژوییەی١٩٨٦پێکهێنانی دامەزراوەکەیان ڕاگەیاندو پاشان لە١١ی ژوئن١٩٩١لە ڕێورەســمێکی شکۆدارو بەئامـــــادەبوونی ئەندامانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی ئیسپانیا ئەم دامەزراوەیە بەشێوەیەکی فەرمی کرایەوە . پاشان دەستەیەکی باوەڕپێکراوکە پێکهاتبوون لــەبیست ئەندام و بەسەرۆکایەتی دامەزرێنەری دامەزراوەکە(کامیلۆخۆسەسێلا) ئەم کارانەی خوارەوەیان وەئەستۆگرت:

أـ بەرنامەڕێژی . ب ـ ڕێکخستن . ج ـ بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی سەرمایەو پێکهاتەی دامەزراوەکە لەوانە:

١ـ بەرهەمەدەستنووسەکانی کامیلۆخۆسەسێلا.

٢ـ پارچە لەسەرنووسراوەکان

٣ـ جزوەکتێبەکان.

٤ـ پارچە ئەدەبی ء بەرهەمە نیوە تەواوو چاپە جیاوازەکانی کتێبەکانی نووسەر.

٥ـ وەرگێردراوەکانی لەزمانە جیاجیاکان.

٦ـ کۆمەڵێکی پترلەپێنچ هەزارنامەو نووسراوی کەلەگەڵ کەسایەتییە ڕۆشنبیریەکاندا لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست بوویەتی .

٧ـ لەئەرشیف دانانی تەواوی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپکراوە جیاوازانەی کە نووسەرلەساڵی ١٩٤٢وە تائێستاگرنگی دابوو بەکۆکردنەوەیان.

هەموو ئەوانەی لە سەرەوە باسکران نووسخەی یەکەمن و سەرنـجی زۆرلە لێکۆڵەرو زمانناسانی سەراسەری دنیا بەرەولای خۆیان ڕادەکێشن و بۆقوڵبوونەوە دەربارەی بەرهەمەکانی نووسەر دەیانکێشنە ئیریافلاڤیا. ئەم دامەزراوەیە چەندین ژووری بۆ یارمەتیدانی کەسانی زانکۆو لێکۆڵەرو توێژەرەوانانی کە سەردانی ئەوێ دەکەن دابین کردووە.کتێبخانەی ئەم دامەزراوەیە زیاترلەبیست و سێ هەزاربەرگ کتێبی تێدایە، بەشێکی زۆرلەکتێبەکــــونە دانسقەو بە بەهاکان جێگای تایبەتیان بۆدانراوە، ئەم کتێبخانەیە پێکهاتووە لەچەندین کۆمەڵی جیاجیا کە لەنێویاندا دەتوانرێ ئاماژە بەکۆمەڵێکی تەواوی گۆڤارە ئەدەبییەکانی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بکرێت، هەروەها لەناو ئەم کتێبخانەیەدا پیشانگایەکی هەمیشەیی هەیە کە تەواوی چاپەکانی ڕۆمانی (خانەوادەی پاسکۆئال دوئارتە)ی سەراسەری دنیای تێداخراوەتە بەر چاوی لێکۆڵەرو ئەلاقەمەندان.

هەرلەشوێنی دامەزراوەی سێلاداکارە هونەریەکان و بیرەوەرییەکانی کەسایەتی سێلای تێدا پارێزراوەو خراوەتە بەردەستی شەیدایانی هونەر، یەکێ لەو کۆمەلانە زیاترلەپێنچ سەد تابلۆو نەخشەی تایبەت بەوکەسانەیە کە وێنەکێش و نووسەرن لەنێویاندا ئەم هونەرمەندانە دێنە بەرچاو : پیکاسۆ، ڕافائیل ئەلبەرتی، گارسیالۆرکا، باڕۆخاپالنسیا، ئیدۆئاردۆڤیسنتە، ئالڤارۆدلگادۆ، ئیسپلاندیۆ.لەبەرنامەکانی ئەم دامەزراوەیە سازدان و بەڕێوەبردنی دەورەی هاوینەیە کە تێیدا نووسەران و ئوستادانی ئەدەبیات لەتەواوی گۆشەوکەناری دنیا دێن و تێیدا کۆدەبنەوەو خەریکی ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕاو بۆچوونی خـــۆیان دەبن، هەروەهائەم دامەزراوەیە هەڵدەستێ بەکردنەوەی پیشانگای جیاجیای هونەری و ئەدەبی کەلە بوارەجیاجیاکانی ئەدەبیدا زانیاری گشتی پێشکەش بەشەیدایانی ئەدەبیاتی ئیسپانی دەکات .

* بەرپرسی کتێبخانەی کۆلیژی ئەندازیاری، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.



نرگس صرافیان"طوفان"

گاهی بی توجه باش ...
به تمام آدم های سمی اطرافت ...
همان هایی که از موفقیت چیزی نمی دانند ،
و تو را از تلاش منع می کنند ...
این ها را نادیده بگیر ...
راهت را ادامه بده ...
گام هایت را محکم تر بردار ...
خدا با توجه به ظرفیت و توان تو ؛
در دلت آرزو ، و در سرت ، هدف می گذارد ...
حتما لیاقتش را داشته ای ... !
در مواجهه با این آدم ها ؛
خودت را به نشنیدن بزن ...
ارزش تو خیلی بیشتر از این حرف هاست ...
باورکن ؛
هیچ چیز برای تو
غیـــر ممکن نیست .... !



وەرگێر : ئامینەعزیزی"سرور" بانە

زۆرکات بێ خەیاڵ بە.....
بەتەواوی ئەم کەسانەی کە وەکوو سەم ڕژاون لەدەورەت....
ئەوانەی کە نەدەزانن سەرکەوتن چییە و
نەهەرگیزسەرکەوتوون و
دەبنە هۆکاری سەرنەکەوتنی تۆش...
ئەوانە مەبینە
ڕێگەی خۆت بگرە و بەردەوام بە ...
هەنگاوەکانت توندتر هەڵێنە
خوا بەقەدەر توانای تۆ هەمووشتێکت پێدەبخشیت...
وەشزانێت لەکونجی دڵت کامە ئاوات،
لەمێشکتدا کامە خەیاڵ،
وکامە ئامانجەت هەیە
بێشک تۆ ئەوەندەت بایەخ هەیە کەپێت ببخشیت...
لەگەڵ ئەم کەسانە؛ خۆت لەکەڕی بدە ،
وابزانە  کە گوێت لەهیچ شتێک نابێت.....
بایەخی تۆزۆر زیاتر لەو قسانەیە
بڕوابکە
هیچ شتێک لەدونیادا چاوەڕوان نەکراو نیە.....



برووجرد. زانا کوردستانی


یەک،
دوو،
سێ،
...
٢٢٥ *
ئۆیی سەرباز!
کولبەر ئینسانە!
بەرد نییە، کە لە کێڤ برکی دی!

پ.ن:
ژماری کولبەر کوژارەو و زامداران لە ساڵی ١۴٠٠ هەتاوی




گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## ناسنامەیەکی نوێ لەژیانی مارف ئاغایی



(۱۳۴۳-۱۳۷۶)ی هەتاوی



شنۆ.عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد

پووختە:
ڕۆژنامەوان، چالاکی کۆمەڵایەتی، نووسەر وشاعیری کورد، مارف ئاغایی، ناوێکی ناسراوەی گەنجەکەبەرهەم ویادگاری باشی دوای خۆی جێ هێشتووە. ڕەنگە زۆر کەس مارف ئاغایی تەنیا وەکوو شاعیر بناسێ کە دیارەکتێبی «زەوی سەخت و ئاسمان دوور»ی دوو جار لە چاپ دراوە.
لەو تیڕوانینە ناسنامەیەکی کورت لەو زانایە دەخەینە ڕووو وبە کورتی ئاماژە دەکەینە سەر هێندیک لە چالاکی یەکان.
وشەی سەرەکی: ڕۆژنامەوانی، مارف ئاغایی، ژیان وچالاکی، سروە

سەرەتا:

مامۆستا هێمنی موکریانی(۱۳۰۱-۱۳۶۶) وەکوو کەسایەتیکی کاریگەر و کەسایەتیکی بێ وێنەی گەلەکەمان وسەرنووسەری گۆڤاری سروە لە ساڵی ۱۳۶۴ی هەتاوی هاوکات دەگەڵ دامەزراندنی ناوەندی ئەدەبی وفەرهەنگی سەلاحەدینی ئەیووبی و بلاو کردنەوەی گۆڤاری سروە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی وفەرهەنگی نوێی پێک هێنا. یەکێ لە بەرچاوترین شوێنەوار وبەرهەمی ئەو حەرەکەتە، پەروەردەی زانایان، نووسەران وشاعیران بوو. سروە لە ماوەی کورتی ژیانی توانی کەسانێکی وەکوو مارف ئاغایی پەروەردە بکا. سروە زانستگا وزانکۆی پەرەی زمان و وێژە وئەدەب بوو.زۆر کتێبی نووسەران وشاعیرانی بلاو کردەوە وزۆریش دیمانە وسەردان ووتووویژی لە گەڵ کەسایەتی ناسراو،شاعیر و هونەرمەند وچالاکوان وهتد کرد. دیارە جگە لە مارف ئاغایی، کەسانێکی زۆر لە داوێنی سروە پەروەدە بوون کە لە جێگای خۆی جێگای سرنج ولێکدانەوەنەیە. لەو وتارە دا، سەرەتا ناسنامەیەکی کورت لە ژیانی مارف دەخەینە ڕووو و بە دوای ئەو دا بە کورتی ئاماژە دەکەینە سەر هێندیک لە چالاکی یەکانی وەکوو ڕۆژنامەوانی و..

ژیانی مارف ئاغایی:

لە کاتی سەخڵەتی وسەرما وکڕێوە لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۴۳ی هەتاوی کوڕێکی ڕۆح سووک و خوێن شیرین لە گوندی «وەزنێ»ی سەر بەشاری نەغەدە چاوی بە دنیا پشکووت و هەتا کۆتایی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەوێ مایەوە و دواییش بۆ درێژەی خوێندن وێڕای بنەماڵەکەی لە شاری نەغەدە نیشتەجێ بوون. پاش سێ ساڵ نیشتەجێ بوون لە شاری نەغەدە،بە هۆی پەشێوی وئاڵۆزی نەغەدە، ماڵیان بەرەو شنۆ دەبەن و هەتائێستاش بنەماڵەی ئاغایی هەر لەوێ نیشتەجێن. مارف خوێندنی دواناوەندی تەواو ناکا کە دەکەوێتە بەندیخانە ولەوێش دیپلۆمی ئابووری وەردەگرێ و بە هۆی ئەوەشەوە ئیزنی چوونە زانکۆی پێ نادرێ ولەگەڵ کرانەوەی سروە، بەرهەمەکانی دەنێری و دوو ساڵ دواتر دەبێتە ئەندمی دەستەی نووسەران وژیانی ڕۆژنامەوانی دەست پێدەکات. لە ئاکامد مارف لە ڕۆژی ۳۰ی ڕێبەندانی ۱۳۷۶ی هەتاوی لە گەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە لە گەڕانەوە پرسەی خاتوو مینای هاوسەری قازی پێشەوا بە ڕووداوی ماشێن، دەگەڵ جەعفەری قازی وسەرتیپ مەنسووری دڵی لە کوتان دەکەوێ ولە گۆڕستانی هونەرمەندان لە شاری مەهاباد دەنێژرێ.

چالاکیەکانی مارف ئاغایی:

زۆربەی ئەوکەسانەی مارف دەناسن، ڕەنگە ئەو وەکوو شاعیرێک بناسن. مارف ڕەنگە دەرفەتی خوێندنی زانکۆ و وەرگرتنی بڕوانامەی لێ وەرگیراوە و خوێندەواری ئاکادمیکی نەبوو، بەلام بەتێڕوانینێکی خێرا، دەتوانین ئەو ڕاستی یە ببینین کە زۆر بالاتر لە بڕوانامە وخوێندنی بالای چالاکی کرد و لە ماوەی ۳۳ ساڵ تەمەنی کورتی دا وەکوو مامۆستایەکی لێهاتوو خۆی نیشان دا.

۱.چالاکی سیاسی: مارف ڕەنگە لەسەر سیاسەت کەوتە بەندیخانە ودەرفەتی درێژەی خوێندنی نەدرایە بەلام ڕاستەوخۆ درێژەی بە سیاسەت نەدا. لە وتووووێژێک دەگەڵ گۆڤاری ڕامان ئاوا دەڵێ: شێعر قسەی هەمیشەیە، بەلام سیاسەت قسەی کاتە. سیاسەت تاکتیکە وشێعر ئیستراتیژی. بەلام ئەو نێوان ئەو دوو ڕیهگایە، ڕێگای سیاسەت ناگرێ و ڕوو دە ڕێگای هەمیشەیی دەکا وبەلام تاکتیک وشوێنەوارەکانی لەسەر کۆمەڵگاش لە بیر ناکا.

۲.شێعر وشاعیری: هەر وەک ئاماژەی پێکرا مارف، ڕێگای شێعری گرتە بەر و بۆ خەم وشادی کۆمەڵگاکەی شێعری نووسی، بۆ ئەوەی سیاسەت ودەزگای سیاسی لە هەڵبجەی خوڵقاند تا دەیان کارەساتی تر تا پەیامی بۆ براکوژی، شێعری بۆ نووسی ودەگەڵ دنیای خۆی کە دەرەقەتیان نەدەهات بە زمانی شێعر بەردەوام جەنگا وجێگای خۆی لە ڕەوتی شێعری نوێی کوردی لەوبەشەی ئێران کردەوە وسەرئەنجام لە دوای مەرگی، کۆی بەرهەمەکانی شێعری لە کتێبێک بە ناوی «زەوی سەخت وئاسمان دوور » لە چاپ دران.

۳.ڕۆژنامەوانی: هەر وەکوو ئاماژەی پێکرا مامۆستا هێمنی موکریانی وەکوو کەسایەتیکی کاریگەر و بێ وێنەی گەلەکەمان و سەرنووسەری گۆڤاری سروە لە ساڵی ۱۳۶۴ی هەتاوی هاوکات دەگەڵ دامەزراندنی ناوەندی ئەدەبی وفەرهەنگی سەلاحەدینی ئەیووبی و بلاو کردنەوەی گۆڤاری سروە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و فەرهەنگی نوێی پێک هێنا. دوو ساڵ پاشر ودوای کۆچی دوایی مامۆستا هێمن، کاک مارف بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی سروە و ئەوەش سەرەتای ژیانی ڕۆژنامەوانی بوو. ئەگەر چاوێک بە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ژمارەکانی گۆڤاری سروە دابخوشێنین، لام وایە بە دەیان دیمانە وسەردانی کەسایەتیٔ ناسراوەکانی کردووە. بە دڵنیایی جودا لە بیر و باوەڕ و زەینی داهێنەرانەی مارف، یەکیٔ لە بەشەکانی بەرچاو لە خۆشەویستی مارفی ئاغایی بەشی ڕۆژنامەوانی بوو کە مارفی کردە مارف. چوونکە زۆر بە پەرۆشەوە خۆی ماندوو کرد و توانی ئەوین وپەیامی دڵسۆزانەی بگەیینێتە دوورترین ڕووناکبیرانی کورد وپێوەندیان دەگەڵ بگریٔ.

٤. دیمانە و پێوەندی دەڵ ڕووناکبیران: لە کۆڕ وکۆبوونەوە ودانیشتنەکاندا، هەدای نەدەدا وهەوڵی دەدا دیمانە دەگەڵ نوسەران وزانایان بکات. هێندیک لە دیمانە کانی دەگەڵ پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفارەسووڵ، حوسێن عارف، ڕەئووف بێگەرد، ڕەئووف حەسەن، جەماڵ شارباژێڕی،سەلام مەنمی، محەممەدی قازی، ئیبراهیم یۆنسی، شێرکۆ بێکەس، حەسیب قەرەداغی، لەتیف هەڵمەت، مەسعوود محەممەد وهتد بە ڕووی پێوەندیەکانیەوە دیارە. وەکوو کاک ڕەسووڵی وەیسی لە وتاری ١٣ ساڵ دەگەڵ مارف دا دەنووسێت: «لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی سەرجەمی وتوو وێژەکانی لە ژمارەیەکی تایبەتدا لە لایەن ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبی بڵاوکراوەتەوە. هەر وەها بە هۆی تەلەیفوون ونامەش دەگەڵ زۆربەیان پێوەندی هەبووە.»

٥.هەوڵی دامەزراندنی حەوتەمین ئەنستیتۆی کورد: لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی  هەڵیک دەرخسێنن و مارف ئاغایی وهاوڕێیانی وەکوو بەهرامی وەلەدبێگی و.... لە تاران هەوڵی دامەزراندنی حەوتەمین ئەنستیتۆی کورد دەدەن و  گۆڤاری ژمارە یەکی کوردستان بلاو دەکەنەوە و کە دوای دەرچوونی یەکەم ژمارەی پێشی بلاو کردنەوەی گیرا، بەلام چەند ساڵ ئەنیستیتۆی کورد لە تاران، چالاکی خۆی کرد،

٦.نووسین ولێکۆڵینەوە: مارف چەندین وتاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە گۆڤارەکانی ناوخۆی کوردستان دا بڵاو کردۆتەوە ولە سەرمێژوو وجوغرافیای شاری شنۆ وتاری نووسیوە و بە شێوەیەکی هاوبەش هەوڵی بۆ وەرگێرانی فەرهەنگی موعین داوە. مارف حەزی لە لێکۆڵینەوە دەکرد و تەنانەت لە دانیشتنێک لە گەڵ یەکیٔ لە نووسەرانی ئەو وتارە، ڕاسپاردەی فێر بوونی شێوازی لێکۆڵینەوە دەکرد و لای وابوو بۆ گەشەی نەتەوە دەبیٔ جگە لە ئەدەب و وێژە، دەبیٔ لێکۆڵینەوە بکرێت.

دەرئەنجام:

بەو جۆرە مارف ئاغایی، نە تەنیا شاعیر وچیرۆک نووسە، بەڵکوو ڕۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی، وەرگێر و نووسەریش بوو. بیری تیژی بە گەلای شێعر و چیرۆک و دیمانە و دانیشتنەکانی وە دیارە. وەکوو نووسەری هێژا محەممەد حەمە باقی لە سەرەتای وتارەکەی بۆ مارف دەنووسێت: «مارف مێژووی خۆی بە دیدیکی شارستانییانە دەخوێنێتەوە و هەر بەو دیدەشەوە لە سەرەتای و قووڵایی مێژووە، گوێی لە بانگەوازی مرۆڤی ئەشکەوت نشینی نیشتمانەکەی خۆی دەگریٔ، تا دەگاتە مێژووی ڕۆژگارەی، کە لەسەر شەقامی قیرەتاو وساڵۆنی کۆبوونەوەی فەرهەنگیی جیجیای گەلان ونەتەوەکانی دنیاوە، قسەی نویٔ وبیری نوێی مرۆڤ دۆستانەی گەلەکەی، بە توانا و ئیرادەیەکی پتەوەوە بۆ گەلانی دنیا باس بکات...»  هیوا دارین توێژەران، بە تێروانین لە سەر ژیان وبەرهەمەکانی کاک مارف، شیکاری وپێناسەی باشتر بکەن.

سەرچاوەکان:

ئاغایی، مارف(١٣٩٤) زەوی سەخت وئاسمان دوور، سەقز: فەرهەنگسەرای هونەر وئەندێشە

حەبیبی، هادی(٢٠٠٨) ڕازی مانەوەی خاک( شێعر و ژیانی مارف ئاغایی)،هەولێر: بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان، چاپی یەکەم

وەیسی، ڕەسوول(٢٠٠٨) ١٣ ساڵ دەگەڵ مارف



بانە. شەریف محەممەدی( ئایسان)

کات بوولێڵی بەیانی بوو  دەنگێک بە «کاکە گیان، کاکە گیان» ئەیلاواندمەوە! باوەشی گرتم، وەک پشیلەی چاونەپشکووتوو خۆم سپاردە دەستی

نەمئەزانی ئایا جێم ئەگۆڕیٔ  !؟یا  لە خۆم میزتووم و پانتۆڵم بۆ ئەگۆڕیٔ  !؟. یا  شڵپیٔ ئاو ئەدا بە چرووچاوما تا هەستم!؟

ئەوەندەی بوو.... ئەمزانی هەر کامیان بیٔ  بە کاکە گیان، کاکە گیان دەست پیٔ ئەکا و بە ماچێک کۆتایی دیٔ

پێشکەش بە ڕۆحی بەفرینی دایکم

## ژین‌نامەی هونەری شاعیرەکان



نووسەر و کۆکەرەوە: زانا کوردستانی.برووجرد



"ڕووبار عبداللطیف مولود عبدالکریم" ناسراو بە "دەریا هەڵەبجەیی"، لە بیست و هەشتی دووی هەزارو نۆسەدو حەفتای زایەنی لە گەڕەکی سەرای شاری هەڵەبجە لەدایک بوو و ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانییە و خاوەن دووکچ و کوڕێکە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە هەڵەبجە تەواو کردووە و بڕوانامە دبلۆمی هەیە و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٨٧زایەنی و لە ئێستادا مامۆستایە لە باخچەی منالان.

ئەم شاعرە کوردە بەشداری لە پێنجەمین فیستڤاڵی گەلاوێژ کردوە و خەلاتی سێیەمی شیعری وەرگرتووە.

سەبارەت بۆ یەکام جار لە ئێران‌دا "دەریا هەڵەبجەیی"، بە دەستی "زانا کوردستانی" پێناساو بوو و شیعرەکانی بە فارسی وەرگێر و بلاو کراو.

ئەم بویژە ئافرتە سێ کتێبی چاپکراوی هەیە، بە ناوی: ١- ئێرە سەرزەمینی فریشتەیە(ساڵی ٢٠٠٨) ٢ـ کووژەکەی شین - ساڵی ٢٠١٥
٣- لە پەنجا ساڵیدا - ساڵی ٢٠١٩

▪چەند نموونە لە شیعرەکانی:

### "بێدەنگی"

شتێکم پێ مەڵێ کە دەیزانم
ئەوەم پێ بڵێ کە نایزانم
بۆ نمونە مەڵێ پیربوویت
بڵێ زۆرم خۆشم دەوێیت.
❋❋
هەمیشە دڵی خۆم بۆ پیاوێک تەنگ کردووە
تەنانەت ناشزانم منی خۆش دەوێت
یان ڕقی هەیە بۆم.
❋❋
بێدەنگی هەندێک جار عەشق دەکوژێت
بێدەنگ مەبە
وتنی تەنها وشەیەک
کەمێک جورئەتی پیاوانەی دەوێت.
❋❋
تێناپەڕێت ڕۆژی من
بێ خەیاڵی هاتنت
دەزانم سەختە
بەلاّم باشترە لە خەیاڵی نەهاتنت.
❋❋
تۆ بەرواری یەکی هەموو مانگێکیت
شەممەی ڕۆژەکانی هەفتە و
سەرەتا و کۆتایی ساڵیت
ئیتر پێم ناڵێیت چۆن لە بیری پیریم دەچیت.
❋❋
کە دەتبینم
قەڵەمی زمانم دەشکێت
دەڵێم خودا
من تەنها ڕۆحم شک دەبەم
بە فیدای بێت
تا هەمیشە ئەوم هەبێت.
❋❋
نەمتوانیوە بە خەیاڵیش
ساتێک تۆ لە دڵم دەرکەم
کاتێکیش کە بیرت دەکەم
نازانم بە چ زمانێک بۆت بنووسم
بیرت دەکەم.

### "باوکە"

باوکە
جەژن لە ڕێیە
ورد ورد بەرەو من دێت
خەڵک بە نیازی زۆر شتە
بیکرێت
دڵی منیش تەنها بە نیازی
دیدارت
یەخەی هەزارو یەک نزا
دەگرێت.
...
باوکە
جەژن کەمی ماوە
هەفتەیەک دوانی تر دێت.
ئیتر جەژنانە شیرین دەبێت
چاوی منیش هەر لە شیرینی
ڕوخساری تۆ دەگەڕێت.
...
باوکە
من کچە بچووکەکەی جارانت
نیم
بۆ جلی تازە ناگریم
بیانوو بە دایکم ناگرم بۆ
جەژنانە
ماڵە و ماڵ ناگەڕێم بۆ نوقڵ.
لیوەکانم سوور ناکەم بە شاتوو
بیرم کردوویت
بەناو ڕۆحی خۆمدا بۆت
دەگەڕێم
بۆ لێم ون بوویت.
...

باوکە
دەڵێن خودا زۆر میهرەبانە
تۆ لای ئەویت دەزانم
دەکرێت پێی بڵێیت ئیزنی
هاتنەوەی تۆ بدات
تا هەمووان پێکەوە لای دایکم
بین
بۆی بکەین بە جوانترین
جەژنانە.
..
باوکە
تۆ وەرەوە
بەڵێن بێت داوای هیچت لێ
ناکەم
جل و پێلاوی تازەت پێ ناکڕم
جەژنانەشم لێت ناوێت
بەڵێن بێت
بەس با دانیشتنت ببینم
کە جەژن دێت
ئەمەوێ بیانووی ڕۆحم ببرم...
بەڵێن بێت.
باوەشێک نەبێت
هیچی ترم لێت ناوێت
بەڵێن بێت.

### "دایە"

دایە
لەو گوناهانەم خۆش ببە
کە ئازاری تۆیان دا
بەهاتنە دونیای ڕۆحی تەنیای
من.
...
پەنجاویەک جار
بە دەوری حەرەمی چاوەکانتا
ئەسوڕێمەوەو
سوژدە بۆ گەورەییت ئەبەم
هەتا ئەمرم، من.
...
دەستی گەرمی تۆ و
گۆڕی ساردی باوکم
ئەمشەو توند لە باوش ئەگرم،
من.
قەرزاری ئێوەم
چی لە یادی بوونم بکەم
کە هەموو ڕۆژێ ئەمرم.
...
هەر ماوم من.
هەتا ماوم
نزا بۆ مانی تۆ دەکەم دایە.
مانی من بە بێ بوونی تۆ
مانێکی زۆر بێ مانایە.
...
لەبری مۆم
دڵی خۆم ئەمشەو بۆم سووتا
ئازارێک ڕۆحی گریاندم
تەنیاییشم بوو بە چرا.

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بۆکان. ڕێ زان

وەرە بتگرمە باوەش لێو بە لێو بین
نەکا دارماڵ کرێین و دوا بە شین بین
من و تۆ  یەک نیگای  ئاوتگی ئاوین
کەسووتمانی هەتاو هات با ڕەفیق بین

❋❋

شەوە و ئیشتیام لە باوەشتە و خەوو ناز
لە سێحری خۆشەویستی تۆ  هەمە ڕاز
لە مێژە چاوەڕێم بتگرمە باوەش
ئەمن پردێکی ڕازی تۆم مەدە باز

❋❋

سرە لێوم بە ماچی لێو کە گەستت
بە سەر هەست و هەناسەم هات مەبەستت
بە قوربان تۆزی ڕێ و ڕێگەی درێژت
چ بێ نازم لە دوور دووچاوی مەستت

❋❋

هەناسەم گەو بە گەو دێت و پەرێشان
دەمارو ڕەگ هەموو تووندن لە سەرشان
بە چەشنی سازی ناساز تێک شکاون
لە زکرو فکری تۆ دان وەک دەرۆشان

❋❋

چ ڕوی داوە بروّت ڕێک خست و وێک نا
وشەی  زارت  ئیشاراتت  دەڵێن  با
لە باخچەی سینگی نە ڕمت  پاسەوا نم
بە نا و  باوە  سەرم  گێژەو و برۆولا

❋❋

ئەمان نادەن بە من فرمێسکی ئاڵم
بە ڕوخسارا وەکو بەی ڕەنگی کاڵم
لە بازنەی ژینی پڕ ژان بێ تۆپسکم
قە لەم کۆڵ و زمانیش لەنگ ولاڵم

❋❋

فیداکاری لە تۆ دابوو نەبوو لێم
پرۆژەی خۆشەویستی هاتەسەرڕێم
خەج وسیامەندی قەڕنی بیست ویەکین
(فنافی الله) لەتۆ دام پێم بڵێ کێم

❋❋

مەچۆ شارێ کە وێرانە مەچۆ تۆ !
زمانی لاڵی من بۆت هاتەوە گۆ
وەکو سایە لە،دووت  دەخشێ دڵی من
دوو چاوم چاو لە ڕێگایە بەبێ هۆ

## شمشاڵ = قالەمەڕە



سەقز. پشکۆ یاسینی

شنەی سێحراوی شمشاڵت سریوەن بۆ کەژ و کێو
بە سۆزی ناخ کە قامکانت دەبزوێنی لە گەڵ لێو

چرۆی شادی لە نێو ناخی گوڵاڵە و باخ دەرسکێن
بە گوێیاندا بچرپێنێ هەوای مامەی دڵەنگێو

هەناسەت بۆتە پێناسەی بە تاسەی کوردی بێکەس
بە بۆنەی تۆوە بوو شمشاڵ بە ناوی کورد برا نێو

نە پیتێک و نە نۆتێکت لە ئامێری نەیا خوێند
کەچی پێشەنگی کاروان بووی، کوڕە شوانی بە بێ خێو

شنەی شمشاڵەکەت شێبای شەمی شەوگاری شارن
شەماڵن بۆ ڕەز و بێستان، هەناسەن بۆ چڵ و چێو

لە نێو خاکی بە خەم ڕسکاو گڕی قامیشەڵانە
شەهیدی جازبەی عەشقە دڵی چوارقاشی وەک سێو

بە ئێعجازی نەوای شمشاڵ دڵی" پشکۆ"ن مەکۆی ڕاز
بە پێی ئاخ و مەراقی ناخ دەبارن ڕۆندکی زێو



سەقز. فەریدەکاکی

ئەگەر ڕۆیشت
یاد و بیری لە نێو
خولیای شێعرەکانم
پیاسە دەکا
دڵۆپ دڵۆپ دەبارێنن
وشەکانم
بە سەر هەستی بێ تاوانی
خەمەکانم
بار و دۆخی ئەم ژیانە نالەبارە
ماندووی کروووم
ماڵی فەلەک یاخوا برمێ
وا بە تاڵی
بێ تۆی کردووم

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# ستاتیکای مینیماڵیستی لە شێعرەکانی مامۆستا ک.د.ئازاد .پاژی ٣



بانە. یادگارڕەحمانی. نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبیی



لە پاژی دووهەم دا ئاماژەم بە بڕێک لە ئێلێمێنت و فاکتۆرگەلی جوانیی ناسی لە ڕوانگەی مینیماڵیستیەوە لە شێعرەکانی مامۆستا دا و لەم پاژەش دا شێعرێکی دیکەی مامۆستا شرۆڤە دەکەم کە وا دیارە بەرهەمێکی نوێیە و تازە نووسراوە.

دوێنێ
پێکەنینیان ناشتم
ئەمڕۆ
شێعرێکی سەرکێشم
سواڵی دەکرد!
ڕەنگە سبەی
قەڵەمەکەم
لە گۆڕەپانی گەورەی شار
بدرێ لە دار!

شێعر بە خەبەرێک دەست پێ دەکات (( دوێنێ پێکەنینیان ناشتم )) لە ڕێتۆریک (( البلاغە )) دا خەبەر (( متحمل ))ـی (( التصدیق)) واتا بە پشت ڕاست کردنەوەی وتەکە یا (( التکذیب )) واتا بە درۆ کردنی وتەکەیە و مینیماڵیش جۆرێکە لە خەبەر کە خاسسیەتی درۆ و ڕاستی تێدایە، وەلی بەردەنگ چۆن دەتوانی بەم پلە لە مەعریفە و زانست بگات؟
ولامەکەی هەر لە ڕێتۆریک دا هاتووە (( مطابقة القول بالواقع )) واتا قسەکە لەگەڵ واقیع دا بەراورد دەکرێ تا بزانن ئایا ئەو وتەی شاعێر ڕاستە یا نە!
شاعێر چون لە چوارچێوەی شێعر دایە و خەریکە باس لە هەستی خۆی دەکات پەس ناتوانێ درۆ بکات چون ئێحساسات (( Emotions))ـی ئەو پاڵفتە بوون لە جەریانی تێکەڵی ئەمری حەقیقی و واقعی دا و یا هەر ئەو دیالێکتیکە هێگلییە کە لەوە پێش تر باسمان کرد. شاعێر بە درۆ ناکرێتەوە چون شێعر لە خانەی حەقیقەت (( Truth))دا پەرداخت دەکرێ و (( ماحصل ))ـی ئەزموونی دۆزەخاوی شاعێرە لەگەڵ وشە بە جۆرە کە ڕەزا بەراهەنی علیە الرحمە باسی لێ دەکات.

بۆمان دەرکەوت کە دێڕی یەکەم کە خەبەرە و مۆتابێقی واقع ڕاستە بەردەنگ بۆ شتێکی دیکە ئامادە دەکات چون (( ارسطو )) لە کتێبی (( بوطیقا )) دا باس لەوە دەکات کە : شێعر باسی شت گەلێک دەکات کە لە داهاتوو دا دێنە دی. مامۆستا باسی (( ما مضی )) یا ڕابردووی کرد و ئێستاش باسی ئەلان (( دم )) دەکات کە چی بەسەر دێت:

ئەمڕۆ
شێعرێکی سەرکێشم
سواڵی دەکرد!

شایەد ئەمە جوان ترین و کورت ترین ڕەستەیێک بێت کە لە کارەکانی مامۆستا دا دەیبینین چون هاتووە بە سەنعەتی (( التشخص )) گیانی وەبەر شێعرێکی سەرکەش کردووە کە سواڵ دەکات و ئەمەش پاڕادۆکسێکی قووڵە کە بەردەنگ بە وتەی فارس (( هاج و واج )) بکات، چون سواڵ کردنی شێعر خەبەر لەوە دەدات کە دۆخەکە زۆر نالەبارە و و مامۆستاش بەم دێڕە هەموو شتێک بە شێوازی مەجازی دەڵێت.
لە دێڕی کۆتایی دا کە سێنتێزی شێعرەکەیە دەڵێ:

ڕەنگە سبەی
قەڵەمەکەم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

**له گۆڕەپانی گەورەی شار**
**بدرێ لە دار!**
ئەوە هەر ئەو بابەتەیە کە ئەرەستوو باسی لێ دەکات یەعنی : شعر بە مثابەی پیشبینی. شاعێر بە هۆکاری دوو شت کە باسی لێ کرا بەو نەتیجە دەگات کە قەڵەمەکەی کە هەم (( استعاره ))ـیە و هەم (( المجاز المرسل )) لە دار بدرێ کە ئەمیش هەر ئەوانەن.

شاعێر لەم شێعرەدا بە چڕی و پڕی و بە شێوازێکی مینیماڵ دێت ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئەدەبی دەردەخات کە ئەمڕۆکە چەند فاسد و سەرلێشێواون و لەم دۆزخەدا لەوانەیە قەڵەمی بە هێزی کەسانێک وەک ک.د.ئازاد لە ناو بچن چون بەڕاستی بە هۆی نەبوونی دیسپلینی هزری و ئەدەبی و نەبوونی دەستگاهی نەقدی هەر کەسێک کە پێی خۆش بێت دێت لەسەر ئەدەبیات و شێعر قسە دەکات و هیچ بەڵگە و ڕێفرێنسی زانستیشی پێ نیە و بەڕاستی ئەم داخێکی گەورەیە کە شاعێری وا لێ کردووە کە لەو پەڕی هەست ناسکی خۆیەوە و بە شێوازێکی شێعری گلەیی لەم شتە بکات.

## ژینگە



**بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی**

هەواری ژینگە، هەست بزوێن‌ترین جێژوانە. ژینگە دیمەنی پڕ لە حەزی سرووشتە، بۆ ئەوە دەبێ ئەویندار لە گەڵ بکەی!
دار، چەم، چیا، کانی، زەریا، شاخ، گوڵ، گیاو... دیاردەکانی بەر چاوی ژینگەن . ژینگە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا بە هەموو ڕەنگ و تایبەتمەندیە جوانەکانی بۆ هەڵس و کەوت و ڕوانین و گەڕان ودیتن ...پەنا و پێگە و پایەندازی ئێمەیە.(تایبەت لە وڵاتی بژوێن و بەرزەباڵای کودەواری).

❋❋

ژینگە، ماڵی هەمووانە. پاراستنی، ئەرکی هەموو مرۆڤەکانە. پێویستە لە وەرزکانی ساڵدا، مناڵەکان لە گەڵ خۆمان بەرین بۆ فێرگەی سرووشت. فێریان بکەین بەهارانە، بۆن و بەرامی گوڵ وسرووشت هەڵمژن، شینکە بلاوێنن و ...
هاوین، لە ژێر سێبەری دارەکاندا وەحەسێن. لە ئاوی ساردی کانیاوەکان بخۆنەوە و...
پایز، بچنە کلاسی هەمە ڕەنگی گەڵاڕێزان . وەرینی بە نۆرە و گێژەڵووکەی لێکهاڵان وئاوێزان و دەستەملانی گەڵاکان بە سەرنجەوە ببینن و لە گەڵیان بدوێن و...
زستان، بە ڕوانین لە بەفر، کڕێوە، بۆران، سەهۆڵ و تۆف و بەند، دیمەنەکانی پڕ لە تێبینی سرووشتیان پێ بناسێنین و...

❋❋

ژێنگە پاراستن، وەک لای لایە و دارە دارە و پێکەنین و پێگرتن، دەبێ فێری مناڵەکان بکرێ و بە گوێچکەیاندا بخوێندرێ کە ژینگە ماف و ویست و پێویستی ژینە.
دەبێ پەرەبگرێ، بپارێزرێ، ڕێزی لێ بگیرێ، جەژنی بۆ بگیرێ و...

❋❋

زۆربەی پێداویستەکانی مرۆڤ، لە ژینگە دابین دەکرێ.
ئاو، هەوا ، با، خاک، هێما و هۆکاری بەدیهاتنی ژینگەن.
دار، گوڵ، گیا، میوە و زۆرینەی خواردەمەنی و پێداویستی ئینسان لە ژینگەدا دەست دەکەوێ و هەڵدەکەوێ و.....
با کانیاو و زناو پڕ نەکەینەوە، دارەکان نەبڕین، لێڕەوارەکان نەسووتێنین، شینکە پیس و بۆڕۆ نەکەین، گیا وگوڵەکان بن بڕ نەکەین و...
(ژینگە ڕواڵەتی دیمەنی نیشتمانە .قوتابخانە و زانکۆی پڕلە وانەی بەدیهێنانە .) پەرە و پاراستن و ڕازاندنی، ئەرکی سەرەتایی هەموو مرۆڤەکانە. تایبەت لە کاتی کار و گەشت و گەڕان، دەبێ بە لێزانی و دڵسۆزی وەک گیان‌لەبەر، بایەخ بۆ ژینگە دابنێین.!

## چەن شێعر له "رودوس فەیلی/ مستەفا بەیگی" ، شاعر کورد فەیلی ئیلامی



### یەک

وە،ژینووسایدیێ تر ،
خەیگەم کوشیگەم
وە تووز و تەم
دە تووز و تەم کوشێگەم
لە جەور جەبر ئی جوغرافیا ،
وەی ک ئی جارە
وە دەرد خوەم کوشێگەم

ـ واتا بە فارسی:
با ژینوسایدی دیگر مرا از پای خواهد انداخت و خواهد کشت
با ریزگرد و خاک ، در ریزگرد و خاک ، مرا خواهد کشت
از جور جبر این جغرافیا ، ای داد و ای وای
که این بار مرا در درد خودم ، خواهد کشت

### دوهەم

کیشامە وە کووڵ؛ جەور تەنیایی خوەم
جوغرافی دەرد و دەور تەنیایی خوەم
خەیڵێگە تمم دە خوەم ،
لە ویرەو چگمە
خوەم بیمە وە قەور گەور تەنیایی خوەم

ـ واتا بە فارسی
کشیدەام بر دوش ، جور تنهایی خودم را
جغرافیای درد و دور تنهایی خودم را
دیرگاهیست که دفن شدەام در خود ، از یاد رفتەام
و خودم شدەام ، قبر گبر و باستانی و متروکەای از تنهایی خود

### سێهەم

بنووڕن؛ چۆ هەژارن؛
قافیەیلە
بنووڕن؛ دەردەدارن؛
قافییەئلە
لە خوەم بەدتر ،
ئەرا شێعر ئەڵوەسینێگ
بنووڕن؛ کەم دیارن؛
قافییەیلە

ـ واتا به فارسی
نگاه کنید؛ چقدر درماندە شدەاند؛ قافیەها
نگاه کنید؛ چقدر دردمند شدەاند؛ قافیەها
از من بدتر ، برای سرودن یک شعر دیگر
نگاه کنید؛ کم می‌آورند؛ قافیەها

### چوارم

دە نام ئاڵبومە قیرەیێگم و هیچ
دە بان تابڵەوە قیژەیێگم و هیچ
سکانسێگ هیچ ، کاکە؛
پڕ ،
پەتی ،
پۆچ
گری ،
تەم ،
خەم ،
بزە ،
بڵخەیێگم و هیچ

ـ واتا به فارسی
در داخل همان آلبوم ، فریادی هستم و دیگر هیچ
بر روی همان تابلو ، جیغی هستم ودیگر هیچ
سکانسی از هیچ ، برادر
پر
خالی
پوچ
گریه
غبار
غم
لبخند
آشوبی هستم و دیگر هیچ

### پەنجم

بەش خوەم چشتێ لەێ دنیا نەبردم
ژیان خۆ نە ، ئەڕا خوەم هەم نەمردم
وە هەر نام و هەر لانامێ گەردیم
دە بان نەخشە پەیدای خوەم نەکردم

ـ واتا به فارسی
به اندازەی سهم خودم هم ، چیزی از این دنیا نبردم
زندگی که هیچ ، برای خودم هم نمردم
با هر اسم و با هر لقب و عنوانی که گشتم
بر روی نقشه ، خودم را پیدا نکردم

# دواین نامەی جەنەراڵ



سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی

بەر لە گەیشتنی نامەکەی جەنەراڵ کە هەموان بەتاسەوە چاوەڕوانیان دەکرد، بێدەنگی باڵی بەسەر یاندا کێشابوو، وەک چاوەڕێی فریاد رەسێک بکەن هەموان چاویان بڕیبووە ئەو رێگایەی خوار ئاوایی لە ناوچاوی هەرکەسێکیان رابمایتایە هەستت بەترس و نیگەرانییەکی زۆر دەکرد، نیگەرانی چارەنووس و ئاییندە...

بەرلە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە کەس لەبیری جەنەراڵدا نەبوو، وەلێ لەگەڵ داکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایەدا، تەواوی دانیشتووان جەنەراڵیان بەفریاد رەسێک دەهاتە پێش چاو، ئەوپەتایەی خەریک بوو قڕی دەخستە خەڵکەوە، زۆربەی دانیشتووان، سەرهەڵدانی ئەو پەتایەیان دەگێڕایەوە بۆ رۆحیانەتی فریادی کۆترباز، ئەو فریادەی بەرلەوەی لەلایەن شۆڕش گێڕەکانەوە گولە باران بکرێت: هەموان بەگومانەوە لێیان دەڕوانی و بەکەسێکی نمەک بەحەرام و ناپاک تێی دەگەیشتن، ئەویش رقی لە خۆیو تەواوی خەڵک دەبۆوە، وەلێ لە سپێدەیەکی هاویندا، دەستەیەک لە شۆڕش گێڕەکان هەڵیان کوتایە سەر ماڵی فریادی کۆتربازو بەزۆر لەژێر چنگی دایکە کزۆڵەکەیدا دەریان هێنا، ئەو ژنەی جگە لە فریاد کەسێکی تری شک نەدەبرد، بەدەم کروزانەوەوە دەیگوت:–توخوا فریادی تاقانەم بۆکوێ دەبەن توخوا فریادم لێ مەسێنن، قورئانەکەی دەستی بەرز دەکردەوەو دەیگووت:–ئەگەر فریادم لێ بسێنن...هەمووتان بەر نەفرەتی خودا دەکەون، هەمووتان لەناودەچن، لەگەڵ وتنی ئەم قسانەدا فرمێسک بەسەر روخساریدا شۆلاوگەی بەست، چاوەکانی سوور بوونەوەو لەهۆش چوو.

تا دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، جگە لە ورتەورت هیچ کەسێک لەبارەی چارەنووسی فریادی کۆتربازەوە هیچی نەدەزانی، دایکی فریادیش بەهەرکەسێک بگەیشتایە پێی دەوت گەربێتوو کوڕەکەم شتێکی بەسەربێت، هەمووتان دەکەونە بەرنەفرەتی خودا، هەموان گاڵتەیان بەوجۆرە قسانە دەهات: ئێوارەیەکی درەنگ کە پەردەی تاریکی شەو بەسەر سرووشتا دادرابۆوە، لە دۆڵەکەی خوار ئاواییەوە دەنگی چەند دەستڕێژێک بیسترا، هاوارێک لە ماڵی فریادی کۆتربازەوە بەرزبۆوە، خەڵکێکی زۆر رژانە سەریان، پیرەژنەی دایکی فریاد، بەدەنگێکە نووساوەوە دەیگوت:–تکایە لەپەنا جەنازەی فریادی کوڕمدا بمنێژن، ئەی هۆزی نەفرەت لێکراو.

لەدوای ئەم قسانە گیانی لە جەستە ماندوو شەکەتەکەی جیابۆوە، وەلێ چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی لێک نەدەنا، وەک چاوەڕوانی دیداری کەسێک بێت، هەندێک کەس پێیان وابوو ئیدی قسەکانی پیرێژنەکە دێنەدی، لەگەڵ کازیوەی بەیاندا چەند کەسێک روەو ئەو دۆڵە رۆیشتن کە ئێوارە دەنگی تەقەکانی لێوەهات، لەبن ئەو دوو دارەدا کە لە دۆڵەکەدا بوو جەنازەکەی فریادی کۆتربازیان دۆزییەوە، سەرتاپای بەخوێن سوور بووبوو، تەواوی جەستەی بەگولە کون کون کرابوو، جەنازەکەیان بردەوەو لەگەڵ جەنازەکەی دایکیدا کفنیان کردن و بڕیاریاندا هەر لەو جێیەدا بەخاکیان بسپێرن، ئەوجێیەی فریادی کۆتربازی لێ گولە باران کرابوو، لەدوای بەخاک سپاردنی ئەوان بۆ شەوەکەی کەسانێک باسیان لە نورێک دەکرد کە تەواوی دۆڵەکەی رۆشن دەکردەوە، کەسانێکی تریش باسیان لەوە دەکرد کە دوو تارمایی دێن و تەقە لە دەرگای ماڵان دەدەن و دیار نامێنن، ئەو کەسانەی ئەو تارماییەیان بینی بوو، گومانی ئەوەیان دەکرد، ئەوە رۆحیانەتی فریادی کۆترباززوو دایکی بێت، لە دوای چەند هەفتەیەک ئەو مەفرەزەیەی فریادیان گولەباران کرد، لە کارەساتێکی نادیاردا لەناو چوون، هەندێک کەس پێیان وابوو یەکێک لە شۆڕش گێڕەکان ناپاکی کردووەو لەکاتی پاسەوانێتی خۆیدا هەڤاڵەکانی گولە باران کردووەو دواتر خۆی تەسلیم بە جەنەراڵ کردووە: کەسانێکی دیکەیش لەناوچوونی ئەو مەفرەزەیەیان دەگێڕایەوە بۆ نەفرەتی خوداو پەسەند کردنی نزاکانی پیرە ژنەکە لەلایەن خوداوە.

جەنازەکانیان ترس و دڵە خورپەی لە لای خەڵکی ئاوایی زیاتر دەکرد، کەمکەس هەبوو بوێرێت لە نزیک ئەو جەنازانەوە گوزەر بکات، ئەوانەیشی بەوێدا گوزەریان دەکرد دووچاری پەتایەکی کوشندە دەهاتن، خوێن لە دەم و لوت و گوێچکەیانەوە دەهاتە دەرەوە، هەر ئەو خوێنەی خۆیان دەبووە گیاندارێکی دڕندە، گیاندارێک لە شێوەدا لە مشک دەچوو وەلێ لە قەبارەدا هێندەی پشیلەیەکی لێ دەهات، ئەو گیاندارە دەکەوتە وێزەی مردووەکان و هەموو گۆشتەکەی دەخواردوو ئێسکەکەیشی دەکرانەوە: هەر کەسێک بەوێدا گوزەری بکردایە دەبووە خواردنی ئەو گیاندارانە.

لەگەڵ گەیشتنی نامەکەی جەنەراڵدا، تەواوی خەڵکی ئاوایی لە دەوری یەک کۆبونەوەو لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کەسێک زەرفی نامەکە هەڵچڕێ و نامەکە بخوێنێتەوە، ئەوان پێیان وابوو ئەو نامەیە دەتوانێت تەواوی کێشەکەیان چارەسەرکات، کەم کەس هەبوو بیری بەلای ئەوەدا بچێت ...بەبۆچونی جەنەراڵ ژیان تاقیگەیەکەو لەو تاقیگەیەدا دەبێت کەسانێک ببنەقوربانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکاندا.

لە سەرەتای نامەکەیدا ئامۆژگاری ئەوەی کردبووین، لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکاندا ئامادەبین ببینە قوربانی، هەموان بەگومانەوە دەیانڕوانییە ئەو بۆچوونەی جەنەراڵ، ئەوێک لە پێناو هێنانەدی خەونەکانیدا مەملەکەتێکی خاپور دەکردوو،

چێژێکی زۆری لە کوشتنی دیلەکان دەبینی، گەلێک جار بەرلە کوشتنیان دەست و قاچی دەبڕینەوەو سەرمەستانە دەیڕوانییە ئەو فوارە خوێنەی لە جەستەی ئەتک کراوی قوربانییەکان درووست دەبوو، هەندێک جاریش دەبەیەک بەنزینی بەگیانی دیلەکاندا دەرشت و دواتر گڕی تێبەردەدان...سەرشێتانە لە دوادیمەنی گیان سپاردنیان رادەماو دەیدایە قاقای پێکەنین.
کەم کەس هەبوو لە بارەی دڵڕەقی و بێبەزەیی جەنەراڵەوە چەند چیرۆکێکی نەبیستبێت، زۆر لە دایکان بەناوهێنانی جەنەراڵ منداڵەکانیان دەترساند...ئەگەرچی لە دڵی هیچ کەسێکدا خۆشەویست نەبوو، وەلێ وێنەکەی بەسەر دیواری زۆربەی ژوری ماڵەکانەوە هەڵواسرابوو: لە بەشێکی نامەکەیدا ئەوەی بەدرۆ دەخستەوە کە کەسێک لە شۆڕشگێڕەکان هەڤاڵەکانی گولە باران کردبێت و پاشان تەسلیم بەو بوبێتەوە، گومانی ئەوەی هەبوو لە یەکێک لەو کانیانەدا ئاویان خواردبێتەوە کە ئاوەکەی ژەهراوی کراوە.
گەلێک کەس چیرۆکی مردنی داپیرەی فریادی کۆتربازیان بیستبوو، فاتمی تاقانە ئەو پیرە ژنەی لە نیوەشەوێکی درەنگدا کاتێک دەچێت بۆ کانی تارماییەکی سپی دەبینێت لە کانییەکە دێتەدەر... بەپرتاوو شپرزەیی بەرەو ماڵەوە هەڵدێت، بەبێ ئەوەی ئاوڕێک بۆ دواوە بداتەوە تا دەگاتە بەر دەرگای ماڵەوە هەڵدێت زۆر بە شپرزەیی دەکەوێتە دەرگا لێدان: کاتێک دەرگاکەی لێدەکەنەوە دەبینن لە هۆش خۆی چووە، باوەشی پیادەکەن و لەسەرجێگای خەوتنەکەی پاڵی دەخەن، پاش چەند ساتێک کەهۆشی بەبەردا دێتەوە جگە لەوەی لەبەر خۆیەوە دەڵێت:. (خێوبوو ...خێووبووو ...خێوووو ) هیچی دیکەی لێنابیستریێت، توشی لەرزوو تایەکی قورس دەبێت، لە رۆژی سێهەمدا گیان لەدەست دەدات، لە دوای مردنی فاتمی تاقانە چیتر شەوان کەس نەدەچووە سەرکانی، لەوە دەترسان ئەگەر بچنە سەرکانی خێوەکە دەستیان لێ بوەشێنێ !؟ هەربۆیە گومانی ئەوەیان دەکرد خێوی کانیەکان دەستیان لەو پۆلە تێکۆشەرە وەشاندبێت!؟.
زۆر کەس پێیان وابوو نامەکەی جەنەراڵ ئەو ترس و گومانانە دەرەوێنێتەوەو لەو پەتا کوشندەیە رزگاریان دەکات، وەلێ لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەدا کەشێکی ترسناکتر دڵی هەموانی داگیر کرد، ئەو نامەیەی ئاشکرای دەکرد هەموو ئەو روداوانەی روویاندا تاقیکردنەوەیەکی چەکە کۆکوژەکانە، جەنەراڵ ئاماژەی بەوە دابوو... کە دەبێت لەپێناو بەدەست هێنانی هەندێک شتدا قوربانی بەزۆرشت بدەین، ئەو ئێمەی وەک مشکی تاقیگەکان دەبینی، ئەوانەی نامەکەیان خوێندبۆوە جگە لە هەڵاتن هیچ رێگە چارەیەکیان شک نەدەبرد، هەڵاتن تەنها رێگایەک بوو بۆ رزگار بوون لەو پەتا کوشندەیە... ئەو پەتایەی تاک و تەرا خەڵک لێی دەرباز بووبوون، زۆرێک لەوانەی کە پێیان وابوو بە هەڵاتن دەتوانن خۆیان بپارێزن، هەستیان بەگەرم داهاتنی لەشیان دەکرد و سەریان قورس دەبوو دەکەوتنە هێڵنج دان و رشانەوە، ئەمانەش نیشانە سەرەکییەکانی ئەو پەتایە بوون.
چەند کەسێک لەوانەی پێیان وابوو بە هەڵاتن دەتوانن خۆیان رزگار بکەن رویان دەکردە ئەو دارستانە چڕەی پشت ئاوایی، وەلێ ئەوەی روی بکردایەتە ئەو دارستانە نەدەگەڕایەوە، زۆربەی ئەوانەی بەنزیکی ئەودارستانەدا گوزەریان کردبوو باسی ترسناکی ئەو گوزەرەیان دەکرد، هەندێکیش باسیان لە بینینی تارماییەکی سپی دەکرد، دەیان وت ئەو تارماییانە خێون ... هەر بۆیە ئەو دارستانەیان ناونابوو دۆڵە خێوە: کەمکەس هەبوو لەبارەی ئەو کانییەوە، کە دەکەوتە خوار دۆڵە خێوە، چیرۆکێ ئەفسانەیەکیان نەبیستبێت، ئەو چیرۆکەی کە دەماو دەمی دەکردوو لەلایەن زۆر کەسەوە دەگێڕدرایەوە، چیرۆکی مەرگی کازمی وەنەوشە بوو، کازمی وەنەوشە یەکێک بوو لە گەنجە ئازاو بوێرەکانی ئاوایی، بەهۆی جوامێری و لەخۆ بردوییەوە زۆربەی خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست، بۆیە پێشیان دەوت کازمی وەنەوشە، ئەوکچەی خۆشی دەویست ناوی وەنەوشەبوو ئەوکچە بەژن زراڤ و قەد باریک و چاوشینە، ئەو کیژە تاقانەیەی تەواوی جاحێڵان بەبینینی مەست و حەیران دەبوون، کازمی وەنەوشە لە قرچە قرچی نیوەڕۆیەکی هاویندا دەچێتە سەر ئەوکانیەو لەحەوزەکەی بەردەمیدا مەلە دەکات، لەکاتی مەلە کردندا هەست بە تێپەڕینی چەند تارماییەکی سپی دەکات بەتەنیشت کانییەکەدا، چەند ساتێک دوای ئەوە ترسێکی زۆر ناخی داگیر دەکات و رەنگی سپی دەبێت، کاتێک دەگاتە ماڵەوە چەشنی داپیرەی فریادی کۆترباز توشی لەرزێکی کوشندە دەبێت: دوای چەند کاتژمێرێک گیان دەسپێرێت، ئەوانەی تەرمەکەیان شتبوو باسیان لە چەند جێدەستێک دەکرد کە بەپشتی کازمی وەنەوشەوە بووەو جێدەستەکان شین هەڵگەڕاوە، ئەو جێدەستانەیان دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە خێوەکان دەستیان لێ وەشاندبێت.
تا دەهات مەملەکەت چۆڵ و خامۆشتر دەبوو، تەواوی ئاوایی بوبوو بەئۆردووی کرم، کەسێک نەبوو تەرمەکان بەخاک بسپێرێت.. ئەو چەند کەسەیشی مابوون لە کەنارەکانی مەرگدا چاوەڕێی فریاد رەسێکیان دەکرد، جەنەراڵ لە سەربازگەکەیدا لەوێنەی ئەو تانجییانە رادەما کە لەبەرگی گۆڤارەکەی بەردەستیدابوو، ئەو تانجییانەی هەمیشە وێڵن بەشوێن نێچیرێکداو دەیگرن و دەیهێننە بەردەم ئەو راوچییەی ماناکانی ژیان لە لولەی تاپڕەکەیدا دەبینێت، جەنەراڵ نیگاکانی دەگوێزێتەوە بۆ سەر وێنەکەی سەرۆک و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:–بۆئەوەی ئەنجامێک بەدەست بێنیت دەبێت کەسانێک، گەلێک شت بکەیتە قوربانی.
بایەک دێت و ئاڵاکە رادەوەشێنێت... ئاڵاکە دەکەوێتە خوارەوە ... جەنەراڵ تووشی لەرزوو تایەکی کوشندە دەبێت، بۆنی خوێن سەربازەکان رادەچڵەکێنێت.. پاش چەند ساتێک خامۆشی باڵی بەسەر سەربازگەکەدا دەکێشێت.

## گێژەڵووکەی مۆرە



بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

وەرزی عەشق و دڵگرێدان و حەزم ڕابردووە
لاپەڕەی هیوام گەڵایێکی سڕی با بردووە

گرتی سەرچاوانەکەی چاوەی دڵم لیتەی تەمەن
شۆڕەبیی لاوی نسێی باڵی لە سەر لابردووە

زەردەیەک لەو خۆرەتاوەی لێوی تۆ دەرناکەوێ
بۆیە لێوی من وەکوو گڵمتکی سەرمابردووە
هێندە تینووی لێوی سوور و ماچی شیرینم، خەیاڵ
دەم بە دەم دڵمی بەرەو ئاونگی گۆنا بردووە

تازە هەوساری دڵ و ڕۆحم لە دەست خۆما نییە
عەشقی تۆ کام ڕێگە مەیلی بوو دڵی پیا برودووە

هەر بە هیوا بووم بزەی "ئا"یەک لە لێوت دەرکەوێ
تۆ کەچی دڵمت بەرەو هەڵدێری "نانا" بردووە

من گوتم: ماچێ لە کوڵمە بەشدە، دەرهەڵبووی، گوتت:
ون بە، لاچۆ، نەگبەتەی پیرەی کڵاو بابردووە

گێژەڵووکەی مۆڕەیێکت زوو لە ڕووم ئاڵا، گوتی:
پیری بێ فەڕ کۆی کەوە، ئیتر لە تۆ ڕابردووە!



مەریوان. ڕەعنا

ئەم بەیانە هەتاو هەڵهات
جیاواز لە ڕۆژانی تر بوو
ئاسمان هێمای ئەوینێک بوو
پڕ جریوەی مەلانی تر بوو
دێتە گوێم نەوای بەهاری
وەرزم جوان بەهاری تر بوو
چاوم ڕۆشن بەیار و دڵ
بە تەمای ژوانی تر بوو



تاهیر بوغە. ژاکاو کەسنەزانی

شەمسی من کەوتۆتە ژێر هەوری ڕەشی ئەو پەرچەمە
خەون و خایلە و هەم خەیاڵم تێکەڵی وەهم و خەمە

سروەکەی مەیلت نەماوە سازی شیوەن کۆکە کۆک
شێوەکەت هەر ماندگارە تۆ کە نیتە من هەمە

ئاگرت بەردا کولۆشی وەرزی ئەشق و ئاشقیم
بۆ کوڕووز و کۆنە پشکۆو خۆڵە مێشم هەم دەمە

سارده هۆدەی تاق و تەنیام بێ هەناسەی گەرمی تۆ
بۆتە جێگەی گاڵتەجاڕی بەفری کۆنی چلچەمە

تابەکەی وەعدەو وەعیدی هاتن و دوور بێ ، خیلاف
دڵ ئەوا دەرهات، نەهاتی، دڵشکاندن ئەستەمە

ماتەمینی تۆ دەگێڕێ بولبولی باغی دەروون
هەر لە بەرتانەی ڕقیبیش بێ وەرە لام کەمە

بەس لە خۆبایی بە ڕۆژێ دەبینی من دێتە سەرت
چەشنی سێلاو دێت بەرەو ڕووت ئاهێکی ئەم وەرهەمە

کێیترت دیوە وەکوو من ڕاست و یەک ڕوو جوانی شۆخ؟
وا بە دەردم موبتەلاکەی ، کەومە کێشی مەحکەمە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## بووک گوێستەوەی مەلان



ڕەحیم خان. نادر مستەفازادە

بە داخەوە لە ناو کۆمەڵگای ئێمە بە تایبەت کوردەواری کیژان بە ڕادەی کوڕان مافی ئازادییان نیە و زیاتر وەک کەرەسەیەک چاویان لێ دەکرێ کە تەنیا کڕین و فرۆشیان پێ دەکەن و بەس یەک لە سەر بێشکە مارە دەکرێ و یەک بە چەقۆ بە پیرە پیاوێک دراوە و یەک دەمانچەی لە سەر ڕاگیراوە و تا ملی بە ژن بە ژنە داوە لە ئاکامی ئەو زوڵم و زۆرێ دا کیژۆڵەی بێچارە لە گشت لا هیوا براو باوشی گەرمی بنەماڵەی بە جێ دێڵێ و یان دەچێتە حاشا و یان ڕەدوا دەکەوێ ئەوی تر دەگاتە دوا قۆناغی ژیان و مردنی پێ لە تەمەنێک ژین لە ماڵە مێردێک کە بە نا بە دڵی دراوە باشترە و دەرمان دەخوا یا بە ئاگر وەهڵواسین کۆتا بە ژیانی دێنیە تۆ بڵێی ناهومیدی و هیوا بڕان لە ژیان دا دەبێ بە چ ڕادەیەک بێ کە مرۆڤ ئامادە بێ خۆ کوژی بکا و گیانی لە پێناو دانێ ؟

بەڵێ بە ڕاستی زوڵمێک کە لە لایەن هێندێک لە دایک و باب و براکانەوە لە کیژان دەکرێ جێی باوەڕ نیە و قەڵەم لە نووسین و زمان لە گێڕانەوەی دا شەرمەزارە

بۆ ڕوون بوونەوەی پتر لەو بابەتەوە بزانین خالید دلێر لە شێعری بووکی مەلان دا دەڵێ چی و مەلان چۆن بووک دەگوێزنەوە ئایا بە ڕاستی دێوی ڕەشی پوڵ و پارە شانی ئەوانیشی گرتۆ و بیر و هۆشی تەنیون ؟!

ئایا ئەو مەلایەی بووکی ئەوانی مارە کردۆ بێ سرنج دان بە پرچی براو و دەستی شکاوی کیژی بەستزمان لە پێناو وەرگرتنی پووڵ دا کوتویە مەبارەکە !!؟ یان باوکی فرۆشتویەتی بە کابرایەکی ساماندار یا لە بری خوێن دراوە ئەگەر هیچ کام لەوانە نیە ـ ئەدی بۆچی وا مەلول و غەمبارە ؟ بۆ قژە لول و جوانەکەی ژاکاوە ـ پێت وابێ زوڵمی لێ نەکراوە ؟ مامۆستا تکایە پێش ئەوەی پارو لە پلاوی چەور داگری بزانە چۆن ئەو کیژە ڕازی کراوە ؟ جوان سرنج بدە بە گۆچانی مامە پیرە پێت دەڵێ دوێشەو چەند پەراسووی ئەو کچە شکاوە لە کاتی مارە کردن دا سەرت بەرز کەوە بڕوانە فرمێسکی چاو و ئاه و ناڵەی دەروونی بپرسە بۆ مەگەر ئەو کچە زمانی نیە کەوا لە بن لێوەوە بە نابەدڵی دەڵێ مامۆستا بابم بە وەکیل داناوە ؟

مامۆستا بۆچی بۆنی پووڵ بەر چاوی گرتووی موعیزەی مزگەوتت لە بیر نەماوە ؟ لێت ڕوونە مارەی نەهاتۆ مارەی دەکەیەوە لە سەرڕاوە ـ ماموستا گیان کام سوڕە و ئایەی قورئان ئەو گشتە زوڵمەی پێ قبوول کراوە ؟

مامۆستا ببورە تۆ کە ئەو گشتە زوڵمە لە پێناو پوڵ لە باوکی کیژێک قبوڵ دەکەی نەک هەر دێرێک لە قورئان نازانی هەر شەرمە ناوی مسوڵمانت لە خۆت ناوە !

ئایا شەو لە خەو دا نایەتە بیرت ئەو کیژە سەر شکاوەی کە بە دو نەفەر بن پیلیان گرتبوو کوتت مارەیی تەواوە ؟ با دەست لە وانە هەڵگرین نەڵێین کچە و مافی بڕیار و قسە کردنی نیە ئاخر کوا کۆیلەیەتی ئێستێ باوی ماوە؟

ئێمە کە دەمانهەوێ بۆ خۆمان هەر کاریەکی دڵمان بیهەوێ بیکەین بۆ ئافرەتانیش خودا ئەو مافە داناوە ـ ئەدی تۆ کە مسوڵمانی بۆچی هێندە لە خۆ ڕازی باوەڕت بە قسەی خوداو پێغەمبەریش نەماوە ؟!!

چاو لەو شێعرە جوانەی بووکی مەلان بکەن بزانن کاک خالید دلێر چۆنی داناوە و بووکی مەلان چۆن گۆزراوە؟!

### بووکی مەلان . شێعر خالید دلێر

پۆلی مەلان بووکی دەبەن
کێ دەڵێ کێ بۆ کێ دەبەن ؟
جلی شایشیان هەر ڕەشە
ڕیشۆڵە هەر ڕەشی بەشە
بڵێی جوانی بۆ پیر بەرن
بۆ دەوڵەمەند فەقیر بەرن ؟
بڵێی ئەو بووکە شیر بایی
خوراێی هەر بە ساوایی ؟
بڵێی ژن بە ژن کرابێ
یا لە بریتی خوێن درابێ ؟
بڵێی وەک مێینەی ئێرە
بێ بە ژێر دەستەی نێرە ؟
بڵێی بەزەرنەقووتەیی
بۆیان نەبڕیبێ مارەیی ؟
کوڕ کڕین و کچ فرۆشتن
یان یەکتر هەڵخەڵەتاندن

بڵێی لە مەش دا کرابێ
قۆڵی لایەکیان بڕابێ ؟
بڵێی مارەیەکەی چەند بێ
وەک هی کچی دەوڵەمەند بێ؟
تۆ بڵێی بارگەی لەدوا بێ
پڕ لە کراس و لە کەوا بێ ؟
بڵێی یەکتریان نەدیبێ
پاشە ڕۆژەکەی بەدی بێ؟
بڵێی لە یەک گەیشتبن
هەتا سەر بۆ یەک ببن ؟
تۆ بڵێی زاوا قەرزدار بێ
ژن هێنانی ژەهری مار بێ
وەڕامی ئەم پرسیارانە
لام وایە ڕوون و ئاسانە
هەر چی پێی دەڵێن سەرمایە
شکی نابەن لەو دنیایە

وەکو ئێمەی سەر لێ شێواو
بە دەسەڵات موڵک بە دراو
چڵکی دەستی ماڵی دونیا
لە یەکتری نەکردون جیا
کوشتەی ئەو نەریتانە نین
بە سروشتی و سادە دەژین
لە هەر جێگایەک بەرزەوەند
هەبێ هەژار و دەوڵەمەند
بە ڕادەی ئەو بەر ژەوەندە
هەندێ کەس لێی کۆیلە و بەندە
بۆ دەربڕینی ئەم هەستە
کەزیاتریشم مەبەستە
لە سەر ئافرەت ئەو کلۆڵە
سوپاس بۆ بووکی ڕیشۆڵە

## بیری سەوز



مەهاباد. سووتاو

خۆزگە
هەزار خەنجەری دەبانم
لە کۆسپە کانت دابا و
هاونشینی غەمەکانت بام
تا بمتوانیبا
مزگێنی کازیوەم هێنا با
لەسەر پیلووی چاوەکانت
سەیرم کردبای
ئێستە
دەنگی ئەویارە وەک گوڵ دەپشکوێ
لە سەوزترین بێدەنگی
بژاری درک وداڵ دەکرێ
لێرەوار
لەبیری سەوزی تۆ دا خۆی دەنوێنێ

شیخا ، سرِ تعظیم به تو خَـم نکنیم
وز مستـیِ خویش ذره ای کم نکنیم
گر فاحـشه‌ای چـون تو بهشتی باشد
ما جـز طلـبِ خـاکِ جهـنم نکنیم...

شعر: مسعود آذر

ئەی شێخی چەپەڵ بۆ تۆ سەرم داناخەم
مەستی دەکەم و هـــۆگری جـامی بادەم
قەحبەی وەکوو تۆ ،ئەگەر بچێتە جەننەت
من دۆزەخی خـۆم، بە جەننەتی تۆ نادە م

وەرگێڕ: مەهاباد. سووتاو



هەولێر. موحیب مەهابادی

تا نیو سەدەی تر زۆربەمان دەمرین!
بۆ لە ئێستاوە ڕێی چاکە نەگرین؟

بۆ میهرەبانی نەکەین سەرمەشق؟
بۆ هەتا زیندووین نەژین بە عەشق؟

بۆ دڵسۆز نەبین هەتاکوو ماوین؟
پڕ لە سۆز نەبین هەتاکوو ماوین؟

باوەڕ بفەرموون دەرفەت زور کەمە!
وەک خەون و خەیاڵ ژیان یەکدەمە!

مێشکت بە دنیا بۆچی هیلاکە؟
چیت بۆ دەمێنێ لەو ڕاکە ڕاکە؟

ئەوەی جێی ڕێزە کرداری باشە!
خۆزگە خاوەنی یادگاری باشە!

ڕێبازتان حەق بێ، خواتان بیر نەچێ!
هەرمانە ڕووحتان، بۆ دەرگای دەچێ!

کاتێ لەشتان بوو تێکەڵ بەم خاکە!
پێوەری مەحشەر نییەتی پاکە!




دیواندرە. موحەممەدقەیسەریان

باوەشێک
هەسارەبێژم
ئەویتە مانگە شەوم؟
مەترسە
ئاسمان نارِمێ ،
لە باخەڵ شوڵەت بخەوم . !

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## نامە



سابیر بێتووشی. پێشەوانی ئایینی گوندی دولکانی ناوچەی ئالانی سەردەشت

موبایل وەک ئامێرێکی پەیوەندی نێوان مرڤەکان, چەندەی سوودی هەبوو بۆ کۆمەڵگا , هێندەی ئەوەش زیانی هەبوو, بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد, لە نێو ئەوانیش دا, گوند نشینان , کە لە دۆخێکی زۆر سازگار و دوور لە ئاڵۆزی و ژاوەژاوی دنیا, ژینێکی تەژی لە یەکدڵی و سادە و تبایی, پیوەندیەکی قوڵ و خۆشیان پێکەوە هەبوو , کە بە داخەوە ئەو دەورو زەمانە, بە هۆی ژیانی ماشێنیەوە, ژیانی سادە و خۆشی گوند نشینانیش , لە سای دنیای ئەلیکترۆنی سەر لە بەری تێداچوو.

یەک لەو شتە خۆشانە کە پڕ بوو لە هەست و خۆشی و یادگاری, نامە و نامەگۆڕینەوە بوو.

نامەی سربازێک لە هەمەدانەوە دەگەیشتە دەستی ماڵێیان و لە پشتی نامەکە دەنوسرا , گیرندە آذربایجانغربی شهر سردشت مغازه حاجی حسن مصطفی پور, آنهم قبول زحمت فرموده نامه را برساند به روستای .... منزل آقای عبدالله اسماعیلی , لە لای دیکەشیەوە دەنوسرا, فرستنده همدان پادگان آریامهر گردان سه سرباز وظیفه احمد اسماعیلی

نامەکە تەمرێکی لێ دەدرا و لە ڕێگەی فەرمانگەی گەیاندن و دوای چەند ڕۆژێکان دەگەییە سەردەشت و لەوێشەوە دەدرایە دەستی ئەو کاروانچیانە کە بۆ پێداویستی ماڵ یا بۆ بێگاری پاسگای ژاندارمری گوندەکەیان , دەهاتنە شار ئێوارە کە دەگەڕانەوە ماڵ کەسەکە لە دەرگەی مزگەوت و بەر لە بانگی شێوان نامەکەی دەدایە باوکی سربازەکە, ئەویش کە جەماعەتی نوێژی شێوانی دەکرد, جیا لە ڕۆژان وردیاتی دوا نوێژی نەدەخوێند و دەچۆوە ماڵێ و بە دایکی کوڕە و خوشک و براکانی دەگوت, ئەحمەد نامەی هاتوە دوای نان خواردن, یەکێکیان دەناردە ماڵێ میرزا ڕەسوڵی و دەیگوت بابم دەڵێ زۆر مەمنونم بێت نامەی ئەحمەدمان بۆ وەخوێنێ , پێش ئەوەی میرزا بێت, دوو سەرینی بەرگ پەشمینەی دوو ڕنگیان لە سەریک دادەنان و کەوڵەمەڕێک , کە مام عەوڵا بۆ خۆی لە سەری دادەنیشت, لە پەنا سەرینەکان دادەنرا, جرەی دەرکە دارەکەی داڵانی دەهات و هەموو ڕاست دەبوونەوە , فەرمووی میرزایان دەکرد, میرزا لە سەر کەوڵەکە دادەنیشت و پورە بەهێ مێوژوو باسوخ و گوێزی لێ کۆ دەکردەوە و مام عەوڵا دەیگوت هەرۆ داخوا سەوەکێ هەرمێی تێدا ماوون, لە قاپێکی فافۆن دا, قاپێکی هەرمێ نێو ڕەشە دێنان و لە پێش میرزای دادەنان و دەوریەکی فافۆنی کۆنی پانیش کە توتن و پەڕی تێدا بوو ئەویشیان لە پێش میرزای دادەنا, مام عەوڵا دەیگوت دادەی کچێ ئەو نامەی بێنە, نامەکەی سەر تاقەیان دێنا و لە پێش میرزایان دادەنا و دیوارکۆیەکەیان دەهێنایە خواری و لێیان نیزیک دەکرد, میرزاش چاویلکە کۆنەکەی کە جیرێکی لە هەردوک کلکانی خستبوو, لە چاوی کردن و جیرەکەی وە پاش سەری دەنا, دیار بوو کوڕی مام عەوڵاش خوێندەواری نەبوو, بۆیە لە شوێنی فەرمانی خۆی بە خوێندەوارێکی نوسیبوو, کە بە خەتی شکاو نوسرابوو , چونکە خەتی شکاو زۆرتر لە خوێندەوار دەوەشایەوە, بۆیە میرزا ڕەسوڵ وەک پێویست بۆی نەدەخوێنرایەوە, دەبوو وشە بە وشە بۆ دایکی بکاتەوە بەکوردی , چونکە کوردی نوسین یاساخ بوو, دایکی لە لای خوارێ و زالکی سۆبەکە دانیشتبوو , مەشکەچەرمێکی لە سەر سەبەتە پانکێک دانابوو, بە دەزوو درێشە لە باری دەکرد, وردیشی گوێ بۆ نامەکە ڕاداشت بوو, باوکی سیغاری توتن و پەڕی بە دارسیغارەکەیەوە نابوو, تەکی بە تەکی میرزایەوە بوو, ئەحمەد سێ خوشک و سێ برای دیکەی هەبوون, براکانی لە خۆ چوکتر بوون و خوشکێکی لە خۆ گەورەتر بوو, ورد گوێی ڕاداشت بوو دایکی لە گەڵ هەموو ڕستەیەک دەیگوت ئۆە دایکت لە سەر گەڕێ خوایە سەعاتێکم عەمر بێت ئەویش ئی تۆ بێ, لە نامەکە دا هەواڵی ماڵە پورو خاڵ و دەر و جیرانەکانی پرسی بوو , لە لای خوارێوە نوسیبووی , دایە گوڵەکە پشکوتوە!! ئەوە نهێنی بوو لە نێوان خۆی و دایکی دا, دایکی گوتی ئۆە ڕۆڵە بمرم مەرگی و نەبینم خوایە بە شانی دەوە بچمە قەبران بابیشی باش تێدەگەیی بەڵام هیچی نەدەگوت, نوسیبووی خەمی من و نەبێ, جێگەم خۆشە و دوو ڕەفیقی دیکەی کوردم لە گەڵن, خەڵکی لای نەڵاس و واوان, زۆر کوڕی چاکن .

خزمان بە هاتنی نامەیان دەزانی و سبەی شەوێ ماڵێ پور و خاڵانی دەهاتن و دایک و بابی ئەحمەد ناوەڕۆکی نامەکەیان بۆ دەگێڕانەوە .

نامەکە هەر لە سەر ڕەفعەکە بوو کەسێک دوو کەلیمەی زانیبان بۆیان دێنایە خواری و پێیان دەخوێندەوە

خوشکە گەورەکەی لە کانی ژنان, ئەو کیژەی جوێ دەکردەوە کە کاکی دڵی پێوەیە و باسی نامەکەی بۆ دەکرد و ئەو شوێنەی نامەکەی کە باسی ئەویانی بە نهێنی تێدا بوو, بۆ باس دەکرد, ئەویش بێ ئەوەی بزانی لە کوێیە لە تریقەی پێکەنینی دەدا و ژنانی دیکە هەموو لە باسەکە دەگەیشتن, بەسرتە سرت سەریان پێکەوە دەنا و سەد حیکایەتیان بۆ دروست دەکرد.

هەموو نامەیەک دەبوو بە بیرەوەری و ئی وا هەبوو بۆ ساڵانێک نامەکانی کە لە هاوڕێ و دەزگیران و خزمانی دوورەوە بۆ دەهاتن وەک خۆشەویستێک دەیپاراستن و جار و باری سەری لێ دەدانەوە, وا هەبوو خاوەنی نامە نەدەما و کۆچی دوایی دەکرد و ورده ورده ڕەنگی قەڵەمی نامەکانیش کاڵ دەبۆوە, بەڵام هەرگیز حەزەکان و خۆشەویستیەکان کاڵ نەدەبوونەوە.

ئیتر نامە وەک بەشێک لە بیرەوەریە خۆشەکان لە ناو خەڵک دا دەوری هەبوو تا موبایل هاتوو وەک دوژمنێکی بێگانەی داگیرکەر هەموو بیرەوەریەکانی ڕاو نا یا و نیشتمانی دڵەکان بە تاڵان برد.

## ڕاز و ئەشق



بۆکان. برایم جەمیانی

من کە پیری ڕاز و ئەشقم قەت خەمێ داناگرم
من کە فێری ڕاوو بەزمم دەس لە تۆ هەڵناگرم

لێم گەڕێ تاوێ لە مەزرای سەوزی سینەت دا بژیم
تا بە بۆی باخی هەنارت سەردەمێ خۆ ڕاگرم

پێم کەرەمکەی تاقە ماچێ بۆ سەبووریم لازمە
ماچی لێوت بۆم شەفایە و جار لە جار پێی چاترم

کونە ڕاوچی باخی لیمۆ و ڕاوکەری چاوی هەڵۆم
وەک هەڵۆش هەر فێری لووتکەو شوێنی بەرزی وباگرم

بەس لە داوی بسکەکەت دا مانگ و ساڵم پێبکە
خۆت دەزانی من لە تاوت وەک پزیسکی ئاگرم

تۆ نە ئاسکی هێندە سرکی و خۆ نە باڕی تازە فڕ
گەر بە داویش بتگرم، ئەی باشە، چۆنت ڕاگرم

من کە خورد و خەو حەرام بوو لێم لە تاوت نازەنین
لائەقل تۆش هەر بە ماچێ بگرە جارێ خاترم



شنۆ. شارۆچکەی نەڵۆس. مەحموود ئاقازادە (نەڵۆسی)

ئێوارەیە زەردە پەڕ زۆر بکزی
بەرەو هەواری مەرگ دادەخزی

سۆگە سریوەی لێ نەدەهات
دوونیا تاریک کەش ومات

هەنگی دڵم کەوتە تەپین
دەماری لەشم. دا تەپین

خەمێک سەراپا لەشی داگرتم
وەبزانە نەبومەونیمە مردم

چومە لای یاری وەفادارم
خەم ڕەوێنی هەموو جارم

وتی چییە چ بوە واخەمناکی
مەستی سەر خۆشی یا هیلاکی

وتم دڵم ئەتۆی دەوێ
ئۆقرە ناگرێ بۆم ناسرەوێ

هاتووە لات. بۆ وچانێ
بۆ مەرهەمێ بۆ دەرمانی

کوڵی دڵم دا خورپێنە
پەچە لادە گەرنت بێنە

باماچی کەم لێوی سوورت
گەرنی جوان. وەک بلورت

وتی شەرمە. ئەو داوایە
دا وات پووچ ونارەوایە

هێشتا کاتی ماچ وموچە؟
هەمووی ژیان مایە پووچە

هەستە برۆ لەبەر چاوم
هەتا چیتر نە گۆڕاوم

کەمێ لە. وڵات ڕا بمێنە
تاو تۆی کە بی سەنگێنە

هەڤاڵان یەک و دوو دوو
لە نەوەستان برسی ومادو

لە دوندی کێوی. لە هەڵدێران
بەشوێن ڕێگەی. گەورە مێران

لە پێناوی. نیشتیمانیان
دەبەخشنەوە دڵ و گیانیان

هەستە برۆ مردوت مرێ
پشپێندت بکە گرێ گرێ

خەنجەرێکی نووکی دەیان
بیخە پشتت وەکوو مەردان

ئێستێ وڵات ئەتۆی دەوێ
شەرمە وەستان کۆسپت کەوێ

گەر داواکەن سەر نەکەوێ
ماچت لەمن دەس ناکەوێ

کاتی قورینگ گەرانەوە
کانی و قۆپێکان ژیانەوە

گوڵ پێ کەنی کردی چرۆ
لاو لاو جووت بوو لە بەژنی خۆ

شۆڕەبی زولفی کرانەوە
ڕێبواری زەمان حەسانەوە

کەو بانگی کردە ماکەوێ
بولبول جریکاندی نیوەشەوێ

شوان شمشاڵی گرتە دەست
گۆرانی بۆ بیری هەڵبەست


بیری گەرانەوە قاقا پێکەنین
لە شەوقی شوانی ماجەمین

هاتنە روو خەلەو خەرمان
گیشتە جێ وەرزی هەرمان

ئەو کات دەیکەین بەشایی
دوژمن کوێر بن بەدوایی

# کۆچ






دیۆلان . ح . ڕەنجبەر

* . . .لەوەتا کۆچ هەیە کۆچ ئەکەم ...* (شێرکۆ بێکەس)

لە نیشتمانی من هەموو شتێک کۆچ ئەکا ، هەموو شتێک خواستی لە کۆچە ، هەنێ بە زۆرەملێ و هەنێکیش بە ناچاری .
لە نیشتمانی من ، هەلۆ ، بەرد ، دار ، خاک ، ئاو و تەنانەت کەشوهەواش کۆچ دەکەن !
لە نیشتمانی من، بە لێشاو کۆچ دەکرێ ، کۆچ ، ئەوە نییە بنێشکە خۆشەی هەر زارێک کۆچە ؟
شەوچرەی گشت بنەماڵەکان کۆچە و کۆچ ؟
کۆمەڵگەش وەک بنەماڵەیەکی بەر بڵاو و کارتێکەر ، پاڵ بە بیرمەندە بلیمەتەکانەوە دەنێت کۆچ بکەن و کەسی بلیمەت بەو باوەڕە دەگەیێنن کە جێگەی ئەوان ئەم نیشتمانە نییە ، لێرە لە کیس ئەچن ،
ئەتوێنەوە ، ئەپووچێنەوە و ناشگەن بە ئامانج و داهێنانێکیان بەر ناکەوێت ...
وەک مۆمی بەر ڕەشەبا خامۆش ئەبن .
بۆیە بلیمەتی بیرمەند، پڕ سەری دەبێت لە سەودا بۆ کۆچ ...
مرخی دەچێتە سەر کۆچ و دەڵێ : لەم نیشتمانە وەک ڕووباری خوڕێنین کە گەیشتبێتە گۆلاوێک ، وەک هەتاوین کە لە تۆز و خۆڵدا خنکابێت ،
نە بەستێنی سەرکەوتنە و نە بواری دەرکەوتنە !
کە وایە دەبێت وە شوێن بەختەوەریدا ئەودالی هەندەران بین ، دەبێ بڕۆین و بەختی خەواڵومان وەخەبەر بێنین بۆ ئەو ئامانجە خۆ بەدەین لە ئاو و ئاگر ، ئێژەو و ...
ئاخۆ کەنگێ لەم نیشتمانە بەستێنێکی وا بڕەخسێت کە بلیمەتمان خەونی خۆی تیایدا بدۆزێتەوە و هەندەرانی لێ نەبێتە بەهەشت ؟
کۆچەر، ڕێبواری ڕێگای هات و نەهاتە ،
کۆچەر گەڵای بەر گژەبای پاییزە کە دەستی لە دەستێک بەر بووبێت ،
کۆچەر هێلانەی لێ گیراوە ،
درگای لێ داخراوە،
کۆچ ، ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێوە ،
ڕچەیەکی شێواوە ،
پردێکی ڕووخاوە ،
کۆچ دەریایەکی شەڵەژاوە ...
کۆچ ، باوەشێکی سارد و سڕە ،
دنیایەکی نادیار و کڕە ،
کۆچ دڵ بە دەریا سپاردنە ، نیشتمان بە جێ هێشتنە ، پشت لە مێژوو کردنە ،
چاوەڕوان هێشتنی دایکە ،
ناهومێد کردنی باوکە ،
کۆچ ، ئەگەر پووکانەوە نەبێت خۆ توانەوەیە ... کوا ژیانەوەیە ...
کۆچ ، بزربوونە لە قەرەباڵغیدا ،
گوم بوونە لە ژاوە ژاودا ،
ئاخۆ کۆچێک بێگەڕانەوە بێت ، دەبێت دڵت بە چێی خۆش بێت ؟ ئەگەر ناچار نەبیت ،
یان . . .

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## وردە شیعر



**سلێمانی. رۆژ هەڵەبجەیی**


(١)
باران بەرقەوە دەباری،
چەترەکەم لە پێکەنینا ،
هارەی کرد!
(٢)
ژنێک بە عەبا خۆی داپۆشی،
رێژنەی قسەکانی تیشک نەخۆش!
(٣)
ئینجانەیەک تای لێهات،
گوڵ دەچێتەوە سەر خێڵی تابووت!
(۴)
دیکتاتۆر سەرئێشە دەگرێ،
قاچی کورسییەک دەلەقێ!!
(۵)
چیمەنێک قاچی لوول بووە،
گۆرەوی چۆتە پرسەی ئاو!
(۶)
بۆقێک کڵاوی سەوز لەسەر دەکا،
خەیاڵ پێچراوە بە بەهار!
(٧)
ئاو دەپژمێ ..جۆگەلە پێلاو
دەکاتە پێی رووبار!
(٨)
هەنار نەزیفی بەربووە،
چەقۆ چۆتە خولی سەربرین!
(٩)
دەرگا یاخی بووە،
کلیل چوتە گیرفانی (با)!!
(١٠)
ئاوێنە درزی برد،
قریوەی کچێک ،
ئاڵۆزکا بە گریان!
(١١)
تاریکی قاچی چەقی،
مۆمێک کەوتە شنە شن!
(١٢)
شەو کەوت بەدەمدا،
کەڵەشێر جانتاکەی
لەخەو تەکاند!



**بـۆکان. هادی خودایی**

کێ دیوێتی لە وڵاتی زێدە ئازیز
پەنابەر بی
پەنابەری شاخ بۆ نەمردن و مان
وێنەی کۆڵبەر
یا سەنگەری دژ داگیرکەر
کێ دیوێتی لە وڵاتی لە دایک بوون
پەنابەربی
بۆوەی نەمری لە ژێر رگبار
نەکویتە ژێر پێی زۆردار
ئەشکەوتەکان مەنزڵگات بێ
پاسەوانی دژ خۆرەتاو
گاشەبەردی بەر قەد کێو بێ
کەس نەیدیوە لەو جیهانە
لەبەر خاتری گرووی منداڵ
بۆ بزەی ئاو
جۆماڵی رووبار بکەی و
بۆ رووناکی شەو
حەیران بۆ مانگ بڵێی و
بۆ راماڵینی هەوری یاغی
سەما لەبەر دەم با بکەی
ئاخۆ کێ دیوێتی
ئاوارەیی تەوارەکان لە مەڵبەندی هەڵفرین و
تۆرانی حاجی لەق لەق لە گەرمێن و
کۆچی بە کۆمەڵی داری بەروو
بە ئەمری قاڵاوی کوێخا و
لەبەر دڵی ناسکی رەقە
شەقەی باڵیش قەدەغە بێ
سەیر و سەمەر لەو زیاتر باڵندە بی
باڵت بکەن
بڵێن فەرموو تۆ هەڵفرە
پانتای ئاسمان
بە ئەستێرە و مانگ و خۆر
پێشکەشت بێ
چەند تەواریش دیاری کوێخان
تا راوێژی هەستت بکەن
هیواکانت..... لەسەر زەویی نایەنە دی
لە ئاسمان
تاج و تەختت داندراوە
ئەگەر ئەوجارە باڵت هێناوە
تۆ ئازادی
لە وڵاتت پەنابەر نی

## لاپەڕەکانی ژیان و...





سنه. ناهید نووربەخش

میوەی ریز کراو(مۆز، پرتەقاڵ، بلاڵووک، لیمۆ و...) له لای منالێکی خرت و خوڵی، یەک، دوو، سێ...هەشت، نۆ مانگە، کەیکی رۆژی له دایکبوون وکادۆ ڕیز کراوەکانی سەر مێزە کە، وێنه ی ماچ و مووچی بووک و زاواییک و... شالاوی شەپۆل، شەپۆل قەلب و گوڵ و لایک و ماچ و... ڕەوانەی پەیجە کان دەکران.

کامێنتەکان چەندە لە یەک دەچوون! دووباره و چەند باره دەکرانەوە. جوابی کامێنتەکانیش هەروا بەگەرمی و ماچ و قەلب و ئازیزەکەم و... دەدراوە، چە دنیاییکی شیرین و دڵخواز بوو، هیچ شێوەی لەو دنیای بەر چاوی ئەو نەدەچوو! زۆری هەوڵ دەدا پە یوە ندی لەگەڵ دنیاکەی ئەوان بگرێ، چەند جار ویستی لە دژی ئەو هەمووە کامێنت و خۆشیە، ئیستیکەر یان پەیامی دڵخوازی دانێ، پەشیمان بووە.

بەردەوام بۆی پرسیار بوو، بەڕاستی ئەو بەهەشتە ڕەنگینەی ئەو خەڵکانە تێیدا دە ژین کوێیە، لەم ولاتە تا یەک ژیانی لەو شێوە ی دەدیت، دەیان جۆرە ژیانی دژ ئەو هەمووە بەختەوەریە ناو وێنەکانی ئینستای دەدێت.

لەوانەشە هەڵەی دەکرد، چونکە لێکۆڵەری گرفت و خەسارە کۆمەڵایتیەکان بوو، زۆربەی ئەو شتانەی ڕۆژانە دەیدیت بێبەختی، هەژاری و نەهامەتی خەڵکانی دەور و بەری بوو.

منالانێ کە قوتابخانەیان جێ هێشتبوو و باری گرانی نەداری بنەماڵەیان لە سەر کۆڵی بێ هێزیان هەڵدەگرت، پارانە وەی منالێک کە لەگۆشەی شەقامێک بۆیاخی دەکرد، کچێکی ناسکی تەمەن یازدە، دوازدە ساڵ کە لفکە و ئیسکاج و گورەوی بە لالاندنە وە دەفرۆشت .
ئاواتە ڕەنگینەکانی ئەو کچەی دەدیت کە لەژێر سێبەری هەژاریدا ببوونە خۆڵەمیشی و حەسرەتەکانی لەنیگایدا دەیخوێندەوە. بەربەرکانێی منالەکان لە سەر سەتڵە زبڵەکان کە بیجگەلە میوانە چارە ڕەشەکانی هەژاری، ساڵەها بوو ئەوانیش ببوونە میوانی ئەم خوانە ڕەنگینە بۆگەنە هێلنجاویانە. ئەو دیمانانەی هیچ کات حەزی نەدەکرد ببینێ، بەلام کاتێ بە لایاندا تێدەپەری، چاویشی بگرتایە لە ناو بیر و مێشکیدا دەهاتنە بەرچاوی و دستیان لە کۆڵ نەدەکردەوە.

دوێنێ کاتێ دەیویست بچێ بۆ سەر کارەکەی، لە لای یەکێ لەو سەتلانە، دیمانەیێکی سەیری هاتە بەر چاو، میاو میاوی پشیلەکان و شەڕیان لە سەر لوقمەیێکی چەور و چڵیک! دەنگی نووزە، نووزێکی گریاناوی کە ترساندی. پێی سەیر بوو هیچ کام لە میوانەکانی خوانەکە لە سەر سەتڵەکە حازر نەبوون. پشیلەکان بە میاو میاو و دادانە چیرە دەیانەڕاند، ویستی زوو تێپەڕێ، دەنگی نووزە، نووزەکە لەمێشکیدا بووە هاوار هاوارێکی ترس هێنەر، بە ترس و لەرزەوە گەڕاوە لای سەتڵەکە، پشیلەکان داچڵەکان! دیتی شتێکی خڕو خوڵ لە ناو دەلقێکی ڕەشی دڕاوی خوێناوی زبڵدا، بە نووزە نووزو دەجوولایەوە، خۆشی ترسا و لەناکاو زریکاندی، چەند کەسێک لە لای ئەو کۆ بوونەوە، پیاوێک بە قیز و بێزەوە، دە ستی برد و دەلقە ڕەشەکەی لە ناو سەتڵەکە رزگار کرد. ڕووت، ڕووت بوو منالەکە! دەمی لە برسان گۆی گریانی نەدەکرد.

فرمێسکەکانی هێزی قسەیان پێنەدەدا، هەوڵی دا بە شالی سەری لەشی منالەکە داپۆشێ. بەجێگەی بێشکە ی ڕازاوە و سیسمۆنی و لاپەڕەکانی ئینستا، پێچرابووە دەلقێکی ڕەشتر لە چارەنووسی! قەلب و گوڵ و ماچ و لایکەکانی پەیجەکانی دنیای درۆیینی مەجازی، لێرە ببوونە هێلنج و لووت گرتن! منالێک کە لەوانەیە دوایین هەناسەکانی ژیانی کورتی هەڵدە کێشا و خەڵکێکی ئاسایی و نیوە ئاسایی تێدەپەرین. بۆی سەیر بوو ساڵەها بوو ئاواتی دایک بوونی بوو، بەلام ئیستا لەو ئاواتەی شەرمی هات.

سەیارەکانی یاریدەدەر بە ئاژیر کێشان هاتن، دوو پیاو بە تووڕەیی و قسەی ناشیاو و جنێودان دابەزین و گوتیان دووپات بووە وە ئەمرۆش! بێ بەزەیی و بە پەلە لاپەڕەیێکیان لە سەر ڕووداوەکە تۆمارکرد. شاڵەکەی ئەویش لەدەوری مەلۆتکە بێنازەکە دەشەکایەوە.

ئەو ڕۆژە جار نە جارێک قولپی گریان و هێلنج و یاو دایدەگرت. بێ ئەوەی ئیزنی نەچوونە سەر کار لە بەرێوەبەری دایرەکەی بخوازێ، گەڕایەوە ماڵێ، مۆبایلەکەی فرێ دا گۆشەیێکی ژوورەکەی، لە دیتنی ئەو هەموو منالە بەختەوەرانەی سەر پەیجەکان کە بە رووبانی زەرد و سوور و سەوز و سپی و ئەر خەوانی و... دەور و بەریان مۆز و پرتەقاڵ و گیلاس و بلاڵووک و لیمۆ و...

ڕازابونەوە، بێزار بوو.ڕۆژی دوایی وێنەی منالە چارە ڕەشەکەی دوێنێی لە ناو پەیجە کاندا بینی، دیسان بەکارهێنەرە کانی هاوشێوە ئیستیکەری گریان و هاودەردیان دانابوو، کەسانێکیش کامێنتیان دانابوو؛ "وەک هەمیشە ملۆتکەیێک بووە قوربانی نەزانی و هەژاری دایک و باوک یان هەوەسێک!" و نەفرەتیان دەربریبوو و دیسان لایک و... لە چەند خولەک یان کاتژمێردا، ڕووداوەکە لە بیر کرابوو.

سەرێکی لە لاپەڕەی بەختەوەرەکان دا کە ژیان و بەختەوەریەکانی خۆیان! کردبووە وێنە و فیلم و شانۆ و چاوەڕێی لایک و قە لب و گوڵ و ماچ بوون، چەند وێنەی مەلۆتکە چارە ڕەشەکە و چەند منالی هەژار و برسی سەر زبڵەکان و شەقامەکان و... بۆ دەناردن و کامێنتی بۆ دادەنان؛

"ژیان هەر ئەوە نیە، ئێوە کردووتانە فیلم و شانۆ و... لێرە دایدەنێن، شەرمێکتان بێ، ئاورێک لەخۆتان و دەور و بەرتان بدەنەوە."

ئینستای سریەوە لە سەر گووشیەکەی. سەری دەئێشا. تین و یاو ئازای ئەندامی دا گرتبوو. حەبێکی ئەسپرینی دۆزی پینسەدی خوارد و ڕاکشا، گووشیەکەی فرێ دا گۆشەیێکی ژوورەکەی. دوای چەند خولەکێ پۆلی سکالای لە سەر دروس بوو.

دوای دوو ڕۆژ ماڵەکەی پشکرا و کۆمەڵێ بەڵگە و نووسراوە و... لێ زەوت کرا. بە تاوانی موزاحیمەت بۆ بەکار هێنەرانی تۆڕە کان و سکالای شێواندنی ئاسایی گشتی و هەرج و مەرج سزای دەس بەسەر کرانی بە سەردا سەپا...

# ناوچەی کەلهوڕ و کولتووریکی دێرین و ڕەسەن؛



ئاوردانەوەیەکی خێرا بۆ فەرهەنگ و فولکلۆری ناوچەی کەلهوڕ (کرماشان)

سنە. یەحیا سەمەدی





گەلی کورد یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی ڕۆژهەلات، خۆری بەرەبەیانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی لەو خاکەوە گزنگی داوە کە کوردی لەسەر نیشتەجێ بووە و ئەم نەتەوەیە بە زۆر قۆناغی مێژوویدا تیپەڕیون و زۆر قۆناغی شارستانیی جۆراوجۆریان بە خۆوە دیوە.

نەتەوەی کورد وەکوو هەموو نەتەوەیەکی زیندووی سەر ڕووی زەمین خاوەنی کەلەپووریکی نەتەوایەتی و، ئەدەبێکی فولکلۆری دەوڵەمەندی هەیە و خاوەن گۆرانی و مۆسیقا و ئاواز و مەقام و فولکلۆر و ڕیتم و شایی و هەڵپەڕکی تایبەت بە خۆیەتی.

ئاشکرایە کولتووری هەر نەتەوەیەک، خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەو تایبەتمەندییە ناسنامەیەتی و پێکهاتەکەی بنەمای شێوازی ژیانی ئەم نەتەوەیە.

لەم ڕۆژانەدا لیکۆڵینەوەی کێشەکانی فولکلۆر بایەخی زۆری پی دراوە. هەموو لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکان لە «تەتنۆگرافیا، مێژوو، زمانەوانی، مێژووی ئەدەب» پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فولکلۆرە. زانستی ئەدەبی فولکلۆر زانستێکە بە واتای داهێنان و جوانکاری هەموو گەلان بە ڕەچاوکردن و چاوپۆشی لە ناسنامەی توێژەر. ئەدەبی فولکلۆر دیاردەیەکی جیهانییە.

فولکلۆری کوردی خۆی سیمای جۆراوجۆر و دەستە و شێوازی جیای هەیە وەک شیعر، مۆسیقا، پەند و حیکایەت و ئامۆژگاری، ئەدەب و ڕەسم و یاسا و... کە هەر کام لەمانە باس و قسەی زۆری لەسەر هەیە و میراتی سەدان ساڵ ژیانی ئەم نەتەوەیە. وا دەزانم لەسەر هەموو کەسێک (پسپۆران و توێژەران و زانایان و نووسەران و...) پێویستە بە پێی توانایی و شارەزایی خۆیان بۆ دەوڵەمەندکردن و پاراوکردن و گەشەسەندنی زمان و ئەدەب و فولکلۆرەکەی تێبکۆشن، تەنانەت ئەگەر وەک نموونەیش لە بەیتەکاندا تاکە بەیتێکیش بیت چاکە و بە قازانجە.

زمانی سۆرانی کە بووەتە زمانی خوێندن و نووسینی کوردی، بۆ گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی ئەم زمانە و هەروەها ئەدەبی کوردی دەبێ لە زاراوە کوردییەکانیتریش کەڵک وەربگرین و بە بەشە جیاکانی کوردەواری بایەخ بدەین، چونکوو ئەم نەتەوەیە و ئەم خاکەی کوردستانە لە زۆر کتێبی گرنگی مێژوویدا بە ناوی جیاجیاوە ناویان هاتووە و باسیان لەسەر کراوە و ئەمەش بۆ خۆیان گرنگی خاکەکە و دێرینیی دانیشتوانەکەی دەر دەخەن کە هەی کوردە و ئەوە دەسەلمێنن کە وڵاتەکەمان هەموو شوێن و گۆشە و جێگایەکی نیشانەی ئەو مێژووە کۆن و شارستانییەت و شوێنەوارە دێرینە و پڕبایەخەیە کە دەبێ بپارێزرێ و بایەخی شایانی پێ بدرێ. یەکێ لەو شوێنە دێرینە و خاکە زێڕینەی کوردەواریە ناوچەی کرماشانە.

ناوچەی کرماشان ناوچەیەکی زۆر دێرینە و بەشێکە لە وڵاتی گەورەی کوردستان کە دانیشتوانەکەی زۆربەی زۆری برێتین لە نەتەوەی کورد و هۆزە گەورەکانی کوردەواری. ناوچەی کرماشان خاوەن کولتوور و داب و نەریت و کەلەپوورێکی کۆن و ڕەسەنە و، زاراوەی کەلهوڕی یەکێکە لە زاراوە ڕەسەن و سەرەکییەکانی زمانی کوردی و، وەک چۆن دەزانین کە هۆرەش لەو سرووده و گۆرانییە کۆنانەی کوردە کە لە ناوچەی کرماشان و ئیلام و هەروەها لوڕستاندا ڕیشەی بووە و لایەنگریشی زۆرە و بەڵگەیەکی ڕەوایە بۆ سەلماندنی کۆن بوونی فەرهەنگ و دەوڵەمەندی فولکلۆری ڕەسەنی ئەم ناوچەیە. کورد شۆناسێکە پڕاوپڕ لە شەرافەت و پیاوەتی و مرۆڤدۆستی و دڵسۆزی و هەروەها دەوڵەمەندە لە کەلەپوور و کەلتوور و داب و نەریت و پەندی پێشینیان و مەتەڵ و قسەی نەستەق کە لە باپیران و بەرەکانی ڕابردووەوە پێی گەیشتووە.

بەڵام هەندی کێشە و گیر و گرفت لە هەمبەر گەشەسەندنی ئەم فەرهەنگەدا هەیە، یا ئەوەی هەندی بیرتەسک هەن دەیانەوێ ناسنامەی کوردی و هەروەها دەسکەوتە گەورەکانی نەتەوەی کورد ببرنەوە. دەبێ بزانن ئەم ناسنامە ئەوەندە بەهێز و پڕقووەتە و ڕیشەی داکوتاوە کە تێک ناچێ و ناکوژێتەوە. ئەم کەلەپوورە مەزنە ناسنامەی نەتەوایەتی کوردە و هەر لە دێرینەوە پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە.

ئەوەی شیاوی باسە و دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە فەرهەنگ و زمانی کوردی بنەما و ئەساسی فەرهەنگ و زمانی ئێرانیە، لە بنەڕەتیشدا گەلی کورد ڕەسەنترین و کۆنترین و باشەرەفترین نەتەوەی ئێرانییە، بەڵام بە داخەوە لە هەندێ شوێنی کوردەواریدا و بەتایبەت لە ناوچەی کرماشاندا زمانی کوردی و سەرتریش زاراوەی کەلهوڕی خەریکە لە یاد دەچێ و منداڵەکان و لاوەکانی ئێمەی کورد بە زمانی فارسی قسە دەکەن.

هەروەها کە دەزانن و دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە زمانی فارسی بۆ خۆی زمانێکی جوان و کۆن و دەوڵەمەندە و ئێمە لەگەڵ ڕێز و حورمەت بۆ زمانی فارسی وەک زمانێکی ئێرانی و ڕەسمی لە ئێستایشدا، نابێ ئەو ڕووداوە تاڵە کە لە سەرەوە پێشتر ئاماژەم پێ کرد لەبەر چاو نەگرین و دەبێ بۆ نەفەوتان و لەیادنەچوون و هەروەها زیندووراگریی و خزمەتی باشتر بە زمان و فەرهەنگی کورد و بەتایبەت زاراوەی کەلهوڕی لە هیچ هەوڵێ خۆمان لا نەدەین و بێ وەستان و بە دڵسۆزییەوە بۆی تێ بکۆشین.

ڕەوڵی هونەرمەندان و نووسەران لەم بوارەوە زۆر کاریگەری هەیە و دەکرێ لە بەرهەمی خۆیاندا ئەم شێوەیە بە جوانی و ڕێکوپێکی بە کار بهێنن و ئەم ئەرکە پیرۆزە لە ئەستۆ بگرن، هەمووی هونەرمەندانی کورد و بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کە بە زاراوەی کرماشانی شارەزایی چاکیان هەیە. کرماشان زۆر هونەرمەندی گەورەی بووە و هەیە. (کە زۆرتریشی دەبێ) کە خزمەت و هەوڵی چاکیان بۆ فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردی و کەلهوڕی داوە.

کەسانی وەک «موجتەبا میرزادە»، «عەلی ئەشرەف دەرویشیان»، «کەیهان کەلهوڕ»، «شارام نازری»، «پەرتەو کرماشانی»، «شامی کرماشانی»، «یە دوڵلا ڕە حمانی» و ...

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

زاراوەی کەلهوڕی یەکێکە لە زاراوە ڕەسەن و سەرەکیەکانی زمانی کوردی و دەبێ بە هەموو جۆرە ڕێگەیەک بەرگری لە تیاچوونی ئەم زاراوە بکەین و هەوڵ بدەین بەرهەمی جۆراوجۆری پێ بنووسرێت و داب و نەریت و مەتەڵ و بەیتی فولکلۆر و پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق و هەروەها کەلەپووری ئەم گەنجینە پڕبایەخ و گرانبەهایە کۆ بکەینەوە و نەهێڵین بکەویتە بەر فەرامۆشی و تیاچوون. بەیتی فولکلۆری وەک وتاریکی کورت و ڕێکوپێکی بە تەوژی کاریگەرە لە دڵ و دەروون، بەیتی فولکلۆری فەلسەفی ژیان و بیرێکی جوانە کە لە زۆر بواردا وەکوو خۆشەویستی و سکاڵا و... لە دڵێکی ئاوەدانەوە هەڵقوڵاوە و بەخێرایی دەماودەم کەوتووە و لە دڵی کۆمەڵدا کاریگەر بووە و بووە بەهۆی لەزەتبەخشی مرۆڤی کورد و هەروەها دەوڵەمەندکردن و پاراو کردنی فەرهەنگ و ئەدەب و ناسنامە و پاراستنی زمان و مێژووی کۆنی کورد.

هەمووی ناوچەکانی کوردەواری بەیتی فولکلۆری تایبەت بە خۆیانیان هەیە، هەرچەند هەمووی موڵکی کوردە، بەڵام فرە زاراوەیی لە ناو کورددا بووە بەهۆی دەوڵەمەندی زمان و فولکلۆرەکەی، یەکێک لە ئەوانە بەیتی فولکلۆری ناوچەی کەلهوڕە. بەیتەکانی فولکلۆری کەلهوڕی (کرماشانی) پڕن لە جوانی و شەیدایی و ڕەمز و ڕازی ژیان و... کە مافی مانەوەیان لە فەرهەنگی مرۆڤدا و بەتایبەت لە فەرهەنگی کورددا هەیە و دەبێ لە بەرچاویان بگرین و دەماودەم و بە دەقیش کۆ بکرێنەوە و بنووسرێن و کەڵکیان لی وەربگرین و لە فەوتان ڕزگاریان بکەین. بەیتی فولکلۆری کە خۆگری هەندێ پەیامی ئینسانی و خۆشەویستی و فەلسەفەیە کە لە باب وباپیرانەوە پێمان گەیشتووە زۆر کەڵەهونەرمەند و مامۆستای گەورەی کورد سۆز و هەوینی ئاسەوار و بەرهەمەکانیان (لە بەشە جیاکانی هونەر و ئەدەبدا) لە هەناسە و سۆزی دەروونی کۆمەڵ و فولکلۆرەوە وەرگرتووە و بەیتە فولکلۆرەکان لە نێو بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەیتی فولکلۆری کرماشانی یەکێک لەوانەیە.

دیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی پڕشکۆداری ئەم ناوچەیە چاوەڕوان دەکرێت و ئەم ئەرکە قورس و گرنگە کەوتووەتە سەر شان و ئەستۆی بەرەی نوێ و بەتایبەت نووسەران و ڕۆژنامەوانی کورد و کەلهوڕی زمان و ئەوانەی بۆ زمان و فەرهەنگی کورد و هەروەها ناوچەی کرماشان هەوڵ ئەدەن. بەو هیوایە ئەم ڕێگایە پڕ بێ لە بەرهەمی جوان و دەستەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ بۆ بەڵگەی ڕەوا و دیاری و هەروەها خۆشەویستی و لەبەر چاو گرتن و سوودڵی بردن، چەند نموونەیەکی بەیتی فولکلۆری ئەم ناوچەیە دەخەمە بەرچاو. هەر شکۆدار و شەکاوە بی ئاڵای کولتوور و کەلەپوور و زانست و زمان و گۆرانی و ئەدەبی کورد بەتایبەت ناوچەی کەلهوڕ.

**ئەمەیش بەشێک لە بەیتەکان:**

هەی داد هەی بێداد ئالوودەی دەردم
کەلاوەنشین، بیاوانگەردم
هەی داد هەی بێداد کەس دیار نیە
کەس وە دەرد کەس خەوەردار نیە
بیل تا لیم شەو بات، شەو لە لیم خاسە
دوشمەن نەزانیت بەرگم پلاسە
خاڵ لیو یەکی خاڵ مل دوان
خاڵ ناوسینەت سەر لە لیم شیوان
کور بوت ئەو دیدە تو نیشانم دا
نانی بەدبەختی وە دامانم نا
جفتی چاو دیری چوو پیاڵەی چینی
وە قەسرەو خەیتی خانەقەین بینی
کاشکای سەنگی بام شەو لە سەرینت
گووش بیەم کزەی ناڵەی دەروونت
خوەم کرماشانی فارسی نیەزانم
وە زوان کوردی قەزات وەگیانم
مەر من چە وتم، تو چە شنەفتی
وە قسەی ناکەس، لە لیم دوور کەفتی
وە قورئان قەسەم، وە هەرچی پیرە
مەیلت چو قوولاو، وە جەرگم گیرە
ئەر مەیلەکەت فەرامۆشم بوت
سفیدی کەفەن، بالاپۆشم بوت
قامەتم لە ژیر بار خەم چەمی
مردن بیترە لە هاوسەر کەمی
مەر من چە وتم، تو چە شنەفتی
وە قسەی ناکەس، لە لیم دوور کەفتی
هەناریک هاتیە وە لای دووسەوە
ئوشم بخوەمەی هەر وە پوسەوە
خودا بسینت هەقم لە دایەت
خوەم جەورت کیشان کی نیشتە سایەت
شەرت بوو لە داخت هەرگیز نەخەنم
بەرگ ئازیەتی لەوەر نەکەنم
یە چە کووسم کەفت، چو زەنگم زریا
دەسم لە داوان دووسەکەم بریا
ئیمشەو چەن شەوە نەتیتە خەوم
لە کی توریایتە بینایی چەوم
تو خوەت گوڵیکی، گول ئەڕای چەتە
عالەم وەحەسرەت گوڵەکەی خوەتە
تو خوەت گوڵیکی، وە گوڵ بازی کەی
وە نیش برژانگ، تیرەنازی کەی
کەم بی، کەم بچوو، کەم دە زەحمەتم
هەم دینم سزیا، هەم قیامەتم
ئەر مەیلت نییە، تا دڵنیا بووم
کەم دەس وە دامان شیخ و مەلا بووم
خودای بانی سەر، زوردار بکەی کوور
دووسم ناشی بوو، بردنەی وە زوور
هەر کەس بپرسی ناو و نیشانم
من بەدبەختەکەی ناو کرماشانم

## وەرگێڕانی غەزەلی (ولی حالا چرا)ی (استاد شهریار)



ڕەبەت. خزر سوورە"سامالٌ گەنمانی"

گیان بەقوربانت بێ هاتی! بەوردەنگ وەختانە، بۆ؟
پێنەزان، ئێستا کە دەست و پێم لە سەر گۆچانە، بۆ؟

من بە هەتوانیت خوریم و دەردی (زۆراب) هاتە ڕێم
دڵ دەبوو زووتر نەرم بێ، تازە ئەو دەرمانە، بۆ؟

کوانێ بەرتەسکی تەمەن ئەورۆ و سبەی تۆی تێدەبێ
ئەو سبەینەی، بۆ کەسێ هەر ئەورۆ لێت میوانە، بۆ؟

ئێمە گەنجیمان لە بەر پێی نازی تۆدا ڕادەخست
تازە نازی تۆ بەهار لێی جوانە، ئەو زستانە، بۆ؟

وەی لە دەس بێ سیقەیی عومرێکی کرچوکاڵ و کورت
بۆ منی شەیدای هەواڵێک، ئەو هەموو خافڵانە، بۆ؟


ناڵەناڵم شینی(فەرهاد)یشی لە برەو خستبوو
لێوی شیرین، جوابی تاڵ و هێندە لوتبەرزانە، بۆ؟

ئەی شەوی دووری، کە چاوی من لە تۆدا نەچوە خەو
لایەلایەت، هێندە لەو بەختەی خەواڵووم جوانە، بۆ؟

کۆڕی عەوداڵان پەرێشانن لە دەستی ئاسمان
من سەرم سوورماوە لێک هەڵناوەشێ ئەو خوانە، بۆ؟

بولبولی مەینەت لە دڵ، خۆ لەو خەزانەی بێگوڵیت
خۆوەخۆگرتن ئەمەگناسیتە، ئەو بانگدانە، بۆ؟

شەهریار خۆ تۆ بەبێ دڵداری خۆت هیچکوێ نەچووی
کۆچەریی و ڕێبواریی پەسڵان، بێکەس و تاقانە، بۆ؟



ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە

نازدارەکەم
تاکوو ئەو ڕۆ
هیچ دارێکت دیوە
کە لە ناو دارستان
جێگەکەی خۆی
بە جێ بێڵێ؟؟
بڕواتە شوێنی تر
گیای تیکان و بژار
لە شوێنی پێی
بێنەدەرێ؟؟
نا نا
دڵنیام گوڵە جوانەکەم
دار کە ڕیشەی
لە جێیەک داکوتا
گەر بێتوو نەیاران
بیبڕنەوە
کۆلکەی لە ناو زەوی
دەکا قایم
یا چرۆ دەردەکاتەوە
دەبێ بە دارێکی قەوی
یا دەمرێ لە جێی خۆی
سەری
بۆ هیچ کەس ناکا نەوی
غەم مەخۆ تۆش
ئەگەر بشبڕدرێی
لە سەر خاکی نیشتمانت
دەستیان
قەت ناگا بە ڕەگ و ڕیشەت
سەر هەڵدەدەی
لە هەر چوار لا
بەرز و بڵیند
دەبێوە بە داری ئاڵا

## کەپری وەفا



بۆکان. هیدایەت ئازەری ( خەمبار)

تۆ بلێی کاروانی ئەشقت,کەی بگاتە مەنزڵم
بێ بەڵێن نابم لەعەشقا, تا بەرەو گۆڕو گڵم

بەس مەڵێ خەون وخەیاڵە , دڵ لەسوێت هەودا دەبێ
من لەبازنەی لێوەکانت , بۆ بزەت دڵ پڕ کوڵم

سەر چڵی ئاواتەکانمی , شەو چەلەی یادت دەکەم
ناوی پیرۆزت لە دێڕی , شاغەزەل دایە گوڵم

هەر شەوێ کۆتری خەیاڵم , دێتوو سەردانت دەکا
با هەتاوی ڕووت ببینم , جا بسووتێ کاکڵم

تاسەتم کرگە لە غوربەت , دەشت وکێو دەبڕم لەبۆت
ئەشکی پێنووسم دەرێژم , هیچ نییە ترس وسڵم

هەر بەگەرمای عشقی تۆیە , تین و تاوی ژینی من
زۆر دەترسێم داڵی مردن , بێت و ناکاو بێ دڵم

سۆزی عەشقت دێ بەدڵدا , لادەبا ژانی هەناو
وا لە باغی داری ئەشقت , بولبولی نەغمەی چڵم

من لەژێر کەپری وەفادا, کۆتری یادت چێ دەکەم
هەر وەکوو شانۆی شەقامان , دڵگرو پڕ حاسڵم

قالب : غەزەل
بەحر : ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف
کێش : فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ،فاعِلُن



مەریوان. ڕەعنا

ئەترسم بەم دەردە بمرم
خۆم دیل و زمانم دیل و
نیشتمانم لە بەندا بێ



ساحێب. دەریا ئازەرپوور

لە چوار زامی یەک جەستەدا
لە ئاخ و داخی یەک ڕۆحدا
تیماری زام ناکرێ بە کەس!
ئاودێری زام هەر لە خۆمە و
هەر خۆم دەبم
بە ژیلەمۆی!
دەکرێ زام هێندە
گەورە بێ و
هێواش هێواش ببێ بە یەک؟!
من خۆم دەبم
بەو جەستەیەو
زامی ناخم بچووک بچووک،بچووک دەکەم!
ناکرێ بلێم
لە یاد دەچی و دەبڕییەوە
ناکرێ بلێم
"خۆشەویستیت"
تەواو دەبێ و دەکووژێتەوە
هەر جارێکەو بە گڕێک و بە تینێک و
بە ئاخێک و بە داخێک و هێدی هێدی
ئەڕوێیتەوە!
بۆ دووبارە دەژییێتەوە!
"خۆشەویستیت"
شەپۆل ئەدات
دەریای ڕۆحم
زیندوو دەکات!

## خاکی هەتیو



بانە. سەهەند (ئاڤان)

تنۆک تنۆک بۆ ئەم خاکە
خەفەت دەخۆم
زەرد و زەعیف
ڕووت و ڕەجاڵ کون کراوە
هیواکانی بە سێدارە
لێکدراوە...

## ئاوێنە

کێبرکێ دەکەی لەگەڵ مانگەشەو
هەر تۆ براوەی
پەری سەرۆکە
ساحێب قامووسە
زۆر بێ وێنەیە !
هەموو جوانییەکان تەنیا بۆ پەری
وەک ئاوێنەیە...

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# بریا مۆبایل باما



سەردەشت. هێمن تەنیا

هاوسەرم لە ناو مەکتەبە
مامۆستای دەرسی ئەدەبیات
بەسەرهاتێک دەگێرمەوە
بە شێوەی نەقل و ڕەوایات

جارێکیان کە چووموەوە ماڵ
هاوسەرم دی بە لاوازی
کاغەزێکی لە دەست دابوو
سەیری دەکرد بە بێ نازی

کوتم چیبوە ئازیزەکەم
بوا پەشۆکاو و خەمباری
ئاهێکی لە ناخ هەڵکێشا
لە چاوی ڕۆندک دەباری

گوتی چەند ڕۆژێک لەمەو بەر
بە منالانی مەکتەبم گوت
دارشتنێکی جوان بنووسن
پوخت و شیاو ، لەبار و کورت

هەر کامە و شتێکیان نووسیبوو
زۆر بە وردی خوێندمنەوە
تاکوو گەیشتمە ئەو دانە
وەک قژی پەلکە وەندمنەوە

لە ناو وان دا ئەو دارشتنە
سەرنجی منی زۆر ڕاکێشا
کە خوێندمەوە هێند بە زام بو
هەموو گیانم وێکرا هێشا

پێ کوتم تۆش بیخوێنەوە
بزانە چەند بە حزن و زامە
ئەو منالە لەو تەمەنەی دا
بزانە چی کردوە بە نامە

کاغەزەکەم لێ وەرگرت و
دەستم پێ کرد ، خوێندمەوە
نووسراوەی کچێکی مناڵ
هەموو جەستەی تواندمەوە

نوسیبوی بە نیوی خودا
بریا ئەمن مۆبایلێک بام !
شەو و ڕۆژ و لە دەر و ژور
لە دەست ئازیزانم دابام

بریا مۆبایلی بابم بام
لای وی ئازیز و گرینگە
دەرجا هەڵدێت بۆ لای مۆبایل
کاتێک کە لێ دێ خرینگە

تەنانەت بابم بۆ ساتێک
مۆبایلەکەی خۆی دانانێ
بە دائم پێیەتی و هیچ کات
بە دەرد و غەمم نازانێ

بۆ هەر جێگایێکی بچێت
تەنیا مۆبایل هاورێیەتی
لەگەڵ مۆبایل وەعدیان داوە
بە هاورێی و برایەتی

بریا مۆبایلی دایکم بام
هەموو کات هەر لە لایەتی
تەنانەت کە ئیشی هەیە
لە لای خۆی و پەنایەتی

ئەگەر ئەمنیش مۆبایل باما
دایکم نازی منی دەکێشا
ئەگەر بە حەرز داکەوتبام
لەتاوان جەرگی دەهێشا

بریا مۆبایلی خوشکم بام
زوزو بەرگەکەی دەگۆڕی
هەموو کات خاوێنی دەکات
بە پەڕۆی ناسک و بە تۆڕی

سەیری دەکردم و بە بزە
دەستی بە سەری دادێنام
کێ سازی کرد ئەو ئامێرە
ئاوا هەویی بەسەر هێنام

بریا مۆبایلی براکەم بام
ئەودەم خۆشیم بۆ دەباری
لە بەیانی تاکوو شەوێ
لەگەڵ منیش دەیکرد یاری

قسێکی بکەم لێم قەڵس دەبێ
خۆ ناوێرم بچمە کنیشی
دەڵێ هەستە لاچۆ لێرە
بۆ لەکن من دادەنیشی ؟

بریا من مۆبایل باما
تا وەکوو وی خۆشەویست بام
لە کات و سات و ژیانیان
لەگەڵیان بام و پێویست بام

چۆن دەبێ ئاخر ئامرازێک
لە ناو خەڵک وا ئازیز بێ
خۆشەویستم هەست پێ نەکەی
تەنانەت ئەگەر لێت زیز بێ

تاسێکی سارد بە دڵم داهات
دوا خوێندنەوەی ئەو دارشتنە
بە هاوسەرم گوت وەیبینە
ئەوە مافی ژیان کوشتنە

بزانین دایک و بابی کێن
بچین و قسێکیان لەگەڵ بکەین
ئاگایان لە ژیانیشان بێت
دەرس و ئامۆژگاریان پێ بدەین

پێیان بڵێن مۆبایل لابەن
نەبێتە هاورێی گشت کاتی
هۆشێکیان لەو مندالە بێت
غەم چۆتە نێو ناخ و زاتی

کە چوونەوە ماڵ وەلای نێن
جگە لە کاتی پەیوەندی
بنەماڵەش کاتی دەوێ
ئەوە تێدا بەرژەوەندی

هاوسەرم زیاتر گریا
کوڵ و کۆی خۆی ڕشت لە تاوان
برواتان بێت دلۆپی خوێنی
دەهاتە خوارێ لە چاوان

کوتم بەسە ئازیزەکەم
شتێکی وانیە ئاوای بۆ بکەین
زۆر بە خۆشی و کەمێک هەوڵ
کێشەکەی چارە سەر دەکەین

هاوسەرم کوتی نازانی
بۆچی ناخم پڕ لە ژانە
دەزانی کێ نووسیویەتی ؟
ئەو کەسە کیژی خۆمانە

## سکاڵا



سەقز:کامیل موحەممەد جانی

خودا چبکەم بە دەس دەردی گرانم؟
دەوای دەردم لە کوێیە با بزانم

هەموو ئێسک و سوقانیشم دەناڵن
لە بەر دەردی گران خەونیش بەتاڵن

خودا چبکەم بە دەس زاڵی زەمانە؟
بە کێ بێژم گەلێ دەردم گرانە؟!

لە بەر تیر و تفەنگی کاکی زاڵم
هەموو گیانم برینە بۆچ نەناڵم؟!

خودا دیارە ئەتۆش نوستوی لە خەودای
وە یا وەک میر لە فیکری پووڵ و سەودای

دەنا چۆنە کە نابینی هەژاران؟
لە دێهات و لە شارۆچکە و لە شاران

خودا پێم وابێ تۆش بەرتیل ئەسێنی
لە گەڵ ئاغا نەمامی کین ئەچێنی

هەموو گورگ و بەراز و خرس و ڕێوی
دەڕێژن خوێنی خەڵک، حەیوانی کێوی

خودا چۆنە کە کەمتیاریش بە جەرگن
قەل و قاڵاو گەشاوە و دوور لە مەرگن

خودا پێم وابێ تۆش چی دی خودا نیت
دەپێم بێژە خودا لەم دۆخەدا چیت؟

بە کوفرم بۆ مەنووسە دەردە دارم
لەداخ زاڵم شەوو ڕۆژ لێو بە بارم

گوناحم بۆ مەنووسە بەم سکاڵام
لە زێدی خۆم ئەمن بێ ماڵ و ئاڵام

بکێشە گیانی بێ تینم بە جارێ
ئیتر ڕزگارم کە، کەم خۆت وەشارێ

## ئاوێنە شکاو



سەقز. لەتیف عەلەوی

ئاوێنە شکاوێکە دڵم مەیخەنە لاوە
خۆی پەنگری عیشقە بەخودا، مەیدەنە "با"وە

کاکۆڵ و کەزێ کاڵی هەتاوێکی لە دڵدا
بەو بەژنی زراڤی کەژ و کۆسارە ڕژاوە

هەر بەستەیێ ڕووی کردە هەریمی حەز و تاسە
خوێن دێتە کوڵ و دڵ دەڕفێنێ نە کشاوە

دیسانەوە بۆران و تەمی گرتی سەراسۆ
هاوارە لە من بێن بە خەم و دادی چراوە

پەروانە بە پەروانە مەسووریێ بە گڕی شەم
شەم وێنە بە بێدەنگی بسووتێ لە پەناوە

هەرگیز بە دڵی کەس نەخولا چەرخی موخالیف
کام سوارەبەیانی  بە حەواوە نە گلاوە؟

بەرچاوە " لەتیف" دیارە وتەی چاوەیە بۆ ژین
گوارەی تەمەنی وێژەیە لەمڕۆ بە دواوە :

هەرکەس کە نەسووتێ بە خەمی خاک و گەلۆوە
وێژدانی لە خەودایە، مرۆڤی نە شیاوە.

## بێ بەقا



مەهاباد. بێ خێش

من خۆناوگەی گەردنی شاخم بەرەو دریا دەڕۆم
وەک هەڤاڵی داخ و خۆزگە و حەسرەت و بریا دەڕۆم
نایەڵم خەم پێم بزانێ شوێنەونکەی لێ دەکەم
زۆر بە ئەسپایی و لە سەر هەست هێوەر و وریا دەڕۆم
ئاوی کانی فێری کردم وانەکەی ڕێگای ئەوین
ئەسرینی میوانی چاوێکم  دەمێ گریا دەڕۆم
دەنگی هاوارم نگاتە گوێی کەسێ باکم نییە
تۆ کە نەبیست دادی ناخم بێ هەرا و هوریا دەڕۆم
هەر بەشی من دڵ شکان بوو دڵ نەوایم قەت نەدی
دەستە لە ملانیش ئەزیزم نایەتە فریا دەڕۆم
بێ بەقا بووی جێ تەقالام کرد بە تاقی کرنەوە
من لە داخی بێ بەڵێنی ئەشقی  سەر دنیا دەڕۆم

## بەڵا گەردانتم



مەریوان.مادیح کۆنەپۆشی (زایەڵە)

ویرژنی بۆ سەر بگۆڕە ! هەڵگری نازت منم
گەر نهێنیت ماوە بیڵێ، هەڵگری ڕازت منم

چاوەکانت هەڵفڕێ با، دڵ بە گیان و دڵ دەڵێ :
دێر دەمێکە چاوەڕێتم سەیدی شابازت منم

مەیلی قوربانیت ئەگەر بوو کێ لە من ئامادەتر؟!
بۆ بەڵاگەردانی چاوت سەر لە ڕێبازت منم

تەکتەواری گردی مژگرتووی ئەوینی من ئەتۆی
دادە دەی! نەخجیری ناسک بۆ حەز و وازت منم

گەر بە یەک دیدار لە شەودا نیوەگیانت کردووم
سوورەخوڵکی سووکەماچی ! چاوەڕێی گازت منم

تا ئەتۆ فەرماندەرم بی جێبەجێکارم وەرە
کاتی سانبینینی چاوت کۆنەسەربازت منم

کۆنەتر بێ تا ئەوینت زامی شیرین شین دەکا
بۆیە نۆی کۆن دێتە دێرم ، نوکتەپەردازت منم

ئاسمانی شێعرەکانی زایەڵە بۆ چاوەکەت
ئاوەڵایە تا بزانی هێزی پەروازت منم

دەورە دەورەی ئاپەدێت و هەڵکشانە، تۆیش دەسا؛
ویرژنی نازت بگۆڕە ! هەڵگری نازت منم

## چەترێ بۆ باران



بانە. هەتاو

ڕۆژ نییە ئازارم نەدات
دڵی کرووەمە هەوری خەم
کە باران دەبارێ
چەترم بۆ هەڵ دەدات

## چەس



لەیلاخ. مام خەیاڵ

ئەگەر یاری وەفاداری ئیدی تیر و تانە چەس
زولفی شانت شانە و شانە سووچ وجەوری شانە چەس

شۆڕەبی شوورەی لە ڕووت دێت شووری عەشقت نازەگوڵ
لەرز و یاوم لێ دەنێتن لەرزی ئەم لەرزانە چەس

ئاوەدانە ئەم وڵاتەی ئاوەدانی تۆ ڕوواند
ئاگری بەردایە هەستم بادی بەرزی بانە چەس

خۆت گوڵ و ڕوخسارەکەت بەدری مونیرە ماهی نەو
خەس و خاشاکن لە لای تۆوسێسن و ڕەیحانە چەس

لەیلی مەجنوون گەرچی بانگی ڕووی جیهانی گرتووە
لەیلی بیمەیلم ئەتۆی لەیلا قسە و ئەفسانە چەس

نازی چاوت نازەنین دەمبا بەرە و ژینێکی نەو
عومری نووحە مینەتی ئەم نەختە گیانەم گیانە چەس

مەرحەبا سەد بارەکەڵڵا سینە سافی ئەو شەوت
دیم وتم یارەب چ سرڕە گەوهەری یەکدانە چەس

گەرچی لەم زانگەی ئەوینا دەرسی عەشقم خوێندگە
ئێستە کەش حاڵی نەبوو لێم ڕەمزی ئەم چاوانە چەس

خۆت و ئینسافت گوڵم قازی زەمان تۆی چاوەکەم
بەستە خوێنرێژی هەتاکەی داروو ئەم تاوانە چە؛س

مامخەیاڵ سەر دادەنێتن وا لە ڕێبازی ئەوین
گیان و سەرماڵی دەبەخشی شۆڕشی پەروانە چەس



سنە.زەمان

ژینگە  باش بێ ژیان جوانە
ئەمە دابی کوردستانە
ورد ببە لەو هەموو ناوە
بزا لە کوێ ئەمە باوە
قارچک، ڕێواس و گیلاخە
پیچک، کنیواڵ ، قازیاخە
کێف و شێف ودەشت و دەوەن
تۆپلاخ ،کەما و لۆ و گەوەن
دارە بی و دار شێلانە
بەی و گوێز و بەلەشووانە
نێل وبێل و هێل و هەسێل
کەپر و هەوار، مێرگ و کەوێل
هەنار و سێف و سرینچک
کەو و کۆتر و مەلوچک
کەرەی مەشکە ماسی تۆراغ
کولێرە سیاوڵەکەی ناوباغ
بەرخ و پەز و کار و بزن
جانتا جواڵ بەن و سووزن
داس و هەسان و کەرەنتوو
توورک، سماق و داربەڕوو
نیسک و سێاوڵە ، گەنم وجۆ
سەرەن بێژنگ ، داس بەفرەلۆ
یەرەق نێلە ، کەڵەمەو گا
دەلاقەی ماڵ ، کلۆن درگا
شەقە جوگەلەی ئاسیاو
چەقچەقەو تاقگەی بەفراو
ئەمانەو هەزار ناوی تر
خۆت بیخوێنەو بەسە ئیتر
لەهەر کوێ بینیت بزانە
ئەو ژینگە ژینگەی کوردانە

شێعر: مەسنەوی
شێواز: nomerical
جۆر: ساف
هەر خشتە دوو ڕوکن
ڕستە: ۱۶ برگە

## با هەموو براین



پاوە .هەجێج عوسمان ڕەحیمی

ئەمەهاواری  جەرگی سووتاوە
بۆیە فەریادی ئاوا  هەستاوە
لەدەس زەمانەو  دنیای بێ سامان
لەچەرخ دەورووجەوری بێئامان
لەخەم و مەینەت دنیای بێ نەزمی
هەژار دەناڵێ  لەفێڵ و بەزمی
هەرکەس‌بۆخویەو دووریمان باوە
هەژارهاواروو  ناڵەی‌هەستاوە
وسیەتم وایە بۆگەلوهۆزم
بۆهەموو  یاروو برای دڵسۆزم
باجیانەبین لەم ژینە  تاڵە
لەو دەردەو جەفاو خەموخەیاڵە
بۆدەبێ وابێ لەیەکتر دوور بین
خۆگوناحنیە لەمەرام سووربین
بۆ وەفا نەبێ لەشەرتو پەیمان
نەکەین چارەیێ  بۆ دەردووخەمان
بۆنەبین کێوی شاهۆ بیستوون
پێکەوەبژین  نەبین‌تەفروتوون
ئێمرۆرۆژێکە دەست لەناودەس بێ
هەمووی‌ئەوگەلە وەکخزمووکەس‌بێ
یەکبگرین بەدڵ  لێرە بەولاوە
چوون پێمان‌ئەڵێن نەسڵی چەوساوە
باپێکەوە بین بۆفکروو تەکبیر
با یەکترینمان  دەرنەچێت لەبیر
بابە مۆحیبەت  هەمو برا بین
بۆدڵی‌یەکتر  وێنەی چرابین
هەموویەکبگرین بەجێ نەمێنین
فکری‌تەنیایی لەدڵدەر بێنین
خەموشادیمان شەراکەتی بێ
لەژیای‌ژینا  برایەتی بێ
خەم خوری ژینی ڕەشی میللەت بین
ڕێ ڕاستابرۆین دوورلە زیللەت بین
دواکەوتووی‌ئێمە هەرلە دووریە
دەی‌بایەکبگرین زۆر زەروو ریە
هەتاجیاییوو  دووری دیار بێ
ئەبێ‌هەرخەمو کێشەسەربار بێ

## نیشتمان



سەردەشت. گزنگی خـۆڕ

ئەی وەڵاتی بەفر و خوێن
وەڵاتی شێعر و باران
مەڵبەندی دڵداری و ئەوین
زێدی ناسک و نازداران
لە بەهەشتی جوانی تۆدا
بەیت و حەیران
داستان و ڕۆمان
بۆ یەکتری دەستێننەوە
سەدان سەرداری
خۆنەویستی
وەکوو ... ئەژێنەوە
دەیان پێنووسی وەک هەژار
ئاوزێر دەکرێن
لە زێدی من
ئازایەتی و جوانمێری
دەبنە زەریا
شێعر و پێنووس
بیـر وهـزر
دەبنە مەلەوانی
بێ ڕکەبەر و بێ هاوتا
مێرخاسانی ئەم گەلە
بە بەرزایی ئاسمان و
بە قورسایی گۆی زەوی
حەماسە و مێژوو تۆمار دەکەن
ڕۆڵەکانی ئەمەگناست
بۆ یادگار و بۆ پێناسەت
سینە بە سینە دەیڵێنەوە

## ئەی وەتەن



مەهاباد. جەعفەرمەعرووف(ژیار)

ئەی وەتەن شەیدایی خاک و لێرەوارانت منم
چاوەنواڕی نشئەیی هەوری بەهارانت منم
شاخی پڕ خوێنی ئەوینی شۆڕەسوارانی دڵێر
لاوی پڕ عیشق و بەسۆزی ناو هەوارانت منم
باغەوانی باغ و دەشتی لێرەواری پڕ لە ناز
پاسەوانی یادگاری گشت عەیارانت منم
گەر لەسەر بەرداوی ئاوی تەقتەقانی شاخەکان
خوێن دەچۆڕێ، خوێنی گەرمی شۆڕەسوارانت منم
داخەکەم هەر دەم لەلایە بۆردومانی تۆ دەکەن
ئاگری ناو ژیلەمۆی قینی هەژارانت منم
دیدەکەم عیشقت لە دڵما دەنگی بارانی ژیان
وا بەسەر خاکت بە خوێنم ڕێژنەبارانت منم
بەو "ژیار"ەی زۆر لە مێژینەت بەرەو ئاسۆیە ڕووت
هەلهەلەی خۆشی ڕەهایی ڕۆژگارانت منم

## چورکی ئەوین



مەهاباد. شاهۆ موکریانی

تۆم هەبێ من چۆن پەنا بۆ مەی دەبەم
دەنگی تۆم بێ چۆن پەنا بۆ نەی دەبەم
گەر بە بەژنی تۆ خەنی بێ ئەودڵەم
چۆن پەنا بۆ هایوو هوویوو حەی دەبەم
سەد چنار وعەرعەرم گەر بێنە ڕێ
سووجدە بۆ ڕووگەی ئەوانە کەی دەبەم
پڕ لە ڕازە چاوی شابازی ئەوین
عاقیبەت بەو ڕەمز وڕازەی پەی دەبەم
من لەسای تۆ بەو هەموو زامانەوە
تام وچێژێ لەو هەموو ژانەی دەبەم
دێمە ژوانگەی پڕ ئەوینی ئاورین
دەستی هەستی مەستە بۆ خامەی دەبەم
تا بنووسم ڕازی دڵ بەو خامەیە
وەک تەتەر دێم ودەچم نامەی دەبەم
تا بزەت چورکی وە جەرگ ودڵ نەخا
هەرپەنا بۆ سازی ئاخ و وەی دەبەم

## کوڕێک کەبەهۆی لەدەست دانی قاچەکانیەوە خۆشەویستەکەی لەدەست دا



مەریوان.مەرزییەخاکی

زۆر ناخۆشە کەهیچ کەس لەئازاری دڵت تێنەگات و تەنانەت گاڵتەیشت پێ بکەن و بەچاوی بەزەیی بۆت بروانن، کوڕێکی باڵا بەرز و جوان و قەد شمشاڵی کەتا چەند مانگێک پێش لەئێستە وا نەبوو و سیارەی جوان لەژێر قاچەکانیدا بوو ئەندازیاری تەلارسازی بوو و لە دوور ولات دەژیا ولەو پەڕی ناز و نیعمەتدا بوو خولیای هۆنەر و جوانی بوو ، هەندێکجار خەرێکی وێنەکێشان بوو، و قەد بیری لەوە نەدەکردەوە کە رۆژێک پێویستی بەکورسی کەمئەندامی بێت ، بەلام ئیدی چارەنووسی بەشێوەیەکی تر گۆرا، و ئێستە ئەو کورە ئیدی ناتوانێت بەپێیەکانی بڕوات و پێکانی ئەو عەرەبانەیە، ئەو کوڵان و شەقامانەی کەبە سیارە پیا دەچوو ئێستە مەجبوورە بەعەرەبانە پیایانە تێپەڕێت و هەر کەسێک کەدەیبینێت بەچاوی بەزەیی بۆی دڕوانێت و لەدەستدانی قاچەکانی بۆبەهۆکاری ئەوەی کەئەو نەگات بەخۆشەویستەکەی و بۆ هەمیشەتەنیا بێت ، کاتێک کەبەسیارەکەی خۆی تۆشی ڕووداوی هاتووچوو بوو و گەیاندیانە نەخۆشخانە لەتاو ئازار لەهۆشی خۆی چوو بوو، کە بەئاگا هاتووە و بینی کەلەخەستەخانەیە ، خۆی باسی ئەکات کە چۆن تۆشی شۆک بووە ، کەکاتێک لە زارەی دوکتۆرەکەوە دەبیستێ کەچی بەسەرهاتووە، ئەڵێت حاڵم زۆر خراپ بوو ، بەلام لەوە خراپتر ئەوە بوو کە دوکتۆرەکەپێ ووتم کەلەموولا قاچەکانت کارناکەن و بۆ هەمیشە قاچەکانت لەدەس داوە، لەوکاتەدا فەرمێسک بەچاوما هاتەخوارەوە، من ئەوکاتە لەخەستەخانەیەکی دوور ولات بووم، دەردی دووری لەئازیزانم ، تەنیایم لەوێ و ئازاری جەستەم ، ولەدەستدانی قاچم بۆهەتاهەتایی هەمووی تێکەڵ بوو، خوا دەزانێت ئەو هەموو شتە چە حالاتێکی دەروونییان بۆ من دروستکردبوو، و بەتەواوی هیوابڕاو بووبووم، قەت ئەوەم بیرناچێ خانمە پەرستیارێک لەوێ بوو ، لەناو ئەو نەخۆشخانەی کەمن جێگیر بووم، زۆر ئاگای لێم بوو ، ڕۆژانەڕاهێنانی جەستەی پێدەکردم ، ئێتر بۆ ماوەیەک لەوێ مامەوە بەهیوای ئەوەی کەلەجەستەمدا گۆڕانکارییەبچووک دروست ببێت و بۆجارێکی تر بتوانم لە سەرپێکانی خۆم ڕاوەستم بەلام بەداخەوە هیچ سوودی نەبوو بۆهەمیشە عەرەبانە وکورسی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ بەمیوانی دڵم و هاوڕێ تەنیاییەکانم ، و هیچ بەهایەکی مانەوەم لەدووروڵات نەما، بۆیەبڕیارمدا بگەرێمەوە بۆ شاری و زێدەکەی خۆم ، بۆ باوەشی بەسۆزی دایکم ، کەهاتمەوە کەس بەقەد دایکم حاڵی پەریشان نەبوو بۆم و کەس ئاوەری لێنەئەدامەوە، وهەرکەسێک کەمنی ئەبینین بەسەرعەرەبانەکەمەوە بەچاوی بەزەیی ئەیروانی بۆم، چۆنکە بوو بووم بەمرۆڤێکی کەمئەندام ، بڕیارمدا ئەو خولیاهۆنەرییەی کەلەکۆندا هەمبوو ، ئێتر دووبارە ئاوێتەی ببمەوە ، سەر لە نوێ دەست بکەمەوە بەوێنەکێشان ، بەکێشانی وێنەی جوان و سروشت دووبارە وامکرد وردە وردە لەگەڵ ئەو دۆخەی تێیدا بووم ڕابێم و تێکەڵی ناو کۆمەڵگا ببمەوە، و ژیانێکی نوێم دەستپێکرد، هەندێک ڕۆژ خۆشحاڵبووم و هەندێک رۆژیش بێزار ، بەلام ژیان بۆخۆی وەکوو ئاوی ڕووبار دەچوو وچاوەڕی کەسی نەدەکردچۆنکەبەردەوام بوو ، منیش لەتەنیای خۆمدا دەستم کردووە بەوێنەکێشان و خەمی دڵم بەوێنەکانم دەرئەبری ، لەگەڵ ئاشنا بوونم بەسۆشیال میدیا کارەکانم و ئەو وێنانەی کە ئەمکێشا پۆستم دەکرد ، بەوهۆییەوە خەڵکانێکی زۆر ئاشنام بوون لەشارەجیاجیاکانەوە ، و دەهاتنە سەردانم ، برێک لەوانەلەخۆشەویستیدا و برێکیشیان لەڕووی بەزەییەوە سەردانیان ئەکردم ، و وێنەیان لەگەڵ ئەگرتم و چیرۆکی منیان گوێ ئەگرت ، و فرمێسکیان ئەرژاند هەندێکیشیان کە دەست بەپێنووس بوون ئەیانووسییەوە.

بەتێپەر بوونی کات خانمێکم ناسی ، کە بەهۆی کارەکانمەوە منی زۆر خۆش ئەویست و ڕێزی تایبەتی لێدەگرتم ، منیش زۆرم خۆش ئەویست و پەیوەندییەکی سۆزداری جوانمان دروستکردەبوو، بەشێوەیەک ئاوێتەی دڵ و ڕۆحی یەکتر بووبووین و هەموو بەیانیەک بەهیوای بینینی ئەو چاوەکانم هەڵدەهێنا وەک مۆسیقایەکی هێوەرکردنەوە وابوو بۆمن، و ڕۆژانە بەیەکەوە قسەمان دەکرد و لەحاڵ و گۆزەرانی یەکتر ئاگادار بووین ، هاتنی ئەو خانمەبۆناو ژیانم هیوایەکی گەورەی پێبەخشیم ، ژیان ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرچاوم جوانتر دەبوو و هەستم بەبەختەوەری ئەکرد لەناخی دڵمەوە یەکجار خۆشحاڵبووم ، هەستم ئەکردکە کەسێکی ترم ، هەڵسووکەوت و گەورەیی ئەو خانمە وای کرد کەهەست نەکەم کەقاچەکانم لەدەستداوە و هەر کوڕێ ساق وسەلیمەکەی جارانم . بەلام بەداخەوە بنەماڵەی ئەوخانمە ڕێگر بوون لەهاوسەرگیریمان ، و پێیان وا بوو ڕەوا نییەکەکچێکی ساغ هەموو ژیانی لەگەڵ خاوەن پێداویستیەک بەڕێبکات و خۆی لەپێناوی مندا قوربانی بکات ، بەلام بیریان لەوەنەکردووە کەمنیش ڕۆژێک ساغ بووم بەلام قەدەر وای کرد کەئێستەمرۆڤێکی خاوەن پێداویستی تایبەت بم بێ وێژدان بوون بەرانبەر بەدڵەبێگەردکەی من و لایەنی جەستە بەلایانەوەگرنگ بوو ، بیریان نەکردووە کەمنیش مرۆڤم وەکوو هەموو مرۆڤەکان مافی ژیانم هەیە ، مافی خۆشەویستیم هەیە،

چەند دونیایەکی بێ ڕەحمە، نازانم گۆناحی من چی بوو کەئاوام بەسەرهات،و ئەو فیراقەدووبارە دۆخی ژیانی منی تێکدا و وێرانی کردم ، قسە نەگۆتراوەکانی ناخم و ئازارەکانم و تۆرەییەکانم بەژەنینی شمشاڵ دەردەخەم ، و ئێستە تەنیا دڵ خۆشیم لەم ژیانەپڕلەمەینەتیەدا برازاوخۆشکەزاکانمەکەلەباوەشیان دەگرم و نازیان ئەکێشم؛ و ڕۆژانە ئەیانبینم ، بەگشتی منداڵ زۆر ئارامم دەکاتەوە، بەلام ئەوە ڕاستییەکە کەنابێت بیشارمەوە کە بەهانا هاتینەوەی من لەدۆخی ئێستادا فلچە، تابلۆ ، شمشاڵ ، خۆشەویستی

خەڵکی نیە کە دڵم خۆش دەکات ، بەڵکوو لەتەنیای خۆمدا ئەو کۆترانەن کە ڕۆژانە دێنە سەر دەست و قاچەناتەواوەکەی من و بۆنی ئەوین و خۆشەویستییان لێدەکەم .
و خۆزگەمرۆڤەکان وەک خۆیان سەیری ئێمەی کەمئەندامانیان دەکرد و لێمان تێدەگەیشتن کەئێمەیش خاوەن هەست و بیروباوەڕی خۆمانین و هیچ جیاوازیمان لەگەڵ ئەواندا نیە ، تەنیا ئەوەیە کە کەبەهۆی لەدەستدانی قاچەکانمانەوە لەگەڵ ئەواندا جیاوازین و ئەویش گەورەترین خەلاتەکەخوابەخشیوویە پێمان. کەمئەندامبوون کۆتایی ژیان نییە ، چۆنکە ڕاستە کەمن کەمئەندام بووم، بەلام قەت بێ هیوا نەبووم، ولەگەڵ ئەم ژیاندا خۆم گۆنجاند و بەردەوام بووم لەسەر ژیانی ئاسایی خۆم ، هەرچەند قسەی کۆمەڵگا ڕێگر بوون لەبەردەمم و نەگەیشتم بەو کەسەی کەڕۆژێک خۆشم ئەویست ، و بەهۆی لەدەستدانی قاچەکانمەوە باجی ئەوین و خۆشەویستیم دا بەلام بۆهەتاهەتایی بێ هیوا نابم لەم ژیانەدا و زیاتر لەجاران خۆم خۆشتر دەوێت چۆنکەکەمئەندامبوون وای لێکردم کەبەهێز بم لەبەرامبەر کێشەکانمدا، کەمئەندامبوون هۆنەرێکە کەمنی گەیاند بەلووتکەی هێمنایەتی .



بانە. ئاروین ئەڵماسی(ئاگرین)

لە پەیجی ئەوینم
ڕیپلای کە نیگات لەسەر هێڵایتی دڵ،
یا لە دایرێکتی چاوەکانتا
بە کامێنتی خۆشەویستی
کەمێ خەڵوەت بکەم
لە ئاست هەڵوێستی ئێستۆری جەفات و
مەخفیانە !
بە مەیل لە گۆشێکەوە
سوور کەم و لایک کەم بە دڵێ
یا مەیلیت ...
شات کەم هێندسەی جوانیت و
بیکەمە پۆستی
مانەوەی هەمیشەت لە دڵ
یا "ئەوین" خۆی
سەیڤی کا لە ئەرشیڤی شادی و
بینێرێ
بۆ دڵی عاشقانی تری شار
تا لە کەپشێنی خۆشەویستی بێژێ،
ئەنگ بەر هەر چی جەفایە و
چی بێ مەیلییە بیدا لە دار...

❋❋

کاتێ ڕۆشتی
توند توند لە ئامێزت گرتم
بەلام مەخابن ئەنجامی
وەک بسماڵڵەی قەساب وایە...

## "کاتژمێرێکی خەواڵوو"

تک تک!
لە کاتژمێرێکی خەواڵوو دا
هەناسەم تەنگ بوو
هەتاو.!
لە دەست ڕۆژ هەڵخلیسکا و
لە ئاوەنگی شەوێکی بێدەنگ دا
ورد و خاش بوو
مانگ!
لە ئاوێنێکی لێڵ دا
بە کاتی ئازار
باوێشکی دەدا و
لە خۆی دەترسا!
ترازا گوڵ لە دڵ
شادی!
لە ژێر هەرەسی،
شەپۆلێکی لێو وشک دا هیواکانی خنکا!..
مەرگ بە چارشێوێکی ڕەش
لەسەر پەتی ناسکی پێکەنین
هێندێ جار گەمەی بە ڕۆحم دەکرد..
کاتێک لە
شەوێکی ئەنگوستە چاو دا
بە حوکمی تۆ
ئەوین خوێنی چاوی خۆی
کردە خەلات بۆ جەفا
بە نازی چاوی تۆ.!
وەفا بەردەی فیراق و
ئیتر بۆ ئەبەد
شێعریشم !
ڕێبواری گێژی
ئەگریجەی تار تارت بێ...

## ئەو بێنا و ساختومانە بخەینە بەر چاوی خۆمان






سەردەشت. کەماڵ ئازەری (ڕاوێژکاری بنە ماڵە)

کە لە شەش «تاق و تبەقە» و «ستون و کوڵەکە» پێکهاتوە....
١ـ بنە ماڵە ٢ـ قوتابخانە(و زانکو) ٣ـ کومەڵگا ٤ـ باوەڕەکان ٥ ـ ئابووری ٦ ـ دە سەلات

جا کە وایە لە بێنا و نهومی هەوەڵی دە ست پێدەکەیین کە بنە ماڵە و خۆشەویستی یە:

١ ـ خۆشە ویستی هە وینی ژیانە

خوشک و برای هێژا و بە ڕێزم هە موومان بە تیکرایی بە دوای خۆشبەختی و کامرانی دا وێل و سە رگە ردانین و خومان بە دار و بەرد دا دە دە ین و شاخ و کێوەکان دە برین و گە ڕمین و کوێستانان دە کە یین بو ئە وی کە بە ختە وە ر بین، زور ڕیگای نە ڕویشتوو تاقی دە کە ینە وە تا بە لکوو بە ئاوات و ئارە زوکانمان بگە ین، خومان بە زور کە سان دە سپیرین بۆ وە ی هە نگاوێک لە خۆشی و بە ختە وە ر ی نێزیک ببینە وە،

بە لام دوای تێپەڕبوونی تە مە نێک و لە دە ست دانی عومر و تە مە نی گە نجی، زور کرە ت بە ڕابردووی خۆماندا دینە وە و ئاخ هە لدە کیشین کە دە بو وا نە ڕویشتباین و وامان نە کردباو لە گەڵ فلانی نە گە ڕاباین و هە تد....

بە لام وە ک دە لین تە مە ن کورتە و کە رە تێک میوانتان دە بێت و دندە عەقە بی نییە...

بەلام چی بکە یین بۆ ئە وە ی بە ختە وە ر بین:

١ـ هە ولین هەنگاو: خۆناسینە، واتە بزانی کیێ ؟ بوچی هاتووی؟ بە رە و کوی دە روی؟

- يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ(حجرات/١٣)

ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەک دروستکردووە (کەباوکەئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانە تان کەزۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان.

ـ لە حە کیمێکیان پرسی: لێرەوە تا خوای میهرەبان چە نێک ڕێیە؟

فە رمووی: یەک هەنگاو

ووتیان: ئەو هەنگاوە کامەیە؟

فەرمووی: « پێ بنێن بە سەر نەفسی خۆتانا »

ـ ئە گە ر ئە تە وێ جیهان بگۆڕیت، ئەوا بڕۆ بۆ ماڵەوە و خێزانەکە تت خۆشبوێ.

ـ خۆشەویستی و متمانە چرای ڕوناکی ماڵە؛ کە کوژایە وە، هە وری تاریکی دڵە کان دادگرێت و دڵەڕاوکێ دڵ دە تە نێتە وە.

ـ لوقمانی حەکیم دەڵێ:

من ٣٠ ساڵ بە دەرمانی جیاواز خەڵکم تیمار دەکرد،

لەم ماوەیەدا بەم ئاکامە گەیشتم کە هیچ دەرمانێک باشتر نیە لە سۆز و خۆشەویستی...

کەسێک لێی پرسی: ئەگەر ئەم دەرمانەش کاریگەر نەبوو؟؟

لوقمان پێکەنی و وتی: ڕێژەی دەرمانەکەت زیاتر بکە...

وەڵامی سڵاو بە سڵاو بدەوە.

وەڵامی ڕق و کینە بە لێبوردەیی.

وەڵامی ئیهمالی بە سۆز.

وەڵامی درۆ بە ڕاستی.

وەڵامی دوژمنی بە هاوڕێیەتی.

وەڵامی تورەیی بە هێمنی.

وەڵامی ساردو سڕی و پشت گوێ خستن بە پێچەوانە.

وەڵامی ناپیاوی بە پیاوەتی.

وەڵامی کاری جوان بە هاندان.

وەڵامی بێ ئەدەب بە بێدەنگی و ئەدەبەوە.

وەڵامی سەیرکردنی میهرەبان بە پێکەنین.

وەڵامی دڵی مردوو بە ئومێد.

وەڵامی چاوەڕوانی بە مزگێنی.

وەڵامی تاوان و گوناهـ بە لێبوردن.

هیچ کات، هیچ شتێک و هیچ کەس بێ وەڵام مەهێڵەوە

دڵنیا بە هەر وەڵامێکت بێ، ڕۆژێک ،جۆرێک، لە شوێنێک بۆت دەگەڕێتەوە...

ـ درێژەی هەیە.....

# کورد حەسانەوەی ئیکسە



پاوە.مۆبین ئەحمەدی "پوویا"

بە حاڵ و ئەحواڵێکی باشووریانەوە
ئێوارە باش مەرگ
یان بە ڕەنگ و بۆیەکی سنەییانەوە
وەخت بە خەیر ئابرا
دەمناسی؟
بمناسی و نەمناسیتەوە
فیشەک/ساچمە/باتوم
ت ت ت تەق/شەق
هەموو ڕۆژێ دەمارەکانم دەپێون و
لە پەراوێزی نەبوونەوە
دەمشلەژێنن و
هەناسەم دەکەوێتە بەرۆکمەوە و دەیوەرێنن
وەتەن کۆڵبەرانت خۆش[1]کە ناخۆش و خۆت
چارەن!
ژیانم پێچ بوو تەتییانە/نەخراپ تر و تەسک تر
تەسک بەرادەی دووکەڵی جگەرەی پیاوێکی
سەر خۆشی "قاوەخانەی فەریق[2]
حەسانەوەم ئیکس بوو
خوات لە گەڵ وەتەنی خوێن
خوێن هەر خوێنی خوێن[3]
خەوتم/مردم
ئیتر سوور/سنوور نابینم
نا نابینم دیابتی نەداری و ئەنسۆلینی کۆڵبەری
ددانم ناشکێنە جێی ماچ و سوجدەی یارانەوە
نەرم ترین ڕەقم
بیشمرم خاک هەر دیالیزی ناوێ نا
هەموو شەوێ خوێنی دەگۆڕێ!
خوایە گیان تکایە مەمبەرە بەهەشت
بۆ یاریگەیەکم ببە
پشتم ڕاست نابێتەوە
با فریشتەکان نەڵێن:
کۆڵبەری کورد ـ إِنَّمَنَ أَن تَكونَ بِخَيرً
کَيفَ حالُکَ؟
کوردستان سعيدةٌ أو الفردَوس سَعيد؟ـ "
لایک بۆ کوردستان
ڕیپۆرت بۆ غەریبی
هەرچەن شانم تەتۆی تەنافە
پشتم تابلۆیەکی زامی بێ وێنەیە
بێ وێنە چوون وێنەکانی "هادی زیائەدینی "[5]
بەلام شارێکی.. دێیەکی.. ساتێکی
دەژێ بە ئەوپەڕی بەهەشت
دایکم دەڵێ
"فردوس اعلی"یە ناوی خۆمانەش بڵێم
بە باکووری کە جێی خاسانە و نازانم خێڵی ئەوان
و پێغەمبەران
بە مەزرای ئازادی
کە مەرەز بوو بۆمان ڕاستەکەم ڕاست
پووتینەکان لە تریوەی تاریکی
پێیان بە هەناسەی قاچ مانا ئەنا
بە ماچ مانا
ئاوات دەخزایە کەلەێنی زەوی
"مێکائیل[5] بیر کەرەوە
دەستت بە کام کلیلا نا؟
بژیومان بەرەو خوار ئەچی خاڵۆ نە ژوور
هێندە ڕیکلامێکی حێزی تورکی مان پێ نابڕێ
بۆ پیویستە بمرین؟
تاولەکەی لەپمان دێ لە گەڵمانا
خوێنی بەر ئەبێ/دەتکێ
دەبێتە هووو هەراااا
برا بۆنی عفوونەت دێ
ـ پشیمانی سودی نادارد ـ
با هەر ئاڵاین بین و کۆڵبەر
پرۆڤایلەکەمان شیرین نە
یانی تاڵ/کاڵ ..سفرێکی ئزافەین و
کووچەیەکی نیولایەن بۆ دنیا!
ئاخخخخ دنیام چ ڕەنگ بوو
بێ شەرتیە و ئەویش لە بێ ئیمانی
بەلام حەیف لە بیرم نەما...
نفرین لە ئاییدیەکەت دنیا
کاش هەر نەمانەدی
گۆڵی هایکۆ مەسخەرەکەی بیۆکەتمان خوارد
لەپاو لەپی لە "تا"
"تا"یی تۆخ
چەشنی ئازاری کۆڵبەری
ئازاری ئەنفال
ئازاری هەڵەبجە و سەردەشت وە ... شەهید
بوونیان
ئازارت لە گیانمانایە
ناخزێ/ناکەوێ/نایەتەدەرۆ
ـ ماچی سەنگما دان وە مینای فەلەک[6]ـ
کەلەک زۆرە با زوو بگەڕێینەوە
باخ بێستان ئاوی دەوێ
ئاومان هەیە بە قەد کۆزرانی نەتەوەمان و
شۆردنی لاشەی شەهیدانمان
ئاوی دەست/ئاوی ئەژنۆ
خوورەی دێ خوورە
لە گەرما/سەرما/نەرما/ڕەقا
پیاوەتیکە سەرت داخە ئەی لە "پەشە و
کەک[7]چوو
داخە مەغزم بە شکڵی غەدر لێ کراو
ـ سبحان الله ـ لەم زوڵمە چەن مونحەرفە
کە "س"کەت چەشنی سەرە لە ڕێی نان!
گیان ڕژاوە لە سنوور
کێ کۆی دەکاتەوە با بچێ
"ئیزرائیل" نە "ئینزیئیلیەکان"
دەس درێژی و هاری دەکەن لەوێ
حەدی نەبێ ئەو داماوە
ـ فاتحِه مَعَ صَلَوات ـ
کە ناوی بەخراو دەرچووبوو
مەخابن لە پەنجاکانی شەودا
کلاشینکۆفێکی شێت
ماچی کێ قیزەونی پڕ لە شەهوەتی کرد و
لە ڕۆژێکی کرۆنایی دا
ڕەوانەکراوە بۆ وەتەنی/تەنی هاریا بوو
گۆرانی ـ شەهید گوڵی چیایە ـ بەسەر ڤیدیۆی
بە خاک سپێردنەکەیەوە بوو
بێ شۆخی و بێ گزاف ئەمەیە حاڵ و ئەحواڵ
ئۆکسیژنی نەبوون کەربون دیوکسیدی ژیانمان
دەرەکا
جیهان ـ کالای ماتەمییش پەی خاکما سەندەن
ـ[8] دەک نەبزت بێسێ/فێسێ لە ڕێی خوا!

[1]خشتێکی مامۆستا قانعە دەفەرمێ: ئەگەر مردم وتەن لاوانی تۆ خۆش
[2]قاوەخانەیەکی بە ناوبانگە لە شاری پاوە
[3]فەرشید ڕۆستەمی
[4]کوردیەکەی دەکاتە: ماندوو نەبی ئەحواڵت چۆنە؟
کوردستان خۆشە یان بەهەشت؟
[5]بە بیر و بڕوای موسڵمانان فریشتەی بلاوکردنەوەی رزق و ڕۆزیە
[6]مامۆستا مەولەوی
[7]دوو جانەوەرن کە خوێنی مرۆڤ دەخۆن
[8]خشتێکی مامۆستا مەولەوی دەفەرمێ: کالای ماتەمیت پەی ئاڵەم سەندەن

## بۆ گوڵاڵەی سووتاو



سەقز. میکائیل حەسەنی

مەلی ناو شێعرەکەی سوارە غەوارەیە
لە ئەم شارە  بێ ڕەحمە دا ئاوارەیە
لێرە کە ژن زەعیفەیە پیاو بەرکۆچ و سالارە
تەسکە بۆ ئەوین ئەم شارە
کاتێ کەوا ژیان و ژین
جوانی و سۆز و پێکەنین
کرا بەژن
وە سووتانیان لە شاری من
مەلی ئەوین لە جێژوانی دڵداریا درا لە دار
ڕاچڵەکان تەواو کیژۆڵەکانی شار
ئەنگوستی مەحکووم کردنیان لە ڕووی پیاودا ڕاکێشا
بە تەباشیرێکی سپی لەسەر تەختە سیای مێژوودا نووسیان
ئەوانە بوون، ئەوانە بوون، ئەوانە بوون کە کوشتیان
بڕیار وایە دار میوەکان ئەمساڵ بەهار
میوە نەگرن، لە سەر لق و چڵ و پۆپان گوڵاڵە کان نەدەن لە دار
بڕیار وایە  گشت سوورەکان ببن بە شین
ببن بە خەندەی ماتەمین
بڕیار وایە کە ئیتر گوڵ بۆ نەغمەی عەشق و ئەوینی بولبولەکان
گوێ شل نەکا، قەت مەیلی خۆی نەدا پیان
مەلی ئەوینیان لەئێرە بە پەتی متمانە خنکان
گشتیان مردن:باوەڕ و شادی و ژیان
ژن بوە بەئاسکێ سلۆک تاراوە لەم نیشتمانە
دەستەمۆ کردنەوەی سەختە
ڕاو ناکرێت نە بە داوی عەشق و ئەوین نە بە کەمەندی متمانە



شنۆ. ئـارمـان مـام عەلی(ڕەنجەڕۆ)

ئـاخ نیشتـمـان
پێم بڵێن باپێتان بڵێم؟
لە خۆڵ وخوێنی کام نەتەوەیەک
کـام چیرۆکە وژیاننامەی مرۆڤ
کـام ڕوخسـاری کێووچیـا
کـام سـەرۆک و گەورەپیاو
خۆتان ئەزانن
کامیان هەڵدەبژێرم
بەڵام منی ڕەنجەڕۆ وتنم نییە!



بانە. کەوسەر خوداپەرەست

باران دەبارێ، وانەی دڵتەنگی دەشواتەوە
قوتابیەکانی پۆلی نەداری دڵتەنگ دەکاتەوە
ئاخ لەم خوڕەی بارانە، دڵ دەخاتە لەرزە
پێڵاوەکانی یاسا پڕ قوڕ و چڵپا دەکا
سکی برسی و قاچی تەڕ و تەزوی سەرما
لەشی ماندوو و چاوی کز و شەرمی ڕەشەبا
باران گەر دەباری لە برسی بپرسە
نانی لە جانتایا ماوە بۆ مانەوە؟
باران، لە قاچی یاسای پیرەڵۆک بپرسە
ببارم؟ پێڵاوت هەیە بۆ بڕینی ڕێگای بێ برانەوە ؟



مەریوان. بهزاد جامی ..کارۆک

کە پووشپەڕ دێت،
دار بەڕوار و مازوو قەزوان هاوار ئەکەن
شین دەگێڕن بۆ چیاکانی نیشتمان
فریشتەی چیاا، ،خنکاوە پەڕ و باڵی گشت سووتاوە
باڵندەکان پێیان نەما ئاواز و سۆزی سەربەستی
بەڵام دەنگیان بە کوێ ئەگا؟!جگە عەدەم!؟
گوڵی گەنم وەکوو جاران لەنێو مەزرای ئاواتەکان سەما ناکا
شنەی شەماڵ فێنک ناکا وەرزی ئەوین
کانی هیوا ئاوی نەما پاراو بکا داری ئازادی گوڵ بگرێ.
زۆر بێزار بووم لە زەردی و بێ ڕەنگی ناوت
دەوەن سووتا چیا نەما باڵندەکان هەموو ڕۆشتن
گوڵی گەنم ئافەت لێی دا، شنەی شەماڵ ڕفێندراوە،
کانی و قەڵبەز چەم و ڕۆبار هەموو وشک بوو برانەوە.
کاتێ فڕین پاسەوانی سەوزی چیا،
چیا سووتا سەوزی نەما .
دز و جەردە لە سێبەری دارە پیرە حەسانەوە.
لە دوای پووشپەڕی سیاساڵ هەرگیز هەرگیز جارێکیتر خۆشی
سەری لەو دارستانە ڕەشپۆشە نەدایەوە....



شنۆ. عێرفان مەرزەنگ "ڕەشەبا"

پێنووسەکەم نە شەکەتە
نە ئەویندارێکی ماندوو
لە دەرد و دوری و دابڕان
نە هەڵوەدای خونچەی بەهار
نە ئاوارە بووە لە شاران
پێنووسەکەم کۆچەرێکە
بەجێماوە لە دڵداران
پێنووسەکەم ئالایەکە
لە وڵاتی غەریبیدا
کەوتۆتە دەستی نەیاران

❋❋

من تەمەنێک لە دووری تۆ جامی خەمم هەڵنۆشیوە
من ساڵانێک دوای کۆچی تۆ جلی مردنم پۆشیوە
خۆت ئەزانی لە هیجرانت دارستانێکی بێبەرم
ئەم تەمەنەی جێت هێشتوومە گریان بووە بە هاوسەرم
لەمە بەدوا
چاوەڕوان نیم نیگاهت بۆم بتاوێنی
لە هەنێسکی نیوەشەوا
دڵی کەیلم بلاوێنی
بیرت چۆوە
کە دەمبینی ترپەی دڵم بۆت ئەلەرزی
تۆش بێسەرنج بە پەناما
تێدەپەڕی بەلووت بەرزی
چ شەوهایێک چاوەڕێت بووم تا وڵامێکم دەیەوە
ئێستا لێرە بووت ئەنووسم
خۆشم ئەوێی بەس مەیەوە

## دڵی تینوو



هەولێر. باڕۆنی خەیاڵ

چەندین ساڵە هەنگاو ئەنێم
بۆئەوەی کە مۆمی عەشقم
خامۆش نەبێ
دڵ بۆدووریت قەت نەناڵێ
پەرۆش نەبێ
پرسەو ماتەمین دانەنێ
ڕەش پۆش نەبێ
چەندە جوان بوون هەستەکانت
کەدەمگرتن دەستەکانت
ئاوێزانی باڵای جوانت
نیگاکانت...
بزەو خەندەی لێوەکانت
زەردو سووری جلەکانت
قژی ئاوریشمینی خاوت
جوانی چاوت...
خۆشی هێنبوون بۆژینی من
تەواوی هەنگاوەکانت
بەڵام ئێستا کەلێم دووری
چ شتێک نەما بۆسەبووری
تەنها شتێک کە ئارامی بێ بۆژینم
کەوەکو خۆی ماوەتەوە
دڵی تینووی بۆئەوینم

## شار...



مەهاباد. یۆسف شەریف زادە

شەنگەبیزای شۆڕە بەژنت
لە یادم شۆرابەی داوە
هەوری خەفەت و پەژارە
لە دڵ ڕەهێڵەی هێناوە
لە ئاسمانەکانی هیوام
مەلی یادت بە پۆل دەفڕن
چرۆی تاسەو حەز و هیوا
بە نەمامی و بێ هۆ دەمرن
شار وەک گۆڕستانی خامۆش
جمەی دێ لە ئاوەدانی
هەر منم نامۆیی دەکەم
لە ئەستێرە و گوڵ و کانی
مرۆڤ هەڵوێستی نەماوە
بۆ ئەوین و ڕاستەقینە
ژیان خەونێکی ئاڵۆزە
پڕ لە درۆ و ڕق و قینە
لە نێو جەماوەر بە تەنیام
ڕوحم وێڵی ئاسمانێکە
ژیان سەخڵەتە و دژوارە
نەفەس مەودای نەمانێکە
بەکەساسی و نامرادی
چاوەڕوانی هەتاوێکم
وەکو وەنەوشە مڵ کەچی
لیزمەی باران و ئاوێکم
منم ئاڵا هەڵگری غەم
منم لێو بە باری تاسە
منم ڕێبواری ڕێی نەمان
چاوەڕوانی یەک هەناسە
بڵێی شەماڵی یادی تۆ
بێ بەرەو جێژوانی چۆڵم
بای وادە زیندوم کاتەوە
بژێتەوە ژینی کلۆڵم
بۆنی بسکت وەک هەناسە
بێ بۆ ڕوباری دەمارم
بە ئەوین زیندو بێتەوە
ئەو دڵەی پڕ ژەنگ و ژارم
لەم ژیانە پڕ ژانەدا
ئەوین نەبێ ژەنگ هەڵدێنم
دڵ بەس بۆ جوانی لێ نەدا
لە سینەم دا دەری دێنم.

## بیرەوەڕی منالّی



سەردەشت .ئەوین ڕەحمانی

لە بێ بەختی ژیانی کرچ و کاڵم
لە گەڵ نەی تێکەڵاوە سۆزی حاڵم
لە گەڵ یەکەم شەقاوی بیر و هۆشم
بە خوڕ فرمێسکی خەم هەڕژایە کۆشم
لە گەڵ ئێوارە پاییزێکی سڕ دا
لە ژێر باڵی شەوێکی سەخت و چڕ دا
مەرگ مەودای ژیانی هەڵپساندم
مەلی ئاسۆگی هومێدی فراندم
ژیانم هاتبۆ کوێ هەر لەوێ ما
لە نێو گریەی گەرووی دێوێک بەجێما
بە مندالّی خەمۆکی چاوی بەستم
هەزار خۆزگەی نەگووراو چوون لە دەستم
خوداوند بووکی هیوامی بە شوو دا
گوڵی شادی بە شەختە و باپزوو دا
سەرم سوڕما وەبیرم نایە بۆچی
کە بابم کەنگێ لێینا بار بار و کۆچی
نەبوو ساتێکی سایەی بێ بە سەرما
کراسی دەرد و مەینەت کرا بە بەرما
بە کڵپەی ژان و مەینەت داگرابووم
بە دەستی دێوی ڕەش داگیر کرابووم
بە پێی دیارە و نەریتی کوردەواری
بەشم کەوتە دەسی زرباب و زاری
لە ناکاو هات و ڕۆحمی گرتە مشتی
هەچی خۆشی منالّیمان بوو کوشتی
لە ئەشکەنجە و لە ئازار دەستی پڕ بوو
بە ڕوو چوار پێ و بە ئەفکار دێوی دڕ بوو
یەکەم هەنگاوی دۆزەخ بوو بە جێمان
برا مافی قسە و ناسینی ڕێمان
کەس و کار بوونە نامۆ و بوونە دوژمن
نەیان بیست هیچ دەمێ هاوار و وەی من
خودی شەیتان لە کرداری بەری بوو
ئەوەن بێ زیبک و زاڵ و سەرسەری بوو
هەچی جارێ کە دەیکوت بێرە باوە
بە فێڵ دەیدامە بەر خەنجەر لە دواوە
سەرم سوڕما لە ژەنگ و ژاری بیری
چ تاوانێ، خودایە خۆت خەبیری
گوناحی من چبوو لەو کات و دەورە
لە پای چی چوومە ژێر ئەو داد و جەورە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانە ، بەیان خدری

فریشتەی خەو و خەیاڵی من
هەتاوی بەیانی
ئاسۆی ئاسمانی ساماڵی من
شێوەی پێکەنینی
شنەی باخی ژین و فێنکیماڵی من
چاوەکانی، چاوکەی
درەوشاوەی ئەستێرەکان
هۆی هاتنی بەهار
هێمای ڕۆژ و مانگ و ساڵی من
بە هەناسەی تێکەڵ لە تاسەی
پێکەنینی دەژیم
سەودا سەری سیمای
سەرمەستی بۆنی میخەک بەندیم
باوەشی
یەکەم خاکێ بوو کە لێی ژیام
کۆچم بەرەو کوێ بێ؟
ئەو سنورە ئاخر سنورە
دڵنیام
دڵنیام
ئەو هێزو هەناومە
ڕووناکی دڵ و سۆمای چاومە
ئەو دڵمە
گۆشت و ئێسک و گیانمە
دایکم نیشتمانمە

## تاوانی ماج



بۆکان. عومەر محەممەدی "مەزهەر"

لە کۆڵانێکی چۆڵ و تار و تەنگ
تووش بووم بە کیژێک جوان و شۆخ و شەنگ

سەرگۆنەی وێنەی گوڵی نەوبەهار
لە لار و لەنجەی حۆری شەرمەزار

سڵاوی لێم کرد بە دەنگێکی خۆش
دەنگێ کە مردوو دێنێتە سەر هۆش

مەست بووم بە نەشئەی دوو چاوی جوانی
سەرسام و بێدەنگ هەر لێم دەڕوانی

لێی چوومە پێشێ گرتم لە باوەش
گرتم بە لێوم گۆنەی ئاڵ و گەش

کردی بە زیڕە و هەرا و جنێودان
وەخت بوو ئابڕووم بەرێ لە کۆڵان

وتم نازەنین ئەی جوانی ساکار
تۆ بی و جوانیت بمبوورە ئەمجار

بە لار و لەنجەت ئەی جوانی تەرپۆش
ڕفاندت لە من عەقڵ و بیر و هۆش

سووری سەرگۆنات بێهۆشی کردم
ماچم نەکردبا بێشک دەمردم

ئیتر بەسیەتی ئەو بۆڵە بۆڵە
تۆش ماچم کەوە تۆڵە بە تۆڵە!

## دەترسێم



پیرانشار، گوندی گردکسپیان.
کەریم حیسامی" هاوار لاجانی "

دەترسێم من لە خۆیی و گورگە مێشان
بە ڕاپۆرتن لە دۆست و خزم و خێشان
وەکوو هۆرە کە چۆن دار هەڵدەقەڵشێ
وەکوو تەورێ کە دەبڕێ باخ و مێشان

لە دوژمن من سڵم نیە ڕووبەڕوومە
ئەوەی زامە لە خۆیی تووشی بوومە
بە نەفرەت بن ئەوانەی گەل فرۆشن
کە بوونیان بۆ گەلم ئازاروو  شوومە

گەلێکی زۆر و بۆرو نێو ڕزیوین
لە جیبهەی دوژمنانی خۆن خزیوین
بە دایمە پۆلێ خۆفرۆش هەن لە نێومان
لە دوژمن نا،بەدس خۆیی بەزیوین

هەزار ساڵ زیاترە وەک پاسەوانم
پەشێو فەرمووی لە دەرکی دوژمنانم
ئەمن میوان و خانەخوێ ئەوان
ئەوانەش  من لە خۆفرۆشان دەزانم

دەترسێم من  لە هاوخوێنم دەخوێنێ
وەکوو کەو هاوڕەگەز بۆ داوێ دێنێ
دەبێ سارێژ برینی دوژمنانم
لە خۆیی زام بخۆم،جێگای دەمێنێ

هەڵمداوە هەموو مێژووی گەلی خۆم
ڕژاوە خوێنی کوردستان وەکوو چۆم
فرۆشتیان خاکی پاکی نیشتیمانم
لە چەندوو چۆنی چ بڵێم، ڕوون نیە بۆم

دەڵێن هاوار هەرا کەم کەو ببە لاڵ
نەوەک ڕۆژێ بە زیندوویی بچیە چاڵ
بەڵێ دیوار پڕی مشکی بە گۆیە
بە دوژمن نابێ بیڵێم هیچ قسەی کاڵ

## گوڵی جۆزەردان



دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی

بۆ جێژوانی ڕاژوانی جۆزەردان
پێویستە سەر کەوی
هەتا ترۆپکی گیان
ببڕی ڕێگای ڕژد و لێژ و هەوراز
پێ سڵ نەکا لە هەڵەت و بەردان

❋❋

ئەودەم کە لە دەشت و بنار
گوڵجاڕی گوڵانی بەهار
کز و لاواز و بێ هێزە
لە لووتکەی چیا
بەفراوان لە جیلەڕێزە
ژوانی بەفر و خاکە
تینی تیشکی خۆرە
شنەی سروەی هەوای پاکە

❋❋

ئەگەرچی گوڵی جۆزەردان
لە دوور و بە درەنگی
ڕوخساری خۆی ئەدا نیشان
بەڵام کە هات
دێت و
ڕۆح ئەبەخشێ بە جەستەی بەهاران

❋❋

دەسکەوتی ئەوەیە
کە ئارەق ئەڕێژێ
لە یەکەم هەنگاوی
تەرمی خۆ پەرەستی
لە خاکی بەر پێی یاری ئەنێژێ

# تایبەت بە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان

## "هەڵووچەی خڕکەخڕکە"



بۆکان.محمد ڕەسووڵ نیا

شووتی خۆشە یان گرگە؟
نازانم
هەڵووچەی خڕکەخڕکە؟
نازانم
هەناری دانە دانە؟
نازانم
کامیان خۆشن ئەمانە؟
نازانم
هەنار هەمووی چینچینە
دەزانم
مزر و ترش و شیرینە
دەزانم
زگم خڕە وەک گرکە
دەزانم
خۆشە هەڵووچەی خڕکە
دەزانم



## هەنار



سەعدەدین خوسرەوی ــ بۆکان

جوانن وەک یاقووت
سوور و ئاڵ و گەش
بە پەردەی ناسک
کراون دابەش

هەموو یەکتریان
گرتۆتە باوەش
پۆل پۆل پێکەوە
دانیشتوون ڕووخۆش

ترش و شیرینەن
خۆش و ئاودارن
کوڵوانە سوورن
دەنکی هەنارن

کە دەیانبینم
ئاو دەکا زارم
بە دەست خۆم نیە
عاشقی هەنارم....

*چێژی لە شێعری فارسی(مستەفا ڕەحماندووست)





بانە. باوکی نیشتمان

## گیانلەبەرانی سرووشت

### تاوس

هەرچی خۆی دەلەنگێنێ
شاباڵیشی دەردێنێ

جارجارە کەوادەکات
چەترەکەی خۆی هەڵدەکات



هێندە سەرنجڕاکێشە
واقی ورە ئەندێشە

سەری لێ گێژە خەیاڵ
ناتوانێ بفڕێ بە باڵ

چەندە شازە و ناوازە
باڵندەیێ جیاوازە

مەلێکی بەهەشتییە
ژینگەکەی سروشتییە

لە بێشە و دارستانە
لە دەشتی هێندستانە

### کەڵەشێر

ئەی کەڵەشێری چاوسوور
بە قووقەقووق هەتا دوور

ئەڵێی هەستن بەیانە
کاتی ئیش و فەرمانە

وا ڕۆژ لە ئاسۆ هەڵات
ڕێز بگرن لە سات و کات

تەمبەڵی شاربەدەر کەن
چاری خەم و کەسەرکەن

ڕۆژ تاکوو شەو چالاک بن
بۆ بژیوی ژین هیلاک بن

ئەبێ بزان ئێوە
لە کار بە هەرچی شێوە

ئەوەی دەستی ماندوویێت
گیرفان پڕ، زگ تێر ئەبێت!



### دار کونکەرە

ئەرێ ئەی دارکونکەرە
بۆ وای لەم دوور و بەرە؟



بۆ کون ئەکەیتە داران؟
هەزاران و هەزاران

چاوەدێری مەترسیت؟!
چی وا ئەکەی ئەترسیت؟!

یان کاتێ کە زۆر برسیت
لە سەرداران دائەگرسیت؟!

لەمدار بۆ ئەودار ئەڕۆی
ئافاتی ناودار ئەخۆی؟!

لەوێن بژێوی ژینت؟
دە پێم بڵێ تۆ دینت!

### حاجی لەقلەق

تەقتەق، تەقتەقتەقتەق
ئەی حاج یلەقلەق
هەر دێیت و دەچیت
چاوەڕوانی چیت؟!
لە ناو چۆمانی
لە پاڵ گۆمانی
لەو ناو زەلکاوە
بەو چاوەچاوە
وای لە بۆسەدا
لەو پڕوسەدا
وێڵی نێچیری
هەتاکوو پیری
قرپۆک و ماران
ماسی ڕووباران
ژەمە خواردنت
بە هەڵمەتبردنت
دەیانگری زوو
هەر بە ئارەزوو
ڕاو کردن فێری
تەسەل و تێری
قاچت درێژن
دەندووکت ئێژن:
ئەم شوێنە خۆشە
دڵ بۆی پەرۆشە
ئەم نیشتمانە
بەهەشتمانە



### داڵ

داڵ ئیشی چاک ئەکا
ئەو سروشتە پاک ئەکا

ئەوەشی زۆر باشە
نامێنێ لەلاشە

چی نایهێڵێتەوە
گشتی ئەتوێنێتەوە



هەموو گیانلەبەران
دوور ئەبن لە زیان

هەرگیزیش نەخۆشی
نابتە هۆی پەرۆشی

یان بە پەتا نابێ
یان بە بەڵا نابێ

بۆناو ئەم سروشتە
بۆتە سەد فریشتە

قەت ناهێڵێ پیس بێ
یان سیس و نەگریس بێ

### مێرووله

بارەکەم قورسە ڕێگاکەم دووره
ئەگەر ناوێستم لە لات، بمبووره!

خەریکی ئیشم ڕۆژ هەتاکوو شەو
ژیانم بۆتە کارکردن و خەو

کاتێ دەمبینی خەریک هاتوچووم
مەدە ئازارم چونکە زۆر ماندووم

ئەچمەوە شارم بە دەستی پڕ خێر
مێرووڵەم، ئازا و بە کارکردن فێر!

هەرگیز کۆڵنادەم لە ئەرکی ئەستەم
کێشەکان چارەسەر ئەکەم کەم کەم

وتەی باپیرە بە گوێی بسپێرە
دەستیماندوو لەسەر زگی تێرە!



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانە. باوکی نیشتمان

## گیانلەبەرانی سرووشت

### کاژیلە

ژیکەڵەیە و خڕ و خۆڵ
وردیلەیە و نەرم و نۆڵ

ئێسکسووک و نیانە
بێ زەرەر و زیانە



کایە ئەکات بە پیشەی
خواردن کاری هەمیشەی

هەڵدێ، قەڵەمباز ئەڕوا
لە دەشت گژ و گیا ئەخوا

دێت و دەچێ لەو ناوە
کاژیلەی بەڵەکچاوە

لەو بژوێن و گوڵزارە
لەو دەشت و لانزارە

ئەباقێنێ جاروبار
کاژیلەی جوانی نازدار

دایکی ئاگای لێیەتی
دڵسۆزی چی جێیەتی

### پشیلە

جوان و نەرم و نیانی
کەی سپڵە و پێنەزانی؟!

ئەمیاوێنی جاروبار
لە حەوشە یان لە سەردار

دیارە کرای بە سەرپشک
بۆ ڕاوەدوونانی مشک!

لە کۆلان و لە ماڵان
هەڵدێی لە دەس منداڵان



ئەوانەی وا بزێون
هار و هاج و دزێون

شتت بۆ ئەهاوێژن
چەندە نەزان و گێژن

پشی چاوکاڵی ڕەنگزەرد!
لێت ئەدەن بەدار و بەرد

ئاخر خراپەت چییە؟!
مافی ژیانت نییە؟!

### مشک

کلک درێژ و فرزە
ماڵی لە ژێری عەرزە



دان و گەنم کۆ دەکات
دایم هاتوچۆ دەکات

هەمیشە بە دەماخە
لە دەشت و دۆڵ و شاخە

لە دێهات و لە شارە
ئێجگار بزێو و هارە

دێتە دەرشەوی‌تاریک
مشکە قووڵەی گوێباریک

ئەوەی پێی بکرێ ئەیکات
ئەوەی پێیبخورێ ئەیخوات!

گوێی لە خشە و خشپەیە
ئاگاداری گورپەیە

وریایە هەرچی کاتە
پشی بۆی کارەساتە!

### کەروێشک

کەروێشکی خرپنم من
ئەژیم لە کون، لە قوژبن

پێمخۆشە ئەو بژوێنە
ئەو چیمەنە بێوێنە



لە کاتی خواردنەوەی ئاو
وریام بەگوێچکە و بە چاو

دوژنم نەیە لە ناکاو
نەکەو مە ناو تەڵەو داو

بۆیە زۆر ئاگادارم
بەشەو و ڕۆژ هۆشیارم!

چپەی پێ و خشەی گەڵا
چاودێرمن بۆ بەلا!

### مەڕ

ئارام و نەرم و نیانن
رانەمەڕ و بەرانن

هاوین لە تیشکی هەتاو
هەڵدێنە لای کانی و ئاو



ئاگای لێ یانە شوانە
بە ڕۆژ و بە شەوانە

مۆڵ ئەخۆن لە ژێر سێبەر
جلی‌خوری وان لە بەر

ئەبارێنن جاروبار
ئەڕۆن بە وێنەی قەتار

شیریان خۆراکی خەڵکە
بۆ لەشساخی بەکەڵکە!

### هەنگ

ئەی هەنگەکە، ئەی هەنگەکە
مێرووە شۆخ و شەنگەکە



وەرزی بەهار و هاوینە
کاتی کار و تێکۆشینە

بە ویز و یز، لە ناو گوڵزاری
تامەزرۆی شکۆفەی داری


لەم گوڵ بەرە و ئەو گوڵ ئەفڕی
شیلەی شیرینی لێئەگری

بەرەو هێلانەتی ئەبەی
بەشانەهەنگوینی ئەکەی

بۆ لەشساخیمان زۆر چاکە
ڕەنگزەرد و بێگەرد و پاکە!

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## چیرۆکی منداڵان: سمۆرەی بێ دۆست



نووسەر: گەشین مەحموودزادە
وەرگێڕان: بەفرین مەحموودزادە



هەبوو نەبوو , بێجگە لە خوای گەورە و دلۆڤان کەس نەبوو . لە دارستانێکی چڕوپڕ لە داوێنی چیایەک . کەروێشک و سمۆرەی بچکۆلانە دراوسێ بوون. سمۆرە زۆر خەمبار و نیگەران بوو, نە هاوڕێی بوو نە لەگەڵ کەس دەبووە هاوڕێ. لە ئاژەڵەکانی تر دەترسا. ڕۆژێک کەروێشک بە ڕێکەوت سمۆرەی بینی و لەی نزیک بووە و پەی وت:

سڵاو سمۆرەی چاو جوان باشیت؟ خێزانەکەت باشە؟

سمۆرە وتی: باشم زۆر سپاس.

کەروێشک: پێت خۆشە پێکەوە یاری بکەین؟ ئەمڕۆ هاوڕێکانم یاری ناکەن.

سمۆرە بە دوو دڵی وتی: نازانم.

هەر چۆنێک بێت کەروێشک سمۆرەی قایل کرد کە لەگەڵ ئەودا یاری بکات.

ئەو دووانە هەتا ئێوارێ یاریان کردوو بوونە هاوڕێی یەکتر.

ڕۆژی دواتر کەروێشک بیری کردەوە کە سمۆرە بۆماڵەوە بانگێشت بکات . کەروێشک چووە ماڵی سمۆرە و بە ئەوانی وت: حەز ئەکەم سمۆرە ببێتە میوانی ئێمە.

سمۆرە بەو بانگێشتە لەلاین هاوڕێکەی زۆر دڵخۆش بوو و قەبووڵی کردوو وتی: زۆر باشە, بە دڵنیایەوە دێم.

کەروێشک لە ماڵەوە بۆ هاوڕێکەی لەگەڵ دایکی خواردنێکی خۆشیان ساز کردوو , هەموو یاریەکانی لە ژوورەکەی خۆی کۆکردەوە هەتا بۆ یاری کردن ئامادە بێت.

ئەو شەوە کەروێشک خواردنێکی خۆشی پێشکەشی سمۆرە کردوو لە هەمان کاتدا یاریەکی زۆر زۆریان کرد.

لەو ڕۆژەوە کەروێشک لەگەڵ هاوڕێ تازەکەی و سمۆرە لەگەڵ یەکەم هاوڕێی زۆر دڵخۆش بوون.

## بۆ مامۆستا



بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی



سەڵاو مامۆستا، ماچ دەکەم دەستت
وشە چە بنووسم شیاوی هەستت
گەشتر لەناوت وشە شک نابم
بۆ من دڵسۆزی، وەک دایە و بابم
پێشەنگی قافڵە، مامۆستای ژیرم
وانە و وتارت ناچێ لە بیرم
وەک قوتابی خۆت هەڵم بژێرە
ئەمانەتی ژین بە من بسپێرە
ئەمڕۆ شاگردم، سبەینێ مامۆستام
هاکا نۆرەم هات، لەجێگەت وەستام
تکام ئەوەیە؛ وەهام بار بێنی
ئەگەر پێک گەیشتین سەرت هەڵبێنی

## قەیسی

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی



وەی وەی وەی شیرینە
زەرد و سوور ڕەنگینە

بفلیقێ زۆر نەرمە
سووره لێوی دڵگەرمە

چەقالەی بشکێنە
کاکڵەکەی دەربێنە

بۆنخۆشە ڕووخۆشە
قەیسیم زۆرپێخۆشە.

**چێژی لە شێعرێکی فارسی وەرگیراوە.

## وازی، نیشتمان زاڕووه



ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"



وازی وازی وازی
زاڕووەیل بیان وه وازی

بیارن ئەسپاو وازی
خوازیم بکەیمن وازی

نەنیشیمن وه بیٚ‌دەنگ
گشت بیشیمن وه یەک‌دەنگ

نیٚشتمانم وازییه
زێدم ئەسپاو وازییه

ئاو و گلاڵ و دەریا
کەش و کێو، دەشت و سارا

دار و بەرد و هەر چیٚ هەس
هەر چشتیٚ ک کەفته دەس

نەفت و گاز و ژێر خاک
ئاسمان و هەوای پاک

تووپ و تانک و گولەو شەنگ
تیربار، تییارەو تفەنگ

ماڵ و مین و نیٚشتمان
نیٚشتمان گشتمان

هەر چیٚ وەیٚ ئیشن ولات
گشتیٚ بوەن وه خلات



گشتیٚ گشت ئەرا ئیوه
وازی بەسه ئەرا ئیمه

م ئیشم هیچ نیەخوازم
وەرد بیٚ‌چشتی سازم

هه وەرد رەفێقەیلەم
بهیلن وازی بکەم

وازی نیٚشتمانمه
وازی ژیانمانه

نەشیٚونن وازییەم
نەشیٚونن شادییەم

زاڕوو هه وازی خوازیٚ
جەنگ و جلاو نیەخوازیٚ

بیلا زاڕوویی بکەم
لەزەت له دنیام بوەم



## فەرهەنگۆک له کوردی فەیلی

- وازی، یاری: بازی
- ئەسپاو: اسباب
- جەنگ و جلاو: شەڕ
- زاڕویی، منداڵی: کودکانه، کودکانەگی
- بیلا: بگذار
- زاڕوو، منال: کودک
- نەشیٚون: بر هم نزنید
- یەسه: این است
- وەیٚ، وه پیٚ: به او
- ئیشن، ئەویشن: میگویند
- سارا: صحرا
- گلاڵ: رودخانه
- نەنیشیمن: ننشینیم
- بوەن وه خلات: به عنوان هدیه ببرید